رۆمان

# کچێک لە بەغداوە

رزگار کەریم

2007

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ناوی کتێب /کچێك لەبەغداوە (ڕۆمان)**

**نووسەر/ ڕزگار کەریم**

**مۆنتیڤی بەرگ:**

**ساڵی چاپ/2007**

ژمارەی سپاردن : ( 1092) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.

**تیراژ: (500)دانە.**

**مافی چاپ پارێزراوە بۆ نووسەر .**

**پۆستی ئەلکترۆنی نووسەر: rzgarra@yahoo.com**

---

تێبینی /

ئەم ڕۆمانەم لەژێر ناوی (فتاه من بغداد) بەزمانی عەرەبی نووسیو پێش ئەوەی عەرەبیەکەی بلاْوبکەمەوە وەرمگێڕا بۆ زمانی شیرینی کوردی تا گەلەکەم بەر لەهەر نەتەوەیەکی دی پێی ئاشنا بێت.

ڕزگار

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# پێشکەشە بە

*قوربانیانی کۆمەڵگە کۆکوژەکانی ئەنفال...*

**ئەوانەی لەهۆبە رەشەکانی مەرگ بەئەستەم قوتاربوون**

**کۆمەڵگەی ئینسانیو بونیادپارێزانی مرۆڤ**

**ئەوەی بەدووی راستییدا دەگەڕێت**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 1

ساتێکی گرنگو کاریگەربوو لەسەر ژیانی خۆیو خانەوادەکەی، چونکە بەدرێـژایی تەمــەنی شــاری بەغــدای بەجێنەهێـشتبوو" لــەژێر کاریگــەری هەڵوێـستەکەدا وەك منــاڵێکی پــاكو دەروون شووشــەیی وابــوو...بــەدیار دایکیەوە رامابوو، هەستو نەستی جۆشــی خواردبــوو...فرمێسکەکانیـشی خەریکبوو بەگۆنایدا دەهاتە خوارەوە گەر خۆڕاگری نەبووایە...

ساتێکی یــەکجار خــەمۆکاویو پــڕ لەناسـۆرییبوو...نــەك بەتــەنیا لەســەر هەستی خۆی بەڵکو لەسەر هەستی خانەوادەکەشی، دایکی کاتیَ لەئامێزی گرت سەرجەم ئەندامەکانی لاشەی کەوتنە لەرزەو بێئاگــابوو لــەوەی ئــاخۆ ئەم ماڵئاواییو دوورکەوتنەوەیە کاتییە یــاخود بۆیەکجارییــەو جــارێکی دی یەك نابیننەوە...!!

ساتەکان زۆر بەخێرایی تێدەپەڕیو هیچکامیان هەستو نەستیان بەسەر خۆوە نەمابوو کاتیَ بەئاگاهاتن شۆفێرەکە بەدەنگێکی زبرو رەق وتی:

- دواکەوتین خێراکە درەنگە...

روو بەئوتومبیلەکە بزواو خەمو پەژارە لەهــەموو لایەکــەوە ســەری لێـداو دڵتەنگی سڕو خامۆشیکرد... بێئاگابوو ئاخۆ روو بەکام جیهــان دەچـێتو لەکویَ دەگیرسێتەوە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تا دوێنێ کچێکی پاکیزەو بێگەردبوو ، لەنێوەندێکی پارێزکاردا نەش‌و نمایکردو بەهۆی شەهیدبوونی باوکیەوە لەجەنگدا هەست‌و نەستیان روو بەحزب‌و سەرکردەکەی باریکردو، خۆیان لەنێو لقە تاریکەکانیدا دییەوە...!هەر لەودەمەوە توانی خوێندنی تەواو بکات‌و لەلانەی مامۆستایان دەربچێت‌و هەریەك لەکاری پیشەیی‌و حزبی بەیەکەوە گرێ بدات...بەلاّم چارەنووس‌و بەخت لەبەرژەوەندی ئەو نەچوون بەرێوەو ، یاری خۆشەویست ناپاك دەرچوو لەگەڵی‌و پاش سالاّنێکی خۆشەویست ئامێزو بەیەکەوەبوون هیچ رایەڵەیەکی وەها نەما لەنێویاندا بەدەر لەخەم‌و پەژارەیەك " کەوا بەندی دڵی هەڵتەکاندو ئۆقرەی لەبەر بڕی‌و زامەکانی ئەستەم بوو ساڕێژ ببێت گەر بەدوورکەوتنەوە لەماڵ‌و شارە جوانەکەی نەبێت کەتێیدا پێگەیشت‌و رۆژانی منالّی‌و خوێندنی تیا بەسەر برد...

ساتێکی ئێجگار بەسوێ‌و ژانبوو لەسەر هەست‌و نەستی ناسك‌و شووشە ئاسای " بەتایبەت دیمەنی مالّئاوایی لەماڵ‌و یادگارییە جوانەکانی لەدەوروبەری ماڵ‌و نێو شارەکەیدا...لەژێر کاریگەری بارەکەدا بەڕادەیەك تاسابوو تەنانەت رێگەوبان‌و دووکانەکانیش پێگەی تایبەتیان لەناخ‌و دەروونیان کردبووەوە ، لەبونیادو خۆڕاگریشدا کچێکی بەهێزو توانای نمایش دەکردو وادیاربوو ئەوساتانە لەدەرگای هەست‌و نەستی نادەن " بەلاّم لەناخەوە سووتابوو... دڵ‌و دەروونی خوێنی لەبەر دەڕۆیی‌و هەستی بەشەماڵی بەیان‌و نەسیمی نیوەشەودەکردو ، بەقژە درێژەکەی‌و رووخسارە خەماوییەکەیەوە وەك بوێژانی رابوردوو وابوو کاتێ گوزارشتیان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەساتی ماڵئاوایی‌و خواحافیزی دەکرد...لەوساتە کاریگەرەدا بیری یەکێك لەشاعیرانی کەوتەوە کەلەدێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

خێراکە زوو ماڵئاوایی

لەگوربەکەی نێو ئاوایی

بکە بەکوڵ تا رووی کانی

دواین ساتە چۆن دەتوانی !؟

وێـــڕای خـــۆڕاگری‌و دان بـــەخۆداگرتنی نـــەیتوانی هەســـت‌و نەســـتی بشارێتەوە" بۆیە هێدی هێدی ئەشـکە گـەرم‌و بەتینـەکانی بـەگۆنای ئـاڵ‌و ســـپیدا شـــۆڕبوونەوەو چـــاوی بەســـەرجەم ئـــەو دیمەنانـــەدا گێـــڕاو لەساتەوەختێکی کورتدا رابردوو بەریتمێکی جیاوازدا رێچکەی بەسـت‌و روو بەدنیاو جیهانێکی نادیار سەریگرت...

ئـــەو هـــەنگاوەی هـــەڵیگرتبوو ســـەرەتا ســـەخت‌و گرانبـــوو لەســـەری‌و لەناخیشەوە گلـەیی‌و سەرزەنـشتی دەروونـی خۆیـدەکرد ، چـۆن روو بـەو ئەزموون‌و چارەنووسە نادیـارە دەچـێت !؟ بـەلاَم لەمیانـەی ئـەم کـەین‌و بەینەدا یادی رابردووی وەبیرهاتەوە سـاتە ناخۆشـەکانی خۆیـان هاویـشتە سەر شریتی یادەوەریەکانی‌و ، شەرمەزاری‌و ئابڕوچوون زاڵبـوو بەسـەریاو بیریکەوتەوە چۆن کچێنی لەدەستدا..بۆیە خەشم‌و قینـی هەڵسا لەشـارو ژیان‌و تەنانەت ئەو دەروون‌و رووحەی نێو لاشـەی خۆشـی ، زۆر بەتونـدی رقی لێبوەوەو یارە دەستبڕەکەی بیرکەوتەوە کەبۆ سـالأنێکی دوورو درێـژ خۆشەویـــستی لەگـــەڵ گۆڕیوەتـــەوەو لەچـــڵەپۆی توانـــەوەو خـــۆدان بەدەستەوەدا ئارەزووی سێکسیشی تێرکردووەو رێگر نەبووە لەچوونە لای بۆ چەندین جار...!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بـــەلاّم ئـــەو یـــارە دەســـتبڕە دوای تێربـــوونو بێزاربـــوون لێـــی دەستبەرداریبوەو، بەتـەنیا جێـی هێـشتووە رووبـەڕووی خـەمو پـەژارەو دەردەسەریەکان ببێتەوە، هێشتا ئـەو چـەند وشـە نابوتـە لەبیریـدا دێـتو دەچێت کاتیّ یاری درۆزن پێی گوت لەدوایین چاوپێکەوتندا:

ـ من ناتوانم تـۆ بکـەم بەهاوسـەرو هـاودەمی ژیـنم...بـەلاّم دەگونجێـت پەیوەندی منو تۆ بەم شێوەیە بەردەوام بێت...!!

کاتێکیش لێی تورەبوو لەسەر ئـەم وتەیـە یـاری درۆزن هەڵـشاخا پێـداو وتی:

ـ تۆ سوزانیت...سوزانیت... نکوولی ناکەیت لە...!!

لەوساتەوە ئـەو کیـژە شـادی لەدەسـتداو وەك رابـردوو نـەماو هـەردوای چەن رۆژێکی کەم لەچـاوپێکەوتنی دوایـی نێوانیـان بڕیاریـدا لـەماڵو شـار دووربکەوێتەوە " سابەڵکو بەگوزەرانـدنی رۆژگـار یـاری دەسـتبڕو رابـردوو لەیاد بکات...هەتا ئەو ساتەش بێئاگابوو لەوەی چۆن بڕیاری کۆچـکردنی داوەو روو بەدنیاو شارێکی دوورو نادیار کۆچ دەکـات ...!؟؟ئـەو شـارەی دوورە لەهەستو نەستیەوە، تەنانەت پێشتر دانیشتوانی بەدڕندە دادەنـاو خەشـمو قینـی لـەزمانو جـلو بـەرگو سـیمایان دەبـوەوە...دوای ئـەو شکستە جەرگبڕەش روو بەو جیهانە دەچێتو خوازیارە خـەم پـەژارەکانی لای ئەوان بڕەوێتەوە...!بەلاّم ئاخۆ چـۆن بـژی لەنێویانـدا لەکاتێکـدا نـە زمانەکەیان دەزانێـتو نـە راهـاتووە لەسـەر چـۆنیەتی شـێوازی ژیانیـان " یـاخود لەبەغـدا دوورنەکەوتوەتـەوە مەگـەر رۆژانـی بەسـەربردنی پـشوو لەحەبانیەو هەوارگە نزیکەکانی نەبێت...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەولێدا زاڵببێت بەسەر پەرتو شپرزەیی بیرو هۆشیداو، رۆنەچوون لەبیرکردنەوە لەرووداوی نادیارو پەنهان...

لەناکاو دەستبەرداری بیرکردنەوەبوو لەوشارەی بۆیدەچوو... لەپەنجەرەی ئوتومبیلەکەوە تەماشای ئەو رێچکە سەربازییەی کرد کەبەئاراستەی واژوودا دەڕۆیی‌و بەخێرایی بیری جەنگو بارودۆخی ئالۆزی کەوتەوەو، لەنێو ئەو مەرگەساتانەشدا باوکی شەهیدی بەدەرکەوتو ناسۆرییەکانی هەتیوی‌و بێبەشبوون لەسۆزی باوکایەتی بەدرێژایی سالآنی پێشوو خۆیان هاویشە نێو بیریەوە...

خەشمو قینی جەم بوو لەسەرجەم دیاردەکانی جەنگ... لەتانكو دەبابەو چەكو تەنانەت جلو بەرگی سەربازیش...چۆن خەشمو قین نایگرێت لەکاتێکدا یەکێکە لەقوربانیانی جەنگو بەمەرگی باوکی بێبەشبووە لەسۆزو بەزەیی‌و ئامێزی بەسۆزی باوك ... لەورۆژە رەشەوە خانەوادەکەی ساتێکی بێگرفتو مەینەتی بەسەرا تێنەپەڕیبوو...!دیمەنی دایكو نەنەی پیری کەبەدەم غەمو پەژارەوە گیانی سپارد هەردەم بیری دەهەژێنی‌و هەست بەمەینەتیەکانی جەنگ دەکات ، تەنانەت رقو قینیشی هەڵدەستێت لەو هێمایانەی بەگوستاخو قارەمان ناسێنراون...!!

خەشمو قینی لەهەموو شتێك دەبووەوە، لەسەرکردەی پێویستی ناوازەو بنیادنەری ئومێدو هێواکانی نەتەوە لەگەڵ ئەو حزبەی رۆچوو لەریزەکانیدا لەیەکەم رۆژی خوێندنی لەلانەی مامۆستایان، کاتێکیش بڕیاریدا شاری

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەغدا بەجێ بهێڵێت بەفەرمانی حزب کارورداواکەی مەیسەربوو بـەبێ گـرێو گۆ...

خەشمو قینـی دەبویـەوە لەوحاڵـەی وڵاتـی تێکـەوتوەو ئـەو نائارامیـەی سەراپای گرتوەتەوە...سەرجەم ئەو حاڵە ئاڵۆزو نالەبارەشی دەدایە پـاڵ دەوڵەتی نەیارو دوژمنی عێراق لەگەڵ یاخی بووان " هەروەك چۆن سەرۆكو لایەنگرانی ئاماژەیان پێکردوەو بەشەڕەنگێزیان خەملاّندوون دژ بـەعێراقو سەرۆکە مەزنو بەئەمەکەکەی...!!!

بەتونـدی فـشاری خـستەسەر بـیرو ئەندێـشەی خـۆی هـەتا قایـل ببێـت بەگوتەکانی حزبو هاوبیرەکانی، بەلاّم هەستکردن بەشکست رووی تێکردو تەمو مژ رووداوەکانی داپۆشیبوو ، لەناخیـشەوە ئـاگری شکـستو هەسـت بەدۆڕانـدن لەئـەزمونی دڵداریـدا زاڵبـوو بەسـەریاو خاڵـە هەنووکەییـەکانی بیرکردنەوەی تووشی رامانو وەستانکردبوو...

سـەرلەنوێ بـیری لەشـاری کـوردانی سـەیرو سـەمەرە کـردەوەو ئـەو ناوچـەیەی بەبـەفرو دیمـەنی سروشـتی دڵفـڕێن بەناوبانگـە...ئـاخۆ لـەوێ هەسـت بەئاسـوودەیی بکـات؟ یـاخود بەدبـەختیو دەردەسـەرییەکانی تـا دوایـین سـاتی تەمـەنی هـەر بـەردەوام دەبێـت...یـان لەدەسـتدانی ئاسـوودەییو بـەنرخترین بـەها لەبەغـدا دەتوانێـت لەسـلێمانی بەدەسـتی بهێنێتـەوە" ئـەو شـارەی لەبەرچـاوی حزبـدا کونـە ئـاژاوەو مۆڵگـەی ئاشوبگێڕانو پێکدادانە؟!ئەی بۆچی سلێمانی بـەدەر لەشـارانی دی کـورد هەڵبـژاد ؟!تـۆ بڵێـی دووری لەبەغـداوە تاکـە هۆکاربێـت یـان هـەر حـەزو خولیـای بەربـەرەکانیو بەگژاچـوونی واقـع لـەژێر بـاری هەسـتکردن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەشکستەوە هەڵوێستێکی ئالەو چەشنەیان پێنواندبێ یان ناسنامەی عەرەبی لەمیانەی ڕووداوەکاندا لەدەست دابێت...!!

هەستیکرد بەگێژخواردنو دڵ بەیەکداهاتن... ترسا دووگیان بێت لەودڵداره ناپاکەی دەستی بڕی " دیسان هەستکردن بەشەرمەزاری سەریان لێداو قاچەکانی درێژکردو بەتوندی فشاری خستەسەر سکی تا ئێشو ژان گەیی بەناخیو لەناکاو سەرنجی شۆفێرەکەی کەمەندکێشکرد ، بەڵام هەرزوو فریای خۆیکەوتو وتی:

ــ هەست بەماندوبوون دەکەم...شەو نەنوستوومو خەریکی خۆئامادەکردنبووم بۆ ئەم سەفەرە...

شۆفێرەکە هەوڵیدا بەشداری بکات لەدواندنەکەیداو وتی:

ـ وایە...دەڵێن سەفەر پارچەیەك مەینەتو ناسۆرییە...!

لەمیانەی ئەم وتوێژەدابوون ئوتومبیلێك لەرەوتی خۆی دەرچوو... دەستبەجێ هەردووکیان بێدەنگ بوون لەترسی ڕوودانی کارەساتێك ، پاش ڕەواندنەوەی مەترسی کارەسات هەناسەی قوتاربوونیان هەڵمژیو شۆفێرەکە هاتەوە گۆو وتی:

ـ ڕێگەوبان لەم کاتەدا بەمەترسی گەمارۆدراوە، هێزە سەربازییەکان ڕوو بەبەرەکانی جەنگ دەچن ، دوژمنانی عێراق زۆربووە هەروەك سەرۆك ــ خوا بیپارێزێ ـ دەڵێت: "دەبێ ڕووبەڕوویان ببینەوەو سەریان لەلاشەیان بکەینەوە..."!!.

هیچ وەڵامێکی شۆفێرەکەی نەدایەوە، بەڵکو ڕوو بەپرسیار لەبارەی باسێکی دی چوو پرسی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ کەی دەگەینە کەرکوك ؟

+دوای سێ کاتژمێری دیکە..

ویستی سەبارەت بەبارودۆخی ناوچە کوردییەکان پرسیار لەشۆفێرەکە بکات بەلاَم پاشگەزبوەوەو لەدلاَ ساردبوو لەوتوێژەکەیدا بەتایبەت پاش ئەوەی لەتێڕوانینەکانیدا چاوبزیو هەولّدان بۆ نزیکبوونەوە دیاریدا...

شەپۆلی ترس لەدلّیا دامرکایەوە بەوەی شۆفێر بەکرێگیراوەو دەیەوێت بەزووترین کات بگەڕێتەوە بۆ بەغدا پاش گەیاندنی بۆ سلێمانی...دەستبەرداری بیرکردنەوەبوو ..خەو لەدرگای چاوەکانیداو چاکەتەکەی بەسەرسنگیدا درێژکردو لەیەکێك لەسووچەکانی دوای ئوتومبیلەکەدا خۆی شلکردو لەخەوێکی قولّدا رۆچوو...

بەئاگا نەهات هەتا ئوتومبیلەکە گەیشتە شاری کەرکوك‌و لەدەنگی شۆفێر بێداربوەوە کاتێ لەیەکێك لەرێگە حەشاماتە جەماوییەکاندا وەستاو بێزاری لەوبارە دەربڕی...هەستی بەئاسوودەیی دەروون دەکردو خۆی ئامادە دەکرد لە بۆ واقعو ژینێکی نوێ " بەلّکو ئارەقەی شەرمەزاریو ئابڕوچوون لەسەر خۆیو خانەوادە پارێزکارەکەی بسڕدرێتەوە...

بەسەرسامیەوە چاوی بڕیبووە شاری کەرکوك‌و کوردەکانی لەمیەڕاوپەڕی رێگەو بانەکەدا دەبینی ئاپۆڕەپان بەستوە، هیچ دیاردەیەکی ئاوەدانیو شارستانیشی بەدی نەکرد لەوشارە دەولّەمەندەی بەنەوت ناوبانگی دەرکردبوو...!!

بۆیەکەمجار گوتاری حزبییەکان لەشوێنو جێگەی خۆیدانەبوو" چۆن شارێکی ئاوا دەولّەمەند ئا بەوشێوەیە دەبێت؟ ئاخۆ سامانی ئەم شارە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەکوێـدا بەگــەڕو خــەرج بکرێــت؟ یــان کــێ ســوود لــەو گــەنجو ســامانە وەردەگرێت؟!" فەرمانڕەوایان یا سەراپای عێراق... یان دەبێت بەسووتی جەنگو لەگەڵ خۆیدا وێرانکاریو روح هەڵوەرین بەرپا دەکات...؟!

گەلە پرسـیارێکی جـەمو کۆبەنـد بـەبێ وەڵام لـەبیرو هۆشـیدا دەهـاتنو دەچــوون ، ترســا لــەوەی شــۆفێرە بەکرێگیراوەکــەی حــزب راپــۆرتێکی لــەبارەوە بنووســێت، هیــچی نــەوتو بێــدەنگ مایــەوەو بەچــاوێکی تیــژو وردەوە تەماشای کوردەکانی دەکرد لەشەقامو رێگەوبانەکاندا چۆن لـەژێر بــاری بــژێوی رۆژانــەدا پــساونو شارەکەشــیان بــەدوورە لــەدیاردەکانی ئاوەدانیو شارستانی...سەرجەم ئەو بارە ناهەموارەشی دایە پاڵ حـزبو دەردەسەرییە بەردەوامەکانیو ، خەشمو قینـی خـۆی قوتدایـەوەو لـەناخا رژانــدی بەســـەر شـــەڕەنگێزانو ئەوانـــەی بەشـــدارن لەگـــەرمکردنو بەڕێوەبرنیدا...

بــەهۆی ئــەو وەنــەوزەوە ئاســوودەیی دەروونــی گرتبــوەوەو شــادو دڵخۆشـبوو بـەو هـەنگاوە گرنگـەی ژیـانی، سـاتەکانی ئـازادی لـەدرگای دڵیانددەداو لەژێر کاریگەریدا دنیای بـەمولکی خـۆی دەزانـی... وا شـاری بەغـدای بەجێهێـشت روو بەشـارێکی چـەپەكو دوور ، بێئـەوەی زمـانی دانیشتوانەکەی بزانێتو راهاتبێت لەسەر تەرزو شێوازی ژیان لەنێویاندا... وا لەدڵدارە ناپاکەکەی دوورکەوتەوەو شارەکەی بۆ چۆڵکرد هـەتا بـەدووی کچاندا رابکاتو لەپێناوی رازیکردنی حەزە شـەیتانیەکانیدا وەك کـەنیزەك بەگەڕیان بخات...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەم بارەدا حەزکردن بەتۆڵە سەندن سەری لێدا بەلأم رازینەبوو پێی بەهۆی ئەوەی کەوا دیدو بۆچوونی بۆ خۆشەویستی جیاوازبوو لەدیدوبۆچوونی دڵدارە ناپاکەکەیو راستگۆیی بنەمای سەرەکی جەرگو هەناوییبوو، ناپاکی دڵدارەکەشی ئۆبالّی رۆژگارو چەکوشی داپلۆسێنەری کردبووەوە.

دیسان خۆشحاڵبوو بەهەڵهاتنی لەخەمو پەژارەی دەروون، ویستی بەشێوازی کچێکی خاوەن کەسێتیەکی بەهێز بەدەربکەوێت ، لەئاوێنەی ئۆتومبیلەکەوە نیگای خستەسەر خۆیو رووخساری جوانێکی شۆخو شەنگو سەرنج راکێشبوو..دڵخۆشبوو بەجوانیو کەشخەییەکەی، بەلأم جارێکی دی " پیاوی بەقێزەون هاتە پێش چاوو بەمار دەچوان لەدیدیدا ، ئەمیش دەیویست ملکەچو رسوایان بکات بەو جوانیە سەرنج راکێشەرەی پێیدرابوو...

کچێکەو پێی سەراسیمە دەبێت " بۆچی هەوڵی ملکەچکردنی پیاوان نەدات..؟!! ئەوەتا شۆفێرە هاوسەردارەکە هەوڵدەدات بەچاوەبزەکانی سەرنجو دییەی بەکێش بکاتو تەقە لەدرگای هەستی دەداتو جارجار بەتیلە بزەکان ختوکەی دەدات...!!؟نەخێر مەحاڵە ئەو داوە جارێکیتر لەقاچو گەردنی بئاڵێو ناگەزدرێ بۆجاری دووەم...!دەبێت لووتبەرزی پیاوان بشکێنێو خەشمو قینی کچێکی پاکیزەو بێگەردی خەڵەتێنراو برژێنێ بەسەریاندا..ئاخۆ هەر پیاو سەرچاوەی ئارەزوو برسێتی نییەو وەك شەیتان نین...؟! ژنی نەرمو نۆڵو ناسکیش لای ئەوان هاوچەشنی حوشترێکی ملکەچو گوێڕایەڵەو هەرکات ویستیان سواردەبنو کاتێکیش

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لێی بێزاربوون بەرەلاّی دەكەن...!!؟ دەبێت بیانـچەوسێنمەوە " چـونكە بناغەو سەرەتای هەموو شەڕو خراپەیـەكن...هەسـتیان بـەم دروسـتكراوە نــەرمو نــۆڵو ناســكە نــەكردو ســەرجەم هەوڵــەكانی خۆیــان لــەپێناوی رازیكردنـــی ئـــارەزوودا بەگەڕخـــست...ئـــارەزووی نـــەفرەت لێكـــراوو ســووك...ئارەزوویــەكی كــاتیو خــاڵی بوونــەوە لەچــەن ســاتێكی كــەمو كورتدا... چەن خەشمو قینم لێیە... من بارمتەو موڵكی كەس نیم...مـن ئازادم...هەرگیز بەزەیم بەپیاواندا نایەتەوە...ئەو ناپاكەی دڵدارم لەوانە، هەموویان لەیەك رەچەڵەكەوە سەرچاوەیانگرتووە، تا ئێستا نـازانم چۆن خۆم پێسپارد...؟! ئەویش ناپاكو ئارەزووباز دەرچـوو...دووی ئـارەزوو كەوتبوو... ئای چەن گێلو كەودەنم " باشە بۆچی هەر لەیەكـەم سـاتەوە هەسـتم بــەنیازی گلاّووگەنــدەڵی نــەكرد...خــۆ هــەر یەكــەمجار هــەوڵی لەخشتەبردنی دامو قۆڵی گرتمو توند لەنێو هـەردوو بـاڵی نەفرەتلێكراویـدا گوشیمی...!هەرگیز ناتوانم بیر لەوە بكەمەوە ئەو ناپاكە هەروا بەئاسانی لەخـــشتەی بـــردمو گـــوڵی ســـەر مـــۆرو نـــەژاكاوی تەمـــەنی هەڵقرچانم...!!؟لەئابڕوچوونو شـەرمەندەیی زیـاتر هەسـت بەهیـچی تـر ناكەم...! كەی ئەوساتە لەبیردەكەم كەوا هەستم بریندار دەكاتو لەریزی مـرۆڤ بـەدەرم دەكـاتو وەك سـوزانییەكی سـووك بەدەردەكـەوم...!ئـای تووشی چی هاتم ، لەراستیدا هەڵەی خۆم بـوو...مـن سـوزانی بـووم بۆیـە تێكەوتم...!! ئەی بۆچی بێدار نەبووم لـەو ناپاكـە فێڵبـازە ...ئـای لـەو ناپاكە چ كارەساتێكی بەرپاكردو ئەوساتە ناسـكو جوانانـەی بـەئارەزووی خاڵیبوونەوە تیابرد... ئەی هاوار بۆ حاڵم...بـەچ روویەكـەوە روو لـەژیان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بکەم جارێکی دی...رقم لەپیاوانەو هیچ گوێیان پێنادەم...ئەوان گـورگی لمـۆز خوێنـاوی مەترسـیدارنو لەرەگـەزێکی بۆگـەنو پیـسن ، هـەروەك کەلاکێکی فڕێدراوی خـۆڵو زبڵـدان...ئـای لـەئێوە گەلـەپیاوی جـەمبووی کۆمەڵ...!! من ئازادمو گوێتان پێنادەم ئازادم...ئازاد... بۆیـە بـەدی هاتووم ئێوە بچەوسێنمەوە...!!".

سـەری گێـژبوو بـەم بیرۆکانـەو ئوتومبیلەکـەش هێـدی هێـدی شـاری کەرکوکی بەجێدەهێشتو بەم هەنگاوەش ژینی رابردووی دەکەوتـە دواوە، کۆچو سەفەرەکەشی بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـازادیو هـەڵهاتنبوو لەشکستو دۆڕاندنو هەستکردن بەبرینداریو هەوڵدان بۆ رووپۆشکردنی ئابڕوچـوونێك کـەوا رۆژێـك لـەرۆژان دیـاری دەداتو ئـەو کیـژە داوێـن پاکـەی بـەرگی پاکیزەیی پۆشیبوو وەك شـەیتانێکی فێڵبـاز دەردەکـەوێت...یـاخود وەك قوربانی پیاوێکی ئارەزووبازو فێڵە بەردەوامو کولنەبوەکانی...

شاری بەغدا وێڕای فراوانیو گەورەیی بـۆ ئـەو تـەنگو بێبواربـوو ، روو بەشارێکی کوردی چوو بـەڵکو شـادی تیـا بدۆزێتـەوەو بـەختیاری رابـردوو چوستو چالاکی بۆ بگەڕێتەوە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 2

لـ واى سەفەرێكى قـورس وگران ئوتومبيلەكـە گەييـە سـليمانى...ئـەو شـارەى كەلەگـەڵ يەكـەم سـاتى ديـد پياهەڵهێنانـدا جێگـەى سـەرنج و رامانىبوو" لەنێوجەرگەى شارى جوان و رازاوەدا ئەو گوتانەى بەبيردا هات دەربـارەى كـوردو يـاخى بـوون و خۆشـاردنەوەو قەڵغانبـەرداريان لەچـيادا وترابوو... بۆيە چـياى بـە قـەڵغان وو سـوپـەرێكى مـەزن و پـارێزەر دى دژ بەهەر هێرش و پەلامارێك بكرێتە سەريان.

سـلێمانى لەئەندێـشەو بيريـدا سـەرنج راكـێش و واقعێكـى سەراسـيمەو هەڵتۆقيوبوو...جل و بەرگى كوردىو ئەپارتماو بيناكانى دەوروبەرى شـارو پاك و خاوێنى و جێگەى تێرامان و هەزاران پرسـيارى رێزمـە بەسـتووى يـەك لەدواى يەكبوو...

"نهێنى شۆخ و جوانىئەم شارە دوورە لەپايتەختەوە چييە ؟! لەوانەيـە وابەستەى ئارەزووى دانيشتوانەكەى بێت؟ باشە بۆچى بەمەڵبەندى شـەڕو پێكدادان و ئاشوبگێڕان ناو زەد دەكرێت؟ كوا ياخى بوان؟ ئەوەتا خـەڵكى بەچەشـنێكى ئاسـايى پيـادەى ژيـانى خۆيـان دەكـەن و هـيچ دياردەيـەكى سەرنج راكێشى دى نايەتە رێى ئاوارەو غەريبەى تازە هاتوو".

لەناكاو گرِوبڵێـسەى غـەريبى كسپەى لەهـەناوى هەسـتان و دڵـى سـووتا بەخۆىو هەست و نەستى هاتە جـۆش بـۆ شـارەكەى ، رانـەهاتبوو لەسـەر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

غەریبیو مەینەتو دەردەسەریەکانی ، لەژێر تاسەی ئەو بارەدا رابوراو بەپەرت پەرتاوی کەوتنە سەر شریتی بیریو فرمێسك لەچاوانی بەخوڕ دەرپەڕینو کسپەی باوك مردنو لانەی منالّیو دایەی بەسۆزی لەگەلّ هەر پەیوەندارێکی دی خانەوادەکەی کاریگەریان هەبوو لەسەریو دەیان پرسیار لەوساتەدا تەقەیان لەهەنسکە ناسکەکەی هەلّسانو چۆن بەجێی هێشتن؟ ئاخۆ جارێکیتر دەیان بینێتەوە؟ بۆچی ئەو مەینەتە نەبڕاوەیە هەلّبگریّ “ ئای لەژیان چەن بیّمانایە هیچ کەس هەست بەشادیو هێمنیو ئارامی ناکات بەدرێژایی تەمەنی...دەبێت دیاردەکانی بەدبەختیو ناسۆری لەدوای شادییەوە بێت...؟!دەگونجێت ئەو هەموو دەردەسەریو مەینەتە لێکدانەوەیەکی تایبەتو گونجاوی لەخۆگرتبێت...

هەرچەند کۆشاو هەولّیدا نەیتوانی ماناو واتایەکی تایبەت بۆ ئەو رووداوە ناسۆربارانەی هەلّچەقیبوون لەدەروونی بدۆزێتەوە...زۆر کۆشا ئەو بازنە بەتالّو بۆشەی بیرکردنەوەو پرسیارەکانی ببەزێنیّ کەبیّ وەلاّمو واتایەکی چوونیەك دامابوو بەدەستیەوە...

شۆفێرەکە لەبەردەم بینایەکدا وەستا دەیڕوانی بەسەر شەقامێکدا راستە ریّی ئوتومبێلبوو، لەرووی سەرووی بیناکە نوسرابوو (منظمة حطين)...

شۆفێرەکە بەخێرایی لەئوتومبیلەکە دابەزیو خۆیکرد بەبیناکەداو پاش چەن ساتێکی کەم لەبیناکە بەدەرکەوتو پیاوێکی جلو بەرگ ئاسایی لەگەلّدابوو، خۆشحالّی دەربڕی بەئامادەبوونی کچەکەو بەناڕەوانی قسەکانیدا دیاربوو کوردە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تێڕوانینـەكانی بـەكرێگیراوە كوردەكـە مایـەی پەسـەندیو بەدڵاچـوون نەبوو، نیگەرانیش بوو بەوەی ژوورێكیـان بـۆ بـەكریێ گرتبـوو لـەماڵی ئـەو بەكرێگیراوەدا بەڵام بێدەستەڵاتبوو لـەبوونی راو هەڵبـژاردنی چارەنووسـی جێنشین بوون، دەبـوو گوێڕایـەڵی بەرپرسـی مونەزەمەكـە بێـت لـەپێناوی پاراستنی روح‌و ژیانی لەشارێكی مەترسـیداری وەك سـلێمانیدا..ترسـان‌و تۆقانـدنی ئەنـدامانی حـزب كـارێكی پێویـست بـوو چـونكە كوشـتاری یاخی‌بووان لەچڵەپۆدابوو، بەتایبەت شەوانی سـلێمانی تۆقێنـەرو هـەڵگری نالەباری‌و كارەساتی دڵتەزێن بوو بـۆ حزبیـەكان ، وێـڕای ئـەوەی زاڵبـوون بەسەر گشت وێستگەكانی دەورو بەری شاردا، بەمەش ترسێكی بێ‌پایانیان خولقاندبوو لەنێو هاووڵاتیانی بێدەستەڵات‌و تواناادا...

دوای ماچ گۆڕینەوەی نێوان ژنەكـەی سـەلاح‌و كـچەكەو پێخۆشـحاڵبوون بەیـەكتر ناسـین بەتـەنیا مایـەوە لەژوورەكـەداو بینـی بەشـێوازێكی نایـاب رێكخـراوە، بـەر لـەئامادەبوونی بەرپرسـی مونەزەمـە هـەموو شـتێكی بـۆ رێكخستوو ، ئەو جۆرە خزمەتگوزاریانـەش لـەنێوان حزبەیەكانـدا كـارێكی ئاسـایی‌بوو...بۆیـە كـاتیێ چـاوی بەژوورەكـەی كـەوت‌و تێـدا سـەلاجەو تەلەفزیۆن‌و دۆلاب‌و كـەنتۆری جل‌وبـەرگ‌و كورسـی‌و مێـزو چـەندین شـتی دیكەشـی تێـدابوو وەك مـاڵی خۆیـان هاتـە بەرچـاوی‌و ، لەبەرانبەریـشدا ئاوێنەیەكی درێژ هەڵواسرابوو سـەرنجی راكێـشاو خـۆی تێـدابینی‌و نیگـای چەقاندە سەر خـۆی‌و بەخـەم‌و پـەژارەوە تاسـە بردیـەوە...ژینـی نـوێی هەڵگری ئاڵۆزی‌و دڵەڕاوكەبوو بۆی ، بیری لەگەڕانەوە بۆ بەغـدا كـردەوە ، بەڵام هەرزوو ئەو بروسكەیەی لەبیریدا سڕیەوەو هەستی بەشەرمەندەییكرد

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەپاشـــگەزبوونەوە لـــەو بڕیـــارەیو کەوتنـــە ژێـــر کاریگـــەری هەســـتو سۆزدارییەوە...!لەناکاو بەئاڕاستەیەکی واژوو شادی قرچەی هەڵسان لـەو هـەنگاوەی نـابوویو بەجڵەوشـکاندنو هـەنگاوێکی نـاوازەو رچەشـکێنی خەملآنــد...بەرلـــەوەی جانتـــای جلوبەرگەکـــەی بـــەتاڵبکات دڵنیـــابوو لەداخستنی دەرگاو پەنجەرەی ژوورەکەی کەوا هەستێکی تێکەڵ بەشـادی پێبەخـشیو سـەرەڕای دڵنیـایی بوونیـشی پۆشـاکی بـەری وەك خـۆی هێشتەوەو ترسـێکی پـەنهانو نادیـار رووی تێکردبـوو...وەك بروسـکەیەك پیـادەکردنی کـاری سێکسی لەگـەڵ دڵـدارە دەسـتبڕەکەی لەشـوقەکەیدا چـزەی لەهـەناوو دەروونـی هەڵـسان...چـۆن ئـەو ناپاکـە بێـسڵکردنەوە رووتو قووتی کردەوەو جـوانی تەلیـسماوی خـستەڕوو...!؟بـیری لەسـەر خـاڵێکی دیـاریکراو نیـشتەوە لـەو پەیوەندییـەدا ئـەویش ئـەو رۆژەبـوو دڵدارەکەی بەگەرمی ماچیکردو بێرامانو دوودڵی خێرا خێـرا پارچەپارچـە جلـەکانی لێـداماڵیو ئـەویش خـۆی سـپاردبوو پێـیو نکـوولیو نـاڕەزاییو دەرنەبڕیو خۆی دایە دەستی ئارەزووە شەیتانیەکانی " بەئارامبوو لەسەر ئێشو ئازاری پەیوەنـدی سێکـسی بـۆ یەکـەمجار لـەژیانی کـچێکدا ، ئنجـا لەشو لاری هاتە لەرزین کاتێ خوێنی بینی...!؟بەردەوام ددانـی بـەخۆدا گرتو چێژی ئارەزووبازی ئەو دڵدارە درۆزنەی تێك نـەداو هـەر لـەو رۆژەدا دووچار کەوتە ژێر باری کارێکی ئاوا ناقۆلاو ، دڵداری ناپاك دەسـتبەرداری نەبوو هەتا تێر تێر حەزو ئارەزووەکانی خاڵیکردەوە...!!

تاسەیەکی کوشـندەو خـەماوی لـەژێر کاریگـەری ئـەو هەلوێـستەدا هـات بەسەریاو گۆنای سووربوەوەو هەسـتیکرد بەشـەرمەزاریو لەپـەژموودەیـدا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خـۆی لەپــەوڕوو بەســەر جێگەکـەدا خـستو لەناخیـشەوە خوازیـاربوو پـڕ بەدنیا بقیژێنیێو سکالاو نکوولی دەربڕێت...خەشـمو قینـیش دیسان دڵێو دەروونیان داگیرکردو پشکی شـێری ئـەو خەشمـە بـەر لـەشو لاری کـەوت کەبەنیشانەی شوورەیی‌و مەترسیەکی هەمیشەیی دادەنـا لەهـەموو سـاتو ئاستێکدا رووی تێدەکردو هەرکات پیاوان بۆیان بڕوانیایە...!!

گوێی لەدەنگی درگاکەبوو بـەخێرایی لەسـەر جێگەکـەی هەڵساو بـاری ئـاڵۆزی دەروونــی لەگــەڵ تەقــەی درگاکــەدا یــەکانگیربوون ، بــەخێرایی فرمێـسکەکانی ســەر گۆنــای سـڕیو چاکەتەکەشــی خــستە سووچـێکی جێگەکـەیو، پـاش چـەن سـاتێك درگاکـەی ئـاوەڵاکردو چـاوی بەژنەکـەی سەلاح کەوت سینیەك خـواردنی هـەڵگرتووەو بـەزوبانێکی سـەیرو نـاڕەوان دەدوێـت ، هـیچ حاڵینــەبوو لـەو بلمـە بلمـە بـەلام لەرووخـساری گەشـیدا خۆشحاڵی خوێندەوەو بۆیدەرکەوت ئەرکی میوانـداری دەبینـێ، لەلایـەکی ژوورەکـەدا وەســتاو "هــیران" بــەخێرایی ســینیەکەی دانــاو زۆری نــەبرد سینیەکی تری هێناو بەیاوەری سەلاح گەڕایەوەو دیسان خۆشحاڵی دەبڕی بەئامادەبوونی کچە میوانی بەغـدایی ...پاشـان بەتـەنیا بـەجێیان هێـشت تایەکەم خواردن‌و خواردنەوە چێژ بکات لەماڵەکەیاندا...

زۆر سەرسام بوو بەرێکخستنی سینیە خواردنەکەو، لێنەرەکەی بەژنێکی لێـزان‌و شـارەزا خەملانـدو ، رێکخـستنی قاپـەکان هەریـەك بـەجیاو پـاك‌و خــاوێنی‌و گونجــانی لــەدانان‌و ئامادەکردنــدا مایــەی سەرســامی بــوو بۆی...سەرەڕای ماندوبوونی بەهۆی ناڕەحەتیـەکانی رێگـەو سـەفەرەکەی بـەلام برسـێتی زۆری بـۆ نـەهێنابوو، لـەپێناوی ئـەوەدا هەسـت بەتـەریق

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوونەوە نەكات كـەمێكی خـواردو پێـی خۆشـنەبوو خواردنەكـە وەك خـۆی بگەڕێنێتەوە...

دوای ئـەوەی سـینیەكەی هـەڵگرتو گەڕاندییـەوە بـۆ چێشتپەزخانەكەو چـایەكی خــوارد لەگەڵیانــدا بــەهیوای راهــاتن‌و ئــالوودەبوونی ژینـــی داهاتووی...

خانــەوادەی ســەلاح لەبــەكرێگیراوە دڵــسۆزەكانی حــزب بــوون...دوای ئـــەوەی گوندەكـــەی بەجێهێـــشتبوو پەیوەنـــدی كردبـــوو بەحزبـــەوەو خزمەتگوزارییـــەكانی خـــستبووە روو لـــەپێناوی دابینكردنـــی بـــژێوی‌و چاوپۆشیكردن لەخزمـەتی سـەربازی...پـاش ماوەیـەك لەخزمـەت بووبـوو بەجێگەی متمانەی سەرۆكی مونەزەمەو ئەندامەكانی...ماڵەكەشی جێگەی رووتێكردنـی سـەرۆك لقـەكان‌و هـاوڕێ حزبیـەكانبوو بەشـێوازێكی نهێنـی‌و بێزانیاری‌و ئاگاداری خەڵك...

لەخۆشبەختیان وەجـاخ كوێربـوون‌و لـەمناڵ بێبەشـبوون، حـاڵ‌و بـاری ژیانیشی لەگەڵ هیراندا گونجاوو لەباربوو وەك بەكرێگیراوێكی نهێنی حـزب لەچینێكی سووك‌و رسوا...!!

خزمەتگوزارییـــەكانی ســـەلاح بێـــسنوربوو، هـــیچ كـــەس ئاگـــاداری كاروپیشەی نەبوو، رۆژانە دەچوو بۆ دوكانە بچووكەكەی‌و پاكەتە جگەرەو بابەتی وردەواڵەی دەهێناو زوو زوو دوكانەكەی دادەخست‌و كەس ئاگاداری پیـــشەو كـــاری نهێنـــی نـــەبوو جگـــە لـــەپیاوانی مونەزەمـــەو ئاســـایش نەبێت...!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرەڕای گونجاندنی لەگەڵ پیشەکەیدا هەوڵیدابوو سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لەسنوورێکی تەنگو بێمەودایا بەهەڵسپێراوی بهێڵێتەوە، پەیوەندی لەگەڵ براو خوشكو کەسەکانیـشیدا بـچڕاندبوو، دوای خولقـانی شــەڕو ئــاژاوەو دووکــەوتنی بەرژەوەنــدیو دوورخــستنەوەیان لــەخۆیو ژنەکەی ، ئیدی رێگـەیان بـۆ تـەختبووبوو " بەتایبـەت بـۆ ژنەکـەی کەبـە قەپاتمە ناوبانگی دەرکردبوو لای پیاوانی مونەزەمەو بەرپرسی بالآی...!

چیرۆکی ئەم دوو هاوسەرەو گۆڕانو کەوتنیان بەو بارەدا مرۆڤی تووشی سەراسیمەدەکرد، پەیوەندی نێوانیان بەخۆشەویستی دەسـتی پێکردبـوو بەلأم خۆشەویستی هەرزوو لـەژینیان ئـاوابووبوو..لـەجێی خۆشەویـستی حەزو ئارەزووتێرکردن دروستبووبوو، لەگەیشتنی چارەنووسـی هـیران بـەو ئاکامە سـەلأح رۆلێکـی سـەرەکی هـەبوو..هـەر خـۆی رەوشـتی ژنەکـەی تێکـدابوو و لەسـەر سـینیەکی ئـاڵتوونی بـەرووتو قـووتی پێـشکەش بـە بەرپرسی مونەزەمەی کردبوو...ئەو ژنـە داوێنپاکـەش بەچەشـنی رابـردوو نەمابوو بەڵکو بەقەپاتمەو سوزانی چارەنووسـی مۆرکرابـوو...بـەئاگاداری مێردەکەی کەوتبوو بەسەر باری خراپەو بێهیچ نکوولیەك سێکسی لەگـەڵ پیاواندا ئەنجامدابوو بەشێوازێکی تایبـەتی خـۆیو بـەدوور لەخۆناسـاندنو دەرخــستنی کەســێتی...هــەرجارەش پۆشــاكو جلێکــی لەبــەرکردبوو ، پیـاوانێکی نـوێی ناسـیبوو لەزەڕنگـەرو پۆشاکفرۆشـی گرانبـەهاو لـەژێر ناوێکدا خۆی پێناساندبوون...

بەتێپەڕوونی رۆژگاریش راهاتبوون لەسەر پیشەکەیانو هیچکەس ئاگادار نــەبوو لــەکارو پیــشەی هــەردوو هاوســەرو کەســێتی نادیاریــان بــەهۆی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سووربوونو پێداگرتنیان لەسەر خۆ شاردنەوەو پەنهانکردنی جموجوڵیـان" تەنانەت هیران لای نزیکترین هـاوڕێی خۆشـی پیـشەوکاری نەدرکانـدبوو " بەردەوام پیشەی چەواشەکردنی پیاوانبوو لەدۆزینەوەی ماڵەکەیو ، کاتێ سێکـسی لەگـەڵ دەکـردن وەك خێـو هەڵیـدەداو لـەناکاویش ونـدەبوو بێئەوەی ئاگاداریان بکات...

ئەم کچەش کەوتبووە نێو ماڵێکی پـڕ لەخراپـەو داوێنپیـسی، بێئاگـابوو لەکارو پیشەی هـەردوو هاوسـەری شـوێنکەوتەی تیـۆری حزبـی ئابڕوبـەرو سەرکردەی لەخۆباییبووی وڵات ، بەتەنیا بیری بەلای هەڵهاتن لەو واقعەی پێـشوو دەکـردەوە لەگـەڵ دەسـتپێکی ژینێکـی نوێـدا...دەگونجێـت بەجێهێشتنی رابردوو بەم چەشـنە رووداوێکـی بـاش یـان خـراپو نـابووتی لەخۆگرتبێت...بەهەر بارێکـدا بکـەوێت گـرنگ ئەوەیـە لەبەغـداوە دوورەو کاریگەری پەیوەندی شکستخواردووی کالبوەتەوە...

هەرلەوشـــەوەدا هەســـتی بەئازادییـــەکی راســـتەقینەکردو هەڵبـــژاردنو بـــەجێهێنانی ویـــستی باشـــترین بەلگـــەبوو لەســـەر هـــەنگاوی جەربـــەزەو بێبـاکی...تەلەفزیۆنـە بـچووکەکەی خـستەئیشو گوێبیـستی گۆرانیـەکی غەمباربوو، بەهێواشی فرمێسك رێـچکەی بەسـت بـەگۆنای ئاڵیـدا ، لەگـەڵ هەر کۆپلە گۆرانییەك فرمێسکی دەڕشتو یەکێك لەیادەوەریەکانی دڵداری ناپاکیدا لەخۆی دەهاویشتە نێو بیرو ئەندێشەی ...

دوای تەواوبوونی گۆرانیەکە ئارەزووی تەماشـاکردنی تەلـەفزیۆنی نـەما، دیسان بیری نەگۆڕینی جلو بەرگەکەی کەوتەوە لەوکاتـەوە کەگەیـشتبوە سـلێمانی، هەڵـسایە سـەرپێیو دڵنیـابوو لەداخـستنی دەرگـای ژوورەکـەو شۆڕبوونەوەی پەردەکان ، ئنجـا خـۆی رووتکـردەوەو بەچـاوێکی تیـژەوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نیگـای بڕییـه لـەش‌و لاری“ بـالأی نێونـەمام‌و مـەمکی دەرتۆقیـوو خـڕی‌و پێستی سپی‌و، قژی ئـاڵتوونی هێزێکـی بێپایـان‌و ئەفـسووناوییان دەکـرد بەبـەریا...بێپۆشـاك‌و جل‌وبـەرگ لەبـەر ئاوێنەکـەداهات‌و چـوو لـەنزیك‌و دوورەوە بـۆ ئەندامــەکانی لاشــەی روانــی‌و پــتر بەجوانیەکــەی ئــازایی‌و چاونەترســی پەیــداکرد بــۆ چەوســانەوەی پیــاوان‌و گۆشــەگیرکردن‌و وەلاخستنیان...

بەهێواشی ماندوبوو لەتەماشاکردنی خۆی‌و پاشـان جلـەکانی لەبـەرکردو خۆی هاویشتە نێو جێگەکەی‌و جۆرە هەستێکی تایبـەت زاڵبـوو بەسـەریاو خۆی بەشای فەرمانڕەوایی دەبینیـەوەو سـەرجەم پیـاوانیش بەملکەچـی‌و رســواییەوە بـــەدووی یەکـــدا ریزیـــان بەســـتبوو بـــۆ بـــەجێهێنانی فەرمانەکانی...لەسووکی‌و بێمانایی بیرکردنەوەکەی بزەیەك پەڕییە سـەر لێوەکانی‌و بەپەرۆشەوە چاوەکانی لێکنـاو ئـەوجا هێـواش هێـواش خـەوی لێکەوت...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 3

**بە** ر لــەوەی تیــشکی خــۆری ئــەو رۆژە بکــەوێت لەخــەو هەســتاو دیاردەکانی هێمنی باری دەروونو دڵنیایی پێوەدیاربوو...شەوێکی هێمنو ئارامی بەسەربردوو دوور لەلانەو کەسوکارەکەی... سـەرەتای ئـەزموونو تاقیکردنەوەی کەسی پاڵنەرێکی بەهێزبوو بۆ بـەردەوام بـوون لەسـەر ئـەو هەنگاوەی ...

هێشتا وادەی چوون بۆ قوتابخانەی نـەهاتبوو ، سـەرجەم ئامادەییـەکی تەواوکرد بۆ پێـشوازی کـردن لەقوتابخانـەو هـاوەڵانی نـوێو قوتابیـەکانی کەدەگونجێت هەریەکەیان خاوەن ئاستێکی جیاوازبن...

حەزو ئارەزووی بەتـەنیا وابەسـتەی گۆڕانکـاری بـوو لەهـەموو شـتێکداو پێشەنگی هەوڵەکانی لەوبوارەدا بەگەڕخستبوو...جلو بەرگەکانی گـۆڕیو تەنانــەت شــێوازی دەرەکــی خۆشــی دیــاردەی گــۆڕانێکی بنــەڕەتی پێوەدیـاربوو، هەرکـەس دەیبینـی پێـی سەرسـام دەبـوو بـەهۆی جـوانی تەلیـسماوییەوە...شـۆخو شــەنگی سـیمای نـاوازەو سـۆمای چـاوەکانی بریسکەیان لەهەناوی تەماشاکار هەڵدەستانو، بەچەشنی شای سەرتەختی جوانیبوو ، بێباك لەدەوروبەر هەڵدەسووڕا...

پێویستیـشی بـەهیچ کەسـنەبوو لەگـەڵ خۆیـدا بیبـات" حـزب رێنـوێنی کردبــوو بەتــەنیا ئوتومبیلێــك بــەکرێ بگرێــتو روو بەقوتابخانەکــەی بچێت...بەچەشنی رۆژانی رابردووی نەبوو...دەقی شەرمی شکابوو، هـەر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەورۆژەدا ژینێکی جیاوازی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو...ژینێك پـڕ لەئـەزموونو گوێنـەدان بـەرووداوە کتوپڕەکـان...ژینێـك مەبەسـتێکی جـوانو رازاوەی لـەخۆگرتبوو " فێرکـردنو هەوڵـدان لـەپێناوی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی خوێنـدکاران مەبەسـتو هیـوای سـەرەکیبوو، لـەو رێیەشـدا بێبـاك بوولەسەرجەم ویستەکانی دی...

وێڕای ئەوە گرنگیەکی تایبەتیدا بەرۆشنبیری ، هەر لەودەمەوە خۆی تیا ناسیو رەوتێکی ئازادی گرتەبەر ...بەتوێژینەوەو لێکۆڵینـەوە دەربـارەی ئـەدەبی عـەرەبی دەسـتی پێکـردو کاریگـەری بوێـژەکان لەسـەری دروستبوو...لەهۆنراوەی عەرەبیدا تامو چێژێکی ئێکجار خۆشی بەدیکردو هەسـتو نەسـتی گەشـەی بەسـەردا هـات...پاشـان فەلـسەفەو رۆمانـە رۆمانسیەکانی بەپەرۆشەوە خوێندەوەو دواتر بوارەکانی دیکـەی ئـەدەبو مێژوو لەگەڵ رۆشنبیری هاوچەرخداو، توانی ئاسـتی گشتی بەرزبکاتـەوەو لـەرووداوەکانی جیهـان حـاڵی ببێـتو بکـەوێت بەسـەر رەوتـی رۆشـنبیری جیهانیـدا...بەتـەنیا ئـەوەی نیگـەرانبوو پێـی حـزبو سـەرکردەکەیبوو، بێزارو نیگەرانبوو راڤەی حزبی بۆ رووداوەکانی سەرگۆڕەپانی عێراق بکات، ترسـی لێنیـشتبوو لـەوەی ئاکـامی راڤـەو لێکۆڵینـەوەکانی روو بەدەرئەنجامێکی تری ببات ، ئاخۆ حاڵو بـاری وڵات بەشـێوەیەکی راسـت دەچێت بەڕێوە یا سەرەتاکانی هەرەسو رووخاندن بەڕێوەیە...؟!

ترسو بیمی راستەقینەی لەچۆنیەتی رووداوەکـانو گوزەرانیـان هـەبوو بەشـێوازێکی سروشـتیو دروسـت، هاوکـات لەگـەڵ دووبارەکردنـەوەی وتەکانی سەرۆكو دەستەو شوێنکەوتوانی لەپیاوانی حـزبو مونەزەمـە... بیرکردنەوەی بەتەنیا لەشێوەدارشـتنی حـزبو بالأپۆشـکردنی بـەپیرۆزەی کـارزمی جێگـەی سەرسـوڕمانی هەمیـشەییبوو...لای ئـەو هـیچ شـتێك

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەئەندازەی مرۆڤ پیرۆز نەبوو...هەر بنەما بەرزەکانی ژیان شایستەی ڕێزو پیرۆزدارکردنبوو کەهاوسۆزو هاوتای مرۆڤ بوو...ئـەوەتا لەگـەڵ ناپـاکێکی قۆڵبڕدا بەڕاستگۆیی هاتە پێش بەڵام ئەو ناپاکە هەمان ڕەوشـتو هەسـتی بـۆ هەڵنـەگرتبوو" سـەرباری ئـەوە دڵو دەروونـی هـەپرون هـەپرون کـردو زامێکی قووڵی لەتەختی دەروونی ناسکیدا دروستکردو، هەر ساتێك تێپەڕو دادێت پتر دەمرێتو سوێی زامەکەی جەرگو هەناوی دەهەژێنێ..."ئـەی هاوار چیبکەم...؟!!ئەی ناپـاکی دەسـتبڕ...تـۆ وەك میکرۆبێکـی پـیس وایتو لەگەڵ دەستە براکانتا یەك مەبەستو حەزو ئارەزووتان هەڵگرتووە، لــەدووی حــەزو ئــارەزوو وێڵــیو لەئاژەڵــە دڕنــدەو کەڵبەخوێناویــەکان دەچیت...کۆمەڵگەش بـەتۆو هاوچەشـنەکانتەوە بۆگەنـەو ئێـوە بـەدەرن لەهەســتکردن بەبەرامبــەر" دڵــت مــردووەو هــیچ جوانیــەکی لــەخۆ نەگرتووە...دەستی شکاوم بۆ ئەو ساتانەی لەگەڵ تۆ بەسەرم برد...ئای چـەن هەسـتی جـوانو ناسـکم بـۆ هـەڵگرتبووی لـەدوو تـوێی پـەڕەی دڵدا...من بۆت سووتابوومو لەبەرت دەمردم...من عاشقی تۆ بووم لەگەڵ هـەموو وابەسـتەکانت " تەنانـەت ئـەو هەناسـانەی لـەدەمو زارت بـەدەر دەکەوتن...تێڕوانینەکانت مایەی ئومێدو هیوای نەبڕاوەم بوون ، تۆ بۆ من شۆڕەسـواری دڵو دەروونو خەونـەکانم بـووی...لـەبری خۆشەویـستیو بۆیەك سـووتان غـەمو پـەژارەو مەینـەت رووی تێکـردم، خەونـەکانم بـوون بەتراویکلەو خەیاڵێکی کوشندەی پڕ لەمەترسی کەوەك خێوێـك لەئاسـۆوە هـەردەم بەدەردەکـەوتو ژیـنم لێتاڵدەکات...نـازانم ئـەی سـووكو رسـوا بۆچی تائێستا من هەر بیر لەتۆ دەکەمەوە ، نازانم ئاخۆ تائێستا هـەر دڵـم بۆت دەسووتێو خۆم بەدڵدارت دەزانم...؟!یـان دەمـەوێت لەگۆڕسـتانی لەبیرکردندا ئەسپەردەت بکەم بۆ هەتا هەتایە... نا...نا...هەرگیز وانییە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

" تۆ یادێکی پڕ ناسۆریو ژانو مەینەتیو هەڵچەقیویت لەهەستو سۆزی ناسکی من...بەدەرلەوە تۆ هیچی دیکەنیتو بەبیرمدا نایەیت...واژیانم بەپانیو درێژی بۆ جێهێشتیتو بۆخۆت رابوێرەو بەدووی ئارەزووە سووكو نزمەکانتەوە بکەوەو ئاژەڵانە ژین بەسەربەرە...!!ئەی هاوار ...!!شەکواو سکالاّ لای کێبکەم هێشتا تۆ وەك سێبەرێکی تاریكو خنکێنەر وایتو لەدوورەوە بۆم بەدەر دەکەویتو ژینی نوێم لێدەشێوێنی " ئەو زامەی تۆ لەدڵما دروستتکردوە زۆر قوڵترە لەوەی دامنابوو، هێشتا ئەو زامە بەسوێو ئێشە لەودەمەوە راستی پەیوەندی خۆمم بەتۆوە بۆ ئاشکرابوو...ئەو پەیوەندییەی منیکرد بە سوزانییەکی سووكو نزم بۆبەجێهێنانی حەزو ئارەزووەکانی تۆ بەدیهاتوومو بەپێی کاتو وادەی دەستنیشانکراوی تۆ...!!".

ئەم بیرۆکانە هەراسانو نیگەرانیانکردبوو، لەوساتەوە سواری ئوتومبیل بوو هەتا گەیشتە بەردەم خوێندنگەکەی..لەبەردەم خوێندنگەدا کەمێك راماو پاشان بەهەنگاوی جێگیرو چەسپاو لێی نزیکبووەوەو پاش کەمێك خۆی ناساند...جێگەی سەرنجو تێڕوانینی هەموویانبوو" بەچاوێکی تیژو نیگایەکی قووڵەوە لەسیماو شێوەی رسکاوی جوانی ورد دەبوونەوەو سەراسیمەیەکی ناوازە گرتبوونی...

هەر لەیەکەم رۆژی پیادەکردنی پیشەکەیەوە توانیاو لێهاتوویی دەرخستو رەوشی بەرزو بالاّی خۆی نیشاندا...لەوچینە سووكو نزمە نەبوو هەمیشە حزب پشتی پێدەبەستن لەبلاّوکردنەوەی رۆشنبیری حزب هەروەك خۆیان دەیانگووت...رەوشو ئەدەب سەراپای هەڵسوکەوتەکانی گرتبووەوە هیچکام لەو مامۆستایانە پەی نەدەبرد خاوەنی ئەو هەموو جوانیە ئەدەبو رەوشی لەو ئاستەدابێت...سووربوو لەسەر پابەندبوون

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرەوش‌و بەها باڵاکانەوەو راگرتنی ئەو بنەمایانە لەمامەڵکردن لەگەڵ هاوەڵانیدا...بەردەوام هەوڵیدەدا نموونەی کچێکی رەوشت بەرزبێت کەلەئامێزی خانەوادەیەکی پارێزکار بەبنەما کۆمەڵایەتی‌و ئاینیەکاندا چاوی هەڵهێناوەو پێگەیشتووە...هەر لەرۆژی یەکەمدا هەوڵیدا هاوەڵە نوێکانی لەنزیکەوە بناسێت‌و بەرووخسارياندا جیاوازی‌و ناچوونیەکی لەگەڵ هاوەڵانی پێشوویدا دەخوێندەوە...

هەستێکی تایبەتی بۆ دروست نەبوو بەرانبەریان " بەتەنیا تاکە خاڵی سەرنجکێش ئەو مامۆستایەبوو کەتێڕوانینەکانی ماناو واتایەکی جودای لەهاوەڵەکانی هەڵگرتبوو..تێڕوانین‌و نیگاکانی هەزاران واتای سەیرسەیریان لەخۆگرتبوو کەوا هاوەڵ‌و هاوپیشەکانی نزیك بەو پەرێزەشدا نەدەچوون...خێرا تێڕوانینە سۆزدارەکانی فەرامۆشکردو بەمایەی خەم‌و دەردەسەری هەمیشەیی دانا..ئالوودەی ناسینی خوێندکارەکانی‌بوو لەناخیشیدا ئەوینێکی بێئەندازەی بۆ هەڵگرتبوون‌و، زمانەکەشی کردبوو بەپردی گواستنەوەی ئەو خۆشەویستیەی لەناخیدا شەپۆلی دەدا...

بەیاوەری مامۆستایەکی دی چوە نێو پۆل‌و لەکۆتای ریزێکدا دانیشت‌و گوێبیستی مامۆستاکەبوو راڤەی بابەتێکی ئەدەبی دەکرد...بەردەوام بەبێدەنگی مایەوەو سەرجەم گیانی بوبوو بەهەست، گوێبیستی خوێندکارانبوو کاتێ پرسیاریان دەکرد لەبارەی بابەتەکەوە جار بەجارێك...

دوای تەوابوونی راڤەی بابەتەکە مامۆستای راڤەکار داوای لێکرد بەشداری بکات لەوانەکەدا گەر بەچەند وشەیەکی سادەوساکاریش بێت...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شــەرم رووی تێنــەکرد، گوتنــەوەی وانــەی زوبــان لــەهیواو حــەزە ســـــەرەکیەکانیبوو، خوێنـــدکارە نوێیـــەکانیش مایـــەی ســـــەرنجو پێخۆشحاڵیبوون بـۆی ، راوەسـتا لـەنێو پۆلەکـەداو خۆشـحاڵی خـۆی بـۆ دەربڕین بەناسینیانو گوتنەوەی وانەی عەرەبی پێیان...بەزمانێکی پـاراو دواو خوێندکار واقیان وڕمـابوو...سروشـتی مامۆسـتایانی زمـانی عـەرەبی وابــوو لــەکاتی راڤــەکردنی وانــەدا بەعــەرەبی نــەدەدوان بەپێــچەوانەی مامۆستایانی ئینگلیزییەوە...خۆشحاڵیشبوو سوودەکانی دوان بەعـەرەبی پاراو باسبکاتو گـەڕان بـەدوای وشـە نـاوازەو ناسـکەکانداو کۆکردنـەوەی لەتێنووسێکی تایبەتدا تا لەفراوانترین دەروازەوە فێری عەرەبی ببن...

خوێنــدکاران بــەردەوام بێــدەنگو گوێبیــستی مامۆســتای تــازەبوونو لەســـــیماو رووخـــــسارياندا رازيبـــــوونو دەقپێـــــوەگرتنو راهـــــاتنێکی ناچاوەڕوانکراو دەخوێنرایەوە...

دوای تەواوبوونی ئەو بەشـدارییە کەمـە خوێنـدکاران خۆشـحاڵی خۆیـان دەبڕی بۆی ، وێڕای لاوازیو ناڕەوانی دواندنیان بەزوبانی عـەرەبی...هـەر بەوچەند وشە ناسازو مینجەمینجارە هەستی بەخۆشەویستی کـرد بۆیـان، بەخونــچەی پــشکوتووی داهــاتوو و رۆڵــەی بەئەمــەکی دەبیــنین...چــەن ســاتێکی خــۆشو بــەتامی لــەنێو دەروونیــدا بــۆ هــەڵگرتبوون ، ئەوکورتــە ساتانەش رووناکییـەکی تایبـەتیان لـەدڵی خـەمبارو ئـەو ئەزموونـە تاڵـەدا دروستکردبوو...

کاتیٚ لەپۆلەکە بەدەرکەوت دڵو دەروونی ئـارامو هێمنبـوو...لەپـەیامی زانستی خۆی حاڵیبوو لەژیانداو سەرباری ئەو خۆشەویستیە گەورەیەی بـۆ مرۆڤی هەڵگرتبوو بەدەر لەتێڕوانینی حزبو پیٚشەواکانی کـەوا دەمـارگیری نەتەوەیی زاڵبوو بەسەر هەموو شتێکدا...رۆژێك لەرۆژان بڕوای بەو تیـۆرە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەسك بینە نەبوو کەلەپاشماوەی سەردەمی فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالیزمەوە سەریگرتبوو...خۆشەویستی بۆ نەتەوەکەی خۆی هێزێکی تەواوی پێدابوو لەخۆشەویستیو ئەویندارییی بۆ نەتەوەکانی دی، سەرجەم نەتەوەکانی تری بەڕەچەڵەکی مرۆڤ دادەناو مۆرکی حزبی کاریگەری نەبوو بەسەر بیرکردنەوەیەوە...خەشمو قینی رابردووشی بەرانبەر کورد لەسۆنگەی حزبەوە سەرچاوەیگرتبوو ، حزب کوردی بەدواکەوتوو یاخی بەسەر ژیارو مەدەنیەتەوە دادەنا...بیرکردنەوەش لەوبابەتانە دەروازەی گومانی سەرلەنوێ بۆ ئاوەلاّ دەکردو سەبارەت بەتێڕوانیەکانی حزبو پێشەنگەکانی دەکەوتەوە گومانو پرسیارکردن...

لەوئاستەدا راماو بیری لەدەوری خۆشەویستی بۆ پیشەو پەیامو خوێندکارانی دەسووڕایەوە لەگەڵ دەستپێکی ژینێك کەوا بەدەر نییە لەگرفتو سوود لەنێوگەلێکی دیدا...

شادی دڵو دەروونی داپۆشی کاتێ لەژووری مامۆستایان دانیشتو گوێبیستی وتەکانیانبوو، خوازیاری تێگەیشتنو حاڵیبوون بوو لەزمانی کوردی بەزووترین کات...بێدەنگ بێدەنگ گوێی هەڵخستبوو کاتێ شازاد لێی نزیکبووەوە " ئەو مامۆستایەی یەکەمجار نیگای تێبڕیو لەنێو هەموویاندا تێڕوانینەکانی خوێندەوەو هەستێکی جیاواز لەدەرکی دڵی دروستبوو بەرانبەری ، بەدەنگێکی نزمو هێواش پێی وت:

ـ خۆشحاڵم بەناسینت...ئومێدەوارم شارو خوێندنگەکەمان جێگەی قبولّ بێت...

هەستی بەئارامی دەروونکرد لەگەڵیداو بەتایبەت کاتێ شارەزاییو رەوانی زمانی عەرەبی لێبەدەرکەوت، بەدەنگێکی ناسك کەهاوتای نازێکی ئەفسووناوی بوو وتی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ سوپاست دەكەم...منیش خۆشحاڵم بەناسینت...لەراستیدا هەموو شتێك لێرە جوانو سەرنج راكێشە...شایانی باسیشە رەوانی زمانت بۆ عەرەبی جێگەی بەدڵبوونو پەسەندیمە...

شازاد مامۆستایەكی زرنگبوو، ئەگەر بارودۆخی گرانو ئەستەم نەبوایە ئەوا پلەوپایەیەكی بەرزی بەدەست دەهێنا..لەنێوجەرگەی مەینەتو دەردەسەریدا پێگەیشت، لەتەمەنی شەش ساڵیدا باوكی كۆچی دواییكرد، تالاوی رۆژگار بەدرێژایی تەمەنی چوو بەگەروویدا، بەلام خۆی نەدا بەدەستەوەو رووبەرووی سەرجەم كۆسپو كۆتەڵەكان بووەوە هەتا توانی ببێت بە مامۆستاو لەرۆژانی سەختی منالیو هەرزەكاریدا بەشەو رەنجی دەداو كاروفرمانی دەكرد بۆ پركردنەوەی ئاتاجیو پێداویستیەكانی خوێندنو خانەوادەكەی ...نهێنی شارەزایی بۆ زمانی عەرەبیش وابەستەی هەوڵو كۆششی بەردەوامیبوو لەوپێناوەدا، هەرچەندە لەنێو هاوەلانیدا بەشەرمن ناسرابوو ، بەلام راستەوخۆ لەگەڵ ئەوكچەدا كەوتە قسەو دواندن ، خۆشی حاڵینەبوو لەخاڵی كەمەندكێشكردنی روو بەوكچە عەرەبەی لەبەغداوە هاتبوو...

لەوانەبوو پاڵنەری نزیكبوونەوەی لێی بەدەر لەسۆزبێتو بۆ دەرخستنی رەوانیو بێ عەیبی دواندنی بووبێت...یان كچەكە جوانو سەرنج راكێش بووبێت...بەلام ئەگەری دوایی بەدووربوو لەشازاد چونكە خاوەن خوورەوشتی بەرزوبالابوو" هەر لەنێو خوێندنگەكەشیاندا چەندین كچی شۆخو شەنگتری تێدابوو، بەلام ئارەزووی دواندنی نەبوو لەگەڵیان تا تێپەڕبوونی چەندین مانگ بەسەر یەكتر ناسینیاندا...

هەستو نەستەكانی پشتگوێخستو پتر لێی نزیكبووەوەو لێی پرسی:

ـ خانەوادەكەت لەكوێ دادەنیشن ؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بیری خانەوادەکەی کەوتەوە ، بێهەوڵو خۆماندوکردن وتی:

ـ لەبەغدان...

وەڵامەکەی کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر دەروونی شازاد دروستکرد ، نیگای چاوەکانی واتای تایبەتی هەڵگرتبوو بەخێرایی لێی حاڵینەبوو...ترسا لەوەی نیگەرانی بکات بەقسەکان، بۆیە هەستی لەچەن ئومێدێکدا کۆکردەوەو وتی:

ـ ئومێدەوارم خۆشحاڵ بیت لەسلێمانیو، ئەم شارە جێگەی ئەزموونو سوودبێت بۆت...دەتوانیت پشت بەمن ببەستیت لەهەر پێداویستیەکدا...

وەڵامی کچەکەش دەستەواژەیەکی کۆکراوبوو دەربارەی خۆشحاڵیو پێیو وتی:

ـ زۆر سوپاست دەکەم...هەلێکی باشبوو یەکترمان تێدا ناسی...

دوا بەدوای ئەوە مامۆستاکانیتر پرسیاریان لێکرد دەربارەی باسو خواسی جیاواز جیاواز، رۆژی یەکەمی خوێندنگەی بەوشێوەیە کۆتایی پێهاتو، بەیاوەری یەکێك لەمامۆستایانی نزیك ماڵەکەی گەڕایەوەو لەرێگەدا چاویگێڕا بەرێگەوبانداو شارەزای رێگەی هاتوچۆی رۆژانەی بوو...خۆشەویستی شاریش خۆی هاویشتە نێودەروونیو دیمەنە سروشتیە جوانەکانی شار کاریگەرییان لەسەر هەستی ناسکی دروستکردو لەدەفتەری یادەوەرییەکانیدا نووسی:

"دوای ئەوەی گەیشتمە شاری سلێمانی " ئەوجا هەستم بەقورسی ئەو هەنگاوەکرد کەنابووم...ئەوساتانەی یەکەمی گەیشتنم زۆر ئەستەمو قورس بوون " بەوێنەی سەرجەم هەڵوێستو هەنگاوە گرانو قورسەکانی ژیانی مرۆڤ...وێڕای دووریم لەشارە جوانەکەمەوە بەڵام خۆشحاڵمو هەست بەدڵئارامیو هێمنی دەکەم لەنێو خەڵکێکی غەریبو نەناسراوو نەتەوەیەکی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جیاواز لەنەتەوەکەی خۆم ، زمانیان نازانم بەلاَم هەولَدەدەم رایەلَەی هاورێیەتی لەگەلَیان ببەستم...

دایەی شیرینم...زۆر زۆر بیرت دەکەمو دلَم لەدەوری وێنەو رووخسارت بەبەردەوامی دەسوورێتەوەو شێوەکەت هەرگیز لەبیرم دەرناچێ تەنانەت لەکاتی نوستنیشدا...

برای ئازیزم...خوشکە خۆشەویستەکانم...

دووریم بێکاریگەرییە لەسەر ئەو خۆشەویستیەی لەنێو دلَدا بۆم هەلَگرتوونو هەستی پێدەکەم...بڕوا بکەن من لەنێوجەرگەی دلَمەوە ئێوەم خۆشدەوێتو ئالوودەو شەیدای بینینتانم...حەزدەکەم هەستو نەستی خۆمتان بۆ دەرببڕم لەکاتێکدا بەرێکەوتووم روو بەشکانی کۆتەکانی رابردوو شوێنەوارە کاولکارییەکانی...سەرلەنوێ هەست بەژیانەوە دەکەم...ئاسمانو زەوی سەرلەنوێ لەدایکدەبنو منیش نەوزادی ئەم دەمو ساتەم...

دوێنێ لەسەرەمەرگدابوومو خەمو پەژارەی مەرگی رابردوو دایگرتم ، ئیمڕۆش هەست بەلەدایکبوون دەکەم لەمیانەی ئەو هەنگاوەی ناومە...تکام وایە سەرزەنشتو گلەیم لێنەکەن لەسەر وتەکانم ، من هەرگیز پەشیمان نیم لەژینی رابردوو یادەوەرییە جوانەکانم لەنێوتاندا...نا...بەلَکو بەپێچەوانەوە رابردوو لەنێوما شەپۆل دەداو سێبەرێکە دادێت بەسەرما، کاریگەری غەریبیش تایبەتە لەسەر دلَی غەریبو ئاوارە...

ئالوودەی رابردووم بەدەر لەمەینەتو دەردەسەرییەکانی...دلَم شادو بەختیارەو نازانم هۆی چییە تەنیا ئەوەندە نەبێت هەست بەشادی دەکەم...دەگونجێت رۆژی یەکەمم کاریگەری تایبەتی هەبێت لەسەر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شادیم“ بەڵام بێباکم لەسەرچاوەی خۆشحاڵیم..گرنگ ئەوەیە من لەم شارەجوانەدا دڵشادم...

*　　*　　*

هێشتا چەن ساتێکی کەم بەسەر گوزراشت لەرۆژی یەکەمی خوێندنگەی تێپەڕیبوو “ کاتێ تەقەی دەرگای ژوورەکەی هاتو بەخێرایی هەستا لەشوێنی خۆی درگاکەی کردەوە ..سەلاحو هیرانی بینی بانگی دەکەن بۆ سازدانی سەیرانێك بۆ سەرچنار کەسەیرانگەیەکی بەناوبانگی شاربوو...

رازیبوو لەسەر داواکەیان گەرچی هێشتا سەراسیمەی ژێر ئەو رووداوە کتوپڕانەی ژیانیبوو...پاش کەمێك هەرسێکیان بەرێکەوتن روو بەسەیرانگەی سەرچنار...سەرەڕای جوانی سەیرانگاکە بەڵام دیاردەکانی ئاوەدانیو گرنگی پێدانی پێوە نەدەبینی ، چۆڵیش بوو لەسەیرانکاران ، ئەم حاڵەی وەك هێمایەك دانا لەدڵی خۆیداو پرسیاری لەسەلاح نەکرد لەبارەیەوە...ئەمجارە بەدوور لەحزب بیریکردەوە ، جۆرە هەستێکی نامۆ لەناخیشیدا سەریهەڵدا، ئەو رووخسارانەش لەرێگەوباندا بەدیکردن خەمۆکیو پەژارەی لێخوێندنەوە...

لەناکاو ناسۆرییەکانی دەروونی سەریان هەڵدایەوەو ئەزموونە شکستخواردوەکەی بەدەرکەوت...توانای نەبوو دیسان لەژێر زەبرو زەنگی مەینەتدا ئارام بگرێت ، خۆی سەرقاڵکرد تا بیر لەناسۆریەکانی بیرکردنەوەی خەڵکی بسڕێتەوە، نیگایەکی قوڵی خستەسەر رووخساری سەلاحو هیرانو دوورلەیەكو ناتەبایی لێخوێندنەوە...چاوی گواستەوە لەسەریانو حەوزێکی ئاوی جوانی بەدیکرد لەشوێنێکدا دەروون پێی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شـاددەبوو مرۆڤیـشی چوسـتو چـالاكدەكرد ، بـەلاَم چـۆڵی سـەیرانگا لـەمیوانو سـەیرانگەران كاریـان تێكـردو غـەمو پـەژارەو رەشـبینی دایگرتەوە"ئای چەن ژیان سەیرە...!!هەموو جوانیەك بەخێرایی بـزاوتو چوسـتو چـالاكی خـۆی لەدەسـت دەداتو تیـشكی تیابـەری هـەڵوەرینو شـێوانی بەردەكـەوێت... نـازانم نهێنـی ئـەم بەدبەختیـە لەچـیدا خـۆی دەبینێتـەوە...؟! ئـاخۆ ژیـان دوو ڕووی جیـاوازی هـەبێتو مـرۆڤ دوای وردبوونـەوەو ئـەزموونی تاكەكەسـی نـەبێت بـۆی دەرنەكـەوێت؟! یـاخود دەروونی مرۆڤ لێكدانەوەیەكی تایبەتی لەخۆگرتوە بۆ دیمەنەكان ؟ مەحاڵە هـەردەبێت جـوانی پەیوەندییـەكی پتـەوی بـەدەروونو تێڕوانیـە ناوەكیەكانەوە هەبێت...هەركەس ئەو دیمەنانە لەدیـدی خۆیـەوە تەماشـا دەكـاتو ئـەزموونی تاكەكەسـی بڕیاریـان لەسـەر دەدات...خۆزگـە نـەم خوێندایەو نەچوومایەتە خوێندنگە...ئەوسا وەك دایكم بـەهێمنیو ئـارامی دەروونـەوە لەنەخوێنـدەواریو ژینێكـی بێمانـادا رۆژانم بەسـەر دەبـردو، سەراپای جموجووڵەكانم بەمۆركێكی سەرەتایی شقڵدەكردو بەگۆڕانی رۆژو شـوێنو جیهـان كاریگـەر نـەدەبووم...نـەخێر...ئـەو قەیرانـە بـەدوورە لەوبۆچـوونەی منـەوە ، رەگـو ریـشەیەكی یـەكجار قـووڵی هەیـەو بیركردنەوەی شكستخواردوو كوێرانە بۆ ژیان ناتوانن پاوانی بكەن...مـرۆڤ هـەر گرفـتو مەینـەتێك رووی تـێ بكـات دەبێـت ئـەو كۆتانـە لەبەریـەك هەڵبوەشـێنیو لەنـەفامیو دواكـەوتوویی بۆمـاوەدا خـۆی دەربـاز بكات...بەلاَم ئایا خۆشحاڵی لەنەفامیو نەخوێندەوارییدایە؟!! تەنانـەت دایكم هەرگیز خۆشحاڵ نـەبووە...لـەژێرباری نەخوێندەواریـدا دەنـاڵێنیو لەو رۆژەوە باوكم مـردوە بـزەو خەنـدەم لەسـەر لێوەكـانی بەدینـەكردوە" گەرچـی رازی بـوو بەویـستی خـوایی لەبـەردەم رووداوی واقـع سـەپێندا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بێگفتوگۆمایەوە ، بەلاَم هەمیشە پێکدادانو بەربەرەکانیەکی پەنهان لەناخیدا هەیەو غەمو پەژارە بەرووخساریدا دیارەو هەندێك جار بەگریانو لاواندنەوە دەریدەبڕێ" بڕواناکەم مەرگی باوکم تاکە هۆکاربێت لەدوای ئەو خەمو پەژارە قووڵەوە...!

هەرچەند تێڕوانینەکان جیاوازبنو دیمەنەکان دووربن لەیەکەوە بەلاَم هەستیاری زیادی نێو دەروونم هەمیشە وای لێکردووم خەم بخۆمو، جۆرە ناهومێدیو رەشبینیەك بەسەر جوانترین دیمەندا بهێنمو، بەروانینێکی وێڵو کوێرانە بیخوێنمەوەو، بازبدەم بەسەر سەوزی گەردوونو دیمەنە دڵڕفێنەکانی...دەروونم هەمیشە وێرانەو ناتوانم بەشێوەیەکی دروست بیربکەمەوە...ئای چەن کچێکی بەدبەختی...!!هەرچەندە هەوڵ بدەی ناتوانی لەبازنەی ناسۆریو دەردەسەریو هەستکردن بەدۆڕانو شکست بەدەرببیت...".

گوێی لەدەنگی هیرانبوو بەزمانێکی نارەوان پێی وت:

- جوانە...وانییە ..؟!

بزەوپێکەنین بەروویدا دەرکەوت بەلاَم هەرزوو شاردیەوە وتی:

- زۆر جوانە...دیمەنێکی جوانو دڵڕفێنە...

خۆی پاراست لەپێشێلکردنو زانی هیران حاڵی نابێتو مێردەکەشی بەکرێگیراوێکی نهێنی مونەزەمەیەو لەوانەیە راپۆرتێکی لەسەر بنووسێت...بەرلەوەی کچکە بدوێت سەلاَح وتی:

- لەکوردستان شوێنی زۆر خۆشتر هەیە لێرە...بەلاَم ئێستا بەهۆی بارودۆخەکەوە ناتوانین رووی تێ بکەین...

لەویستو مەبەستی حاڵیبوو ، بەلاَم وشەیەك لەزاری نەهاتە دەرەوە وەك وەلاَم یان لێدوانو رایەك...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوای بەسەربردنی چەن کاتژمێرێك لەسەرچنار گەڕانەوە بۆ ماڵەوەو لەچێشتخانەیەك نانی ئێوارەیان خواردو کچەکەش پێی داگرت لەسەر دانی پارەی نانخواردنەکە وەك لەبەرچاوگرتنی خزمەتو هەوڵدانی هەردوو هاوسەر بۆ شادوخۆشحاڵکردنی...ئەوانیش دڵخۆشبوون بەو هەنگاوە گەرچی ناڕەزاییەکی روکەشاویان دەربڕی...

پێش ئەوەی تاریکایی دابێت گەیشتنەوە ماڵی خۆیانو هەریەك رووی لەژووری تایبەتیکرد...کچەکەش بەلەشو لارێکی ماندوو بیرێکی پەرشو بلاوەوە لەژوورەکەی گیرسایەوەو لەبیریدا سەدان پرسیار ریزیان بەستبوو سەبارەت بەژینی نوێو ئەزموونی قورسو گرانی...دەفتەری یادەوەرییەکانی کردەوەو نووسی:

"دڵم ئێجگار تەنگو گوشراوە...بەچەشنی بەیانی شاد نیم...نازانم تاکەی دەردەسەریەکانی تەنیایو ئاوارەیی بچەژم...هەرچەند بکۆشمو هەوڵبدەم لەوەی هەستکردن بەشکستو دۆڕان بشارمەوە ناتوانم...تەنیایی بێزارکەرو کاریگەرە بەتایبەت ئەگەر مرۆڤ روو بەتەنیاییەك دەچوو تروسکە هیوایەکی لەمبەراوبەری رۆژانو شەواندا بەدینەدەکرد...

نازانم چی بکەم لەم تاریکستانەدا...لەکوێوە رووناکی بدۆزمەوە؟ لەوانەیە هەرگیز نەیدۆزمەوە...چونکە هەمیشە نائومێدی لەپێش ئومێدەوە بەدەردەکەوێت بۆم " ئای چەن بەدبەختم...!!نازانم بۆ هەمیشە هەوڵمە لەسەر تاڵە هیوایەك بژیم وێڕای لەدەستدانم بۆی دوای ئەوەی دڵدارەکەم دەستی بڕیمو ئاوای لێکردم...!؟

نازانم ئاخۆ تەنیایی کاریگەری هەبێت لەسەر دەروونمو ئەو جۆرە لەهەستکردن هۆی لەدایکبوونی دۆڕاندنو شکست بێت؟! هۆکارەکان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گـرنگ نییـه ، گـرنگ ئەوەیـە مـن هەسـت بـەئێش و ئازاردەکـەم و گرفتـی دەروونی رووی تێکردووم...!!گرنگ ئەوەیە من خۆشحاڵ نیم و خوازیـاری مەرگم لەهەر سات و کاتێکدا رووم تێبکات...

دایە گیان ...

پێویـستم بـەئامێزی گـەرم و بەسـۆزی تۆیـە ، گەرچـی مـن دوورم لـەتۆو کەوتومەتە شارێکی غەریب، بەلاَم هەر پێویستم پێتەو سووتاوم بـۆ سـۆزو میهرو خۆشەویستیت و، ساتێك وەنەوزدان لەئامێزی گەرمتا...

تائێـستا هـەر لەسـەر یادەوەرییـەکانی منـاڵی دەژیـم ، لەنێوجەرگـەی ئەزموونی غەریبیدا بـیر لـەرۆژانی منـاڵی دەکەمـەوە ، چـۆن شـەوی دوورو درێـژت بەسـەر دەبـرد کـاتیّ نـەخۆش بکەوتمایـەو تابـەیانی بەدیارمـەوە دەبوویت و باکت نەبوو لەوەنەوزە سەختەکانی خـەوو مانـدوبوون و چـاولێك نەنان...

دایە گیان...

تۆ تاکە ئومێدو پەنای منی و دەزانم ئێستا چاوەکانت بەئاگان و بیر لەمن دەکەیتـەوە...سـوپاس بـۆ تـۆ ئـەی خۆشەویـسترین کەسـی دڵ...مـن قەرزارباری تۆم ..ترسم هەیە لەتێپەڕبوونی رۆژگار بەخێرایی و لەم مەینەتە بەدەرنەکـەوم و نـەتوانم ئـەو هـەموو سـۆزو دڵـسۆزییە بخـەملێنم و زامـە قووڵەکانت سارێژ بکەم کەبەمەرگی باوك و هەڵگرتنی غەم و پـەژارەی ئێمـە هات بەسەرتا...ناتوانم لەوەزیاتر ئارام بگـرم...شـەوێکی شـادو خـەوێکی خۆش و بەخێر هەستیت...".

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 4

هێمنی و ئارامی رووی تێنەکرد دوای داخستنی دەفتەری یادەوەریەکانی " چرکە ساتێك بەسەر خەوگیریدا گوزارشتی نەکردو بەدەم نالەو زرمەی تەقینەوەیەکی گەورەوە بەئاگاهات...!!

پەنجەرەی ژوورەکەی چەن جارێك لەرزە لەرزو هاتو چۆی پێکەوت...هەستکردن بەدوایهاتنی ساتەکانی ژیانی زاڵبوون بەسەریا...چی پاڵی پێوەنا خۆی بهاوێژێتە نێو ئەم چارەنووس و مەترسیەوەو رووبەرووی دێوەزمەی مەرگ ببێتەوە...باشتر نەبوو بۆی بەهێمنی لەشارەکەی خۆی ژیان بەسەر بەرێت لەئامێزی خانەوادە بەسۆزو خۆشەویستەکەیدا؟!

دەبێت چێژی مەرگو شێوەی چۆن بێت ؟! خێرا بیری ئەو بوێژەی کەوتەوە کەدەڵێت:

چێژی مردن لەنێو گەردوون
سروتێکی هێنایە بوون
گەر بودەڵبێ یاخود شکۆ
نای بوێرێ بۆ منو تۆ...!!

ئای لەو شکۆدارییە !! هەڵهاتبێ لەئابڕوچوونو هەوڵدان بۆ داپۆشینی کەچی بەم دەرەنجامە بگاتو کۆتایی چارەنووسی ئابەم چەشنە بێت، دوور دوور لەخانەوادەو شارەکەی ئەجەل یەخەگیری ببێت...!چۆن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شـــكۆدارییەکە لـــەپێناوی داپۆشـــینی ئابڕوچـــوونو رازیکردنـــی حـــەزو ئارەزووەکانی حزبی نەفرەت لێکرودا روو بەمەرگ هەنگاو هەڵبگری...

ئەم هەنگاوە هەر لەبەرایییەکانی لەدایکبوونەوە تا کۆتایی شێتیو دەست لێوەشـانبوو ، هـەڵبێت لەرسـواترین رەفتـار تـا بمرێـت لەشـارێکی دوورو چەپەك لەنزیکترین گوندو شارۆچکەی عەرەبیـەوە...ئەگـەر هـاتوو مـەرگ بـالّی گـرتو بـردی بـەچ شـێوازێك تەرمەکـەی دەگوێزرێتـەوە بـۆ بەغـدا...؟!یـان چـۆن بـاس لـەمردنی دەکرێـت لەلایـەن خانـەوادەو دەسـتەلأتدارانی بەغـداوە...؟!دەبێـت بەشـەهیدی بنـەما سـامیەکان ناوبرێـت...!بەشـێوەی ئـەو سـەربازو هاوەڵـە حزبیانـەی دەکـوژرێنو تەرمەکەیان دەخەنەسـەر چەمچەی ئوتومبیلێـكو ئالأیـەکی عێراقـی لێـوە دەئـاڵێنرێ...ئنجـا دەسـپێرێ بـەنزیکترین بنکـەی پـۆلیس لەگەڕەکـدا ، پاشـان بـەخێرایی لـەماوەی رۆژێـك یـان دوو رۆژدا تـەرمەکـەی دەدرێتـەوە دەست خانەوادەکەی...دەبێت رادەی ئەو نەهامەتیو کارەساتە جەرگبڕە چـەندبێت لەسـەر دایـكو بـراو خوشـکەکانی ؟!کارەسـاتێکی مەینـەتاوی لەماڵیان دەقەومیٚو دایکی لەهۆش خۆی دەچێتو لەوانەیە لەژێرکاریگەری کارەساتەکەدا هەڵنەسێتەوەو بمرێت...بەکۆچکردنو دوورکەوتنەوە ئێشو ئازاری بردە دڵیـەوە وا ئێـستاش ئـازاری دەداتو غـەمو پـەژارەی جـەرگ سووتان دەهێنێت بەبەریا...ئای چەن کچێکی خۆپەرستە ، ئەگـەر لـەپاڵ دایکیـا بمایاتـەوەو شـووی نەکردایـە دەیتـوانی پەردەیـەك بـدات بەسـەر ئابڕوچوونەکەیداو بەوحاڵەوە بێـت بەدرێـژایی تەمـەنی...بـەلأم هـەڵهاتنی لـــەپێناوی هاوســـەرگیریدانەبوو یـــاخود گـــەڕان بـــەدووی یـــارو دەزگیرانێکـــدا...ئـــێشو ئـــازاری هەســـتکردن بەشکـــست لەوقەیرانـــە سۆزگەرایییە هات بەسەریاو پەڕاندیە سەر ئەو رێگەو چارەنووسە هەتا بـەم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خێراییە بێهیچ پێشەکیەك چارەنووسی دوایی بێت...!سبەی راستەوخۆ تەرمەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ بەغدا بێدواکەوتن ، لەتەنیشت ئارامگەی باوکی بەخاك دەسپێردرێتو لەبیردەچێتەوە وەك ئەوەی هەر نەبووبێتو چاوی بەدنیا نەپشکوتبێ...

رۆچووبوو لەدیمەنەکانی مەرگداو سووچو پەنایەکی ژوورەکەی گرتبوو..لەشو لاریشی داپۆشیبوو بە بەتانیەك " کاتێ گوێی لەدەنگی درگاکەبوو سەلاّح بانگی دەکرد...بەخێرایی هەستاو بێئەوەی بیر لەحاڵو باری خۆی بکاتەوە " بێ پۆشاكو جلو بەرگ درگای ئاوەلاّکردو دوای ئەوەی زۆری لێکرد بچێت لەگەڵی بۆ ژووری دواوە هەتا تەقەو بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە شوێنی کەوت، خۆیکرد بەژوورەکەی هیرانداو دیاردەکانی ترسی راستەقینە بەرووخساریدا دیاریاندابوو...

باری دەروونی هیرانو سەلاّح بەوشێوازە نەبوو، ئەوان راهاتبوون لەسەر بارودۆخەکەو بەپەرۆشەوە هیران باوەشی پیاکردو لەشو لاری رووتی بەدەستو باڵەکانی شاردەوە ، لەکاتێکدا نووستبوو تیلمە دەرپێیەکی کورتی لەپێدابوو ، دواتریش لەترسا هۆشو بیری لەدەستدابوو لەژێرکاریگەری تەقینەوەو بارودۆخە ئاڵۆزکەدا...

جووتە هاوسەر جوانترینو بالاّترین دیمەنی کچێکیان بێپەردەو بەربەست دی کەوا هێشتا تەمەنی نەگەیشتبوو بەبیست ساڵانو تووشی سەرسوڕمان هاتن بەوجوانیەی لەتەوقی سەرەوە تا بەری پێ خاوەنەکەیان دەناساندو بالاّپۆشی بەرگی پەرییان دەکرد...

دوای تەواوبوونی تەقو تۆقو نیشتنەوەی بارودۆخەکە کچەکە لەبەندەکانی ترس بەدەرکەوت، بەهۆش خۆی هاتەوەو هەستی بەتەریقیەکی راستەقینەکرد...بەخێراییوحاڵێکی پەشۆکاوەوە گەڕایەوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژوورەکـــەی خـــۆی، چـــەن دەســـتەواژەیەکی نـــارەوان لـــەزاری هاتنـــە دەرەوە...هـــەردوو هاوســـەریش بـــەدەم هەڵوێـــستەکەوە دایانـــە قاقـــای پێکەنین‌و بەسەرسامیەوە لەیەك وردبوونـەوەو دیاردەکـانی سـەر سـوڕمان بەلەش‌و لاری سپی ئەوکیژە بەغداییەیان پێوەدیاربوو کەلەپەری دەریا یان هەر دروستکراوێکی جوان‌و سەرنج راکێش دەچوو...

لەبەیانیشدا بەرلەوادەی قوتابخانە بەدەرکەوت‌و ویستی چاوی بەهێران‌و سەلاّح نەکەوێت ، ئەو رووداوەی شەو لەنێوچاویاندا نەخوێنێتەوە...

ئەو رۆژە لەژێر کاریگەری رووداوەکەدا مایـەوە، لەپـشوو رێـستی نێـوان وانەکاندا شەرم‌و سووربونەوە جار جارە رووی دەکردە سیماو رووخساری‌و دەیویست روونەکاتەوە ئەو ماڵە..تەنانـەت شـپرزەیی‌و نائـارامی لـەکاتی وتنـــــەوەی وانـــــەکانی عەرەبیـــــدا بـــــەرەوش‌و هەڵس‌وکەوتیـــــدا دیاریاندابوو..نـزیکترین مامۆسـتا لێـوەی شـازادبوو" کـاتێ بـەو شـێوازە بەدەرکـەوت لەبەرچـاویدا، دەسـتبەداری نـەبوو بـەڵکو لێـی نزیـك بـووەوەو بەنەرم‌و نیانی لێی پرسی:

ـــ بـــەیانیت بـــاش..نیگـــەران‌و بێـــزار دەتبیـــنم... وابـــزانم هەســـت بەئاسوودەیی‌و هێوری ناکەیت لەنێوماندا..دوێنێ پەیمانی هاوەلاّیەتیمان بەست ، بۆچی واگۆشەگیرو خەمباریت...؟بمبورە لەخۆ هـەڵقورتانم بـەلاّم ئێمە دەمانەوێت تۆ بەخۆشحاڵی بەدی بکـەین " هـەروەك چـۆن شـادبووین بەناسین‌و هاوژینیت...

بـــەتێڕوانینێکی جیـــاوازەوە بـــۆیڕوانی‌و لەناخیـــشەوە ئـــارەزووی هاوبەشکردنی گفتوگۆ دنەیدەدا ، بەلاّم پێش وەلاّمدانەوەی دیسان وتی:

ـ هـاوڕێی بـەڕێزم...یـان خوشـکێ...یـا حـەنان خـان...کـام لـەم نازناوانـەت پێخۆشـە لێـت بنـێم‌و پێـی بانگـت بکـەم...لـێم مـەگرە مـن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

رانـەهاتووم لەسـەر گفتوگـۆو قـسەکردن تەنانـەت لەگـەڵ کـچە هـاوەڵانی کوردم...بـەڵام لەچـاوەکانتا هێمـای کەمەنـدکێش دەخوێنمـەوە ، رێـزدار دەبم گەر یەکێك لەو نازناوانەم پێببەخشی لەمامەڵەکرنماندا لەگەڵ یەك...

بزەیەك گرتیو پاشان وتی:

ـ بەئارەزووی خۆت...کامیان هەڵدەبژێری خۆت بڕیار بدە...مـن شـادم لەنێوتاندا بەڵام ئێستا بەقەیرانێکی دەروونیدا تێدەپەڕمو لەوانەیە گـۆڕانی بارودۆخو کەشوباری شاری نوێ کاریگەری سەرەکی هەبێت تێدا...

+وایە" هەر گۆڕانکارییەك لەشوێنو جێدا کاریگـەری خـۆی هەیـە لەسـەر هەسـتو دەروونـی مـرۆڤ...ئـەمجارەش داوای لێبـوردن دەکـەم بـۆ خـۆ هەڵقورتانم...

تەزوویـەك هـات بەگیانیـدا بـەهۆی ناسـکی شـێوازی دواندنیـدا، وازی لێنەهێناو لێی دوورنەکەوتەوەو بەنەرمیەکەوە وتی:

ـ لەراستیدا شتێکم بیرکەوتەوە...باشە بۆ یارمەتیم نادەیت لـەفێربوونی زمانی کوردیدا...زۆر ئالوودەو بەپەرۆشـم بـۆیو ئامادەشـم لەبەردەسـتی تۆدا وەك خوێندکار دابنیشم...

بزەیەکی سارد لەرووخساریدا بەدەرکەوتو وتی:

ــ مـن ئامـادەم...ئـەرکی فێرکردنـی نووسـینو خوێندنـەوەی پۆلـە سەرەتاییەکانم خستۆتە ئەستۆی خۆم ، دەتوانم ئەلفو بێی کوردیت فێر بکەم بەشێوازێکی سووكو ئاسان...

بەسۆزێکی گەرمو پەرۆشێکی نیگاپۆشەوە بۆیروانی، بیری لـەو گرنگـیو هەوڵەکردەوە کەئـەو مامۆسـتایە پێـی دەداتو پـڕ بـەدڵ هەسـتی بـەنزیك بوونـەوە دەکـرد لێـی ، هێـواش هێـواشو لەژێرکاریگـەری ئـەو هەسـتەدا پرسی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ کەی دەست پێ بکەین ؟

+هەرکات تۆ بتەوێت...

ـ ئەمڕۆ...

+زۆرباشـــە...کتێبێکـــی پـــۆلی یـــەك دەبـــەین و لەباخـــچەی خوێندنگـــە وانەکانمان دەخوێنین...

پـاش چـەن سـاتێکی کـورت بەیەکـەوە دانیـشتن، شـازاد راڤـەی وانـە سەرەتاییەکانی بۆکرد، ئەویش بەشـێوازێکی کـەم وێنـە گوێبیـستی بوبـوو رووبەجیهانی کوردو زمانە شیرینەکەیان هەنگاوی دەنا...

شـازاد زۆر بەسـۆزو نـەرم نیـانبوو بـۆی ...ئـەویش هەسـتی بەرەوشـی ناسكو نیانی دەکرد، لەدڵا سۆزێکی گـەرمو بـێ پایـانی بـۆ ئـەو مامۆسـتا کوردە هەڵگرتبوو کەوا گرنگی پێدەداو بۆی دەکۆشا...ترسـا لـەوەی ئـەو هەستە دیسان بەدڵدارییەکی هاوچەشـنی پێـشوو دوایـی بێـت...لەهـەمان کاتیشدا ئامادەنەبوو لێی دووربکەوێتەوەو لەژیانی خۆی بیکاتـە دەرەوە ، بەتایبەت کاتێ گرنگی و پاکی تێڕوانین و نیگاکانی بـۆ ئاشـکرابوو " کـەوەك هـاوەڵانی گرنگـی نـادات بـەجوانی لـەش و لاری...لەلایـەکی دیکەشـەوە هەسـتی بـەوەکرد لـەم قۆناغـەدا پێویـستی بەیـەکێك هەیـە رێنـوێنی و دەسـتگیرۆیی بکـات لـەفێربوونی زمـانی کوردیـدا یـان بەلایـەنی کەمـەوە بتوانێت فێری دەستەواژە پێویست و گرنگەکانی رۆژانە ببێت...دەتوانێـت یـەکێك لـەو نازناوانەشـی پـێ ببەخـشێ گەرچـی خـەشمی هەڵدەسـتێت بەنازناوی خوشك " چونکە هاوڕێیەتی لای ئەو شیاوترە لەوانی تر...

هـەر لەیەکـەم سـاتی بەیەکـەوە دانیـشتنیان پەیوەندییـەکی گـەرم و بەتینیان بنیادناو لەوەدەچوون لەمێژ بێت یەکدی بناسن و شادبن بەدیداری یەك...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەڕۆژی یەکەمی خوێندنی بۆ زمانی کوردی چەندین وشەو دەستەواژە فێربوو، هەستێکی نهێنپۆش زاڵبوو کاتیێ بەیەکەوە دانیشتن و لەژێرباری دەروونیدا بەشازادی وت:

- زۆر سوپاسی تۆ دەکەم...بەڕاستی تۆ مامۆستایەکی کارامەیت... گەر بەم شێوازە بەردەوام بین ئەوا دەتوانم لەزمانی کوردی تێبگەم بەشێوازێکی باش...

شازاد هەمان بۆچوونی هەڵگرتبوو سەبارەت بەو، نەیدەویست پەلە بکات لەروونبوونەوەی هەستی دەروونی بەرانبەری ، بۆیە بەدڵسۆزییەوە وتی:

- سەرجەم تواناکانی خۆم بەگەڕدەخەم لەپێناوی ئەوەدا فێری کوردی ببیت و هەست بەخۆشحاڵی بکەیت لەنێوماندا...

لەکۆتا دەستەواژەی وتەکانیدا جۆرێك لەبەکێشکردنی تێدابوو ، بەلاَم هەردووکیان سەرسامی بەویتر شاردەوە بەتایبەت کچەکەو، ئارەزووی مانەوەیکرد بۆماوەیەکی زۆرتر، لەهەمان کاتیشدا دەیویست لەکاتێکی درەنگدا روو بەماڵ بگەڕێتەوە هەتا چاوی نەکەوێت بە سەلاَح و هیران و شوێنەواری شەوی رابردوو بسڕێتەوە، بۆیە بەشازادی وت:

- رات چییە ئیمڕۆ بانگت بکەم بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ پاشان بەشاردا پیاسەیەك بکەین...؟!

دەستبەجێ وەلاَمی پێشنیارەکەی نەدایەوە" بەڵکو ترسێکی پەنهان رووپۆشی دڵی گرتبوو، دەترسا لەوەی رەوشت و کەسێتی لەکەداربێت گەر بەوخێراییە بەیاوەری ئەم کچە بچێتە دەرەوەو، خۆی بخاتە بەردەم چاوو دەمیان، کورتبینەکانیش بەئارەزووی خۆیان شەن وکەوی بکەن...ویستی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕێگرێك دابنێ لەئانای ئەم بیرۆکەیەدا بەلاّم کـچەکە دەستپێـشخەری کـردو وتـی:

ـ دەترسی لەوەی بێیتە دەرەوە لەگەڵم...!؟

زمـــانی بەســـترا" نـــەیتوانی وەلاّم بداتـــەوەو دوای زۆر لـــەخۆکردن‌و مینجەمینج وتـی:

ـ نا...بەلاّم مەبەستم...

دیسان کچەکە هاتەقسەو وتـی:

ـ کەواتە ڕێکەوتین‌و تۆ نیوەڕۆ بانگکراوی بۆ نانخواردن...

ئـازادی‌و سەرپـشکی لـەبڕیاردا سـەرنجی بەکێـشکردو ، چارەسـەرێکی بەدەستەوە نەما جگە لەرازیبوون زیاتر، بەلاّم ویستی ئـەرکی میوانـداریێتی بکێشێ‌و وتـی:

ــ بەمـەرجێك بـانگکراوی مـن بیـت...تـۆ میـوانی ئێمـەیت‌و ڕێزگـرتن لەمیوانیش ئەرکی سەرشانەو دەبێ پێی هەڵبسین...

بزەیەك گرتی‌و وتـی:

ـ من‌و تۆ جیاوازی نییە لەنێوانماندا... گـرنگ ئەوەیـە هـاوەڵی یـەکین‌و منیش ئەم شارە بەشاری خۆم دادەنێم...بەو بۆنەیەوە پرسـیارێکم هەیـە تۆ ئەدەبی عەرەبیت خوێندوەتەوە؟

+بەڵێ" بەلاّم بوارم نەبوە تا ئێستا بەتەواوی ڕۆبچم تێدا...بـەلاّم نـازانم ئەم پرسیارە چ پەیوەندییەکی هەبوو بەباسەکەمانەوە...

ــ هـەر پرسـیارێکبوو...زۆرجـار بـیری وتـەی شـاعیرانم دەکەوێتـەوە لەهەنـدێك جێگـەدا ، سـەبارەت بەئـەرکی میوانـداری یـەکێك لەشـاعیران دەڵێت:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

من لێفەوماڵم موڵکی میوانە

یاری چاوڕەشم نایگرێ بەهانە ! !

هــەردووکیان دایانــە قاقــای پێکــەنین‌و شــازاد بــۆ دەرخــستنی‌روحی گاڵتەبازی وتی:

- لەوانەیە یارەکەی زۆر جوان‌و ناوازە بووبێت ! ؟

گۆنای کچەکە سوور هەڵگەڕاو بەشەرمێکەوە وتی:

- نازانم...لەوانەیە...

دیسان دایانەوە قاقای پێکەنین‌و ئنجا شازاد وتی:

- زۆر بەتوانایت لەشیعرو لەبەرکردنیدا...بۆیە پێدادەگرم لەسەر ئـەوەی میوانی من بیت چونکە تۆ سەرکەوتیت بەسەرما...

کچەکە هەردووچاوی بەتیژی خستەسەرو وتی:

- کەواتە سووری لەسەر ئەوەی من میوانی تۆبم ؟

+ بەڵێ

- رازیم...

* * *

بەیەکەوە لەدیمەنێکی سەیردا لەخوێندنگە بەدەرکەوتن، هەموو سەرسام بــوون بــەخێرایی ئاشــنابوونی شــازاد لەگــەڵ ئــەو مامۆســتا تازەیــەدا، پەیوەندییەکــەیان بەچــەندین جــۆرو شــێوە شــیتەڵکردو هــەردووکیان کەوتنەبەر نەشتەری خەڵکی بیر بەستووی دۆگما...بەتایبەت شازاد " ئـەو مامۆســتایەی لــەنێو هاوەڵەکانیــدا بــەپاکی‌و گۆشــەگیری ناســرابوو... هەرچــەندە کەوتنــە بــەر زاری تیــژی هاوەڵــەکانیان بــەڵام هاوەڵایــەتی‌و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەیەکــەوە گــەڕانیان بــەجێهاتو ئــەو هاوەڵایەتیــە پاکــەی بەیەکــەوە گرێیاندابوو مۆرکێکی جیاوازی لەپەیوەندی کەسانیتر بەرکـەوت کەلـەنێو کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکاندا باوبوو...

بەو هەڵوێستە ویستیان بەربەرەکانی چینی دۆگماتیزمی کۆمـەڵ بکـەنو ریتمێکـی نـوێ لەپەیوەنـدی هاوەڵایـەتی دابڕێـژنو پـاکیزەیی تیـا خـاڵی بالآبێت، بێباکیش بن لـەو خـۆ هەڵقوتانـەی دەروون نەخۆشـان دەیـانکردو دەبوون بەدڕکو داڵی رێگەی هەزاران کەسی دڵپاك...

بێگومان هەمیـشە ئـەو جـۆرە کەسـانە بـەدووی لێکدانـەوەی ئـارەزووی سێکسیدا دەگەڕانو کوشتەی دەستی پەروەردەیەکی کورتو بێبواربـوون کەلەژینگەیەکی دواکەوتووی نەخۆشو تەسکدا چاویان هەڵهێنابوو..

پەیوەنــدی نێوانیــان بەشــێوازێکی دروســت هاتــەگۆو بــەدووربوو لەپەیوەندییە گوماناوییەکان" یاخود ئـەو پەیوەندیانـەی لـەژێر کاریگـەری بێئـابڕوییو خراپــەو ئارەزووەکــانی دەروون نەخۆشــدا ســەرهەڵدەدات، ئارەزوویەکی کـاتی ژنو پیـاو بەیەکـەوە گرێـدەدات بـەبێ ئەوپێـشینەیەی کـەوا لـەبیردا رەنگڕێـژی بـۆکراوە پێـشتر...پەیوەنـدی نێوانیـان بـەهێزو جێگیربــوو، هەســتو ســۆزگەراییو هەڵوێــستی کــاتی یــا تێڕوانینــی ئێرەییبــەرانو دەروون نەخۆشــان نــەبوو بــەگرفت بــۆی...بەتایبــەت قــسەولێدوانی ئەوانــەی کوشــتەو گــیرۆدەی ژێربــاری پەروەردەیــەکی دواکەوتوو ژینێکی سیاسی خنکێنراوبوون...

بەم هەنگاوە کۆتو بەندە کۆمەڵایەتیەکانیان هەپرون هـەپرونکرد، دوای نانخواردنی نیوەڕۆ بەشاردا گەڕان...یەکەمجاربوو دوای ئەو ئەزموونە تاڵە کچەکە هەست بەخۆشحاڵی بکاتو شادی لەدەرگای دڵو دەروونـی بیمـارو نەخۆشی بدات...شادی لێوان لێوی دڵی برینـداری بوبـوو" چـۆن ئـەو لاوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بــەدەر لەجەســتەو لــەش و لاری پەیوەندییــەکی روحــی گــەورەی لەگــەڵ گرێــداوەو تێڕوانینــەکانی پــڕ لــەمانای بــەرزەو پــاکیزەیی ناونیــشانی پەیوەندییەکەیانەو هەموو گرفــتو ئاســتەنگەکانی رێ ســاردیان ناکاتــەوە لەو هاوڕێیەتیەو دەستبەرداری نابن...

لەژێر فشاری شادمانیدا بەشازادی وت:

ـ دیسان خۆشیت بردە نێو دڵم ...نازانم چۆن سوپاست بکەم؟!

لەسۆنگەی بارە دەروونیەکەوە شازاد بەشەرمەندەییەوە وتی:

ـ من بەهاوڕێیەکی ئازیزت دادەنێمو ئەوەی کردوومــە رەوشــێکی ســادەو ئاسایی نێو هاوەڵانە...سوپاس بۆ تــۆ کەمتمانــەت پێکــردم" ئومێــدەوارم هەمیشە جێگەی متمانەی تۆبم...

کچەکە لێی نزیکبوەوە بەجۆرێك لەپشت ئەستووریو دڵنیاییەوە وتی:

ـ خەریکبوو تەواو هەرەسم دەهێنا...بەڵام ئەو تەنگەشەو ئاقارەم بڕیو شنەبای شادیی بەهێواشی لەدەرکی دڵم دەدا...

کەوتەژێر کاریگەری دەستەواژەی دواییەوە لێی پرسی:

ـ مەبەستت چییە ؟

هێــشتا ئامــادە نــەبوو بــۆ دوانــدن لــەبارەی رابــردووەوە" بــۆ دواخــستنی نهێنیەکەی وتی:

ــ لــەداهاتوودا کــاتێکی زۆرمــان بــۆ رەخــساوە پــتر بــدوێین ... پەلەمەکە...بارووداوەکان ئاڕاستەی خۆیان بگرن...

شازاد پێی دانەگرت لەسەر پرسیارەکەیو چەندین بابەتی تر هاتەپێشو لێدوانو قسەیانکرد لەبارەیانەوە تا دەمی ئێوارە...دواتر بــەپێو هێــواش هێــواش گەڕانــەوە بــۆ ئەوگەڕەکــەی کــچەکەی تێــدا نیــشتەجێبوو، مەبەستیشیان پتر یەکتر ناسین بوو لەبڕینی ئەو ماوەیە بەپێ...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەمیانـــەی قـــسەکانیاندا روو بەباســـی ســـۆزگەراییو دروســـتکردنی پەیوەندییـــەکی پتـــەو لـــەنێو هاوەڵانـــدا دەدوان...ئـــەم ســـەرەتایەش هەنگاوێکی باش بوو بۆ بەدەرخستنی چەندین بواری ژیـانی هـەردووکیانو لەیـــەکتر نزیکبوونـــەوەیان گەرچـــی مـــۆرکێکی تایبـــەتو هێواشـــی لەخۆگرتبوو...

پەیوەندییەکەیان لای کچەکە کاریگەرییەکی تایبەتی هەبوو لەسـەر دڵـی زامـداروو برینـداریو ئـەو ئەزموونـە شکـستخواردوەی تـاڵاوی کردبـوو بەگەرووداا...دوور دوور لەهەستی ئـەوین خـۆی بەرانبـەر شـازاد دەنوانـدو دەیویست بەچەشنێکی جیاواز لەئەزموونی رابردووی ببات...

لەورۆژەدا بۆیدەرکەوت گەلی کورد لەژێر چ مەینەتو بارێکی پڕ ناسۆریدا دەنـاڵێنیٚ، لـەکرۆکی کێـشەی کـورد حـاڵیبوو، دواتـر تێڕوانینـی حزبـی کەوتەبەر گەردەلوولی بێئەمانو زەبری هەڵوەشانو بەدەرخستنی گوتاری درۆی حزبیەکان...چیتر راستی بەشاراوەیی نەمایەوە لەبەرانبـەر کـچێکدا ئالوودەی راستیو گەیشتن بێت بەسەرچاوەی ئەو کێشە ئاڵۆزەی گـەلێکی مەینەتبارو چەوساوەی  بەگیر هێنابێت...

ئیدی بەربەستەکانی ترسو بیمی شکانو بەئازادانە بیری کردەوە بەدوور لەجەڵلادو سیخوڕو ئەجندەکانی سیـستمی تۆتالیتـەریزمی کـەوا سـەراپای عێراقیان تەنیبوو...

دروستی بیرکردنەوەشی تـامو چـێژێکی تایبـەتی لـەخۆگرتبوو، گەرچـی جەربـەزەییو گوسـتاخی دەویـستو کەسـێك لەوپـەرێزە بەدەردەکـەوت ویستێکی بەرزی بۆخۆی دەستنیشان کردبێت...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

"دەبوو رۆژانــی داهـاتوو رووداوی بێـشوماری لـەخۆگرتبێتو بـەبارێکی خراپــدا بــشکێتەوە، ژینــی ئەوکــچەش بگاتــە ســەر لێــواری تیاچــوونو چارەنووسێکی نادیار...

رووداوەکــان چــەقیکی تایبــەتیان هەیــەو بــا دەســتبەرداریان ببێــتو لەئیمرۆوە ددانی بۆ تیژ نەکاتەوەو خۆی نەهاوێژێتە مەیدانێك رووداوەکانی دوور لەواقعو راستی هەڵچنرابن..."

بەم شێوازە بیری دەکردەوە کاتێ لەژوورەکەیدا هەڵتروشکابوو ، ترسو بیم لەدەرکی دڵی نەدەداو ئەو بارە نوێیە خۆشحاڵی پێدەگەیاند، هۆکەشی دەگەڕایەوە بۆ پەیوەندی بەو لاوە کوردەوە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 5

ئەوجوانیو لەشو لارە شووشە ئاسایییەی شەوی رابردوو بەدەرکەوت بەدیار چاوی سەلاحەوە پالّی پێوەنا بەوردیو پیاهەڵدانەوە بۆ سەرۆکی مونەزەمەی باسبکات...

سەرەڕای گێڕانەوەی رووداوەکە لەنووکەوە تا کۆتایی...کاتێ دەکەوت بەسەر باسی جووتە مەمكو ئەندامەکانی کچەکەدا بەرپرسی مونەزەمە لیك بەلاشەویلگەکانیدا هاتنەخوارەوەو خەیالّی پڕ دیمەنی سێکسی زالّبوو بەسەریا...

زۆرجار حزب کچانی لەبەغداو شارەکانی دییەوە دەگواستەوە بۆ سلێمانی بەلاّم هەرگیز سەبارەت بەجوانی کەسیان ئاوا باسو خواسو دەنگو باس دانەکەوتوەو کچە بەغدایییەکە لەدیدی بەرپرسی مونەزەمەدا مایەی بەسەربردنی شەوانی سوورو ئالّو والآی سووری پڕ هەزارەها چیرۆك بوو کەلەماڵی سەلاّح یان هەر ماڵێکی تری هاوکاری حزب زیندوبکرێتەوە...

بەرپرسەکە شێتگیربوو ، چەندین جار لەخۆی پرسیو دەروونی هێنایە ژێر پرسیارەوە : چۆن ئەوشۆخە ناوازەیەت پشتگوێ خستووە...!؟؟بەخێرایی فایلەکەی کردەوەو بەپاكو خاوێنیو بەدوور لەنیشانەبوو کەلەلایەن حزبەوە بۆ سوزانیەکان دادەنرا...خەمو پەژارەگرتی لەسەرئەوەی فایلەکەی بەو چەشنە بێگەردو پاکبوو...وێڕای

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەش ئومێدی لەدەست نەداو بیری لەوەکردەوە بەدووی بوارەکانی کەسێتیدا بچێتو بەوردی بیخوێنێتەوە، یەکجار دڵتەنگو نیگەرانبوو بەحاڵیخۆیو پێگەیشتنی رابردووی ، بەخاوی رووناکی لەرووخساریدا برِا، بەلاّم خۆی نەدابەدەستەوەو هەولّیدا پلەوپایەی حزبی بەدەربخاتو هاوشانی ئەوەش حالّی بەرپرسەکانی تری هێنا بەبیری خۆیدا ، ئەوانیش لەهەمان پلەدانو کەمترین ئاستی رۆشنبیریان نییەو لەدایکبووی هەمان بارو حالّن" کەچی بەگەورەو شکۆداری عێراق ناودەبرێن...ئەمەکداری بۆ حزبو سەرۆك پیاوی خێڵەکیو نەخوێندەوار دەکات بەنمانایەکی زیندوو لەنێوان هاوشانەکانیداو بەپێشەنگی تاکی چاكو لەبار دادەنرێت" گەواهیدانی حزب پتر لەهەر گەواهیو شەهادەیەکیتر بەهێزترەو بەشانو باڵ هەلّدانادا لەبۆچوونەکانی دی بالاّترن کەوا مایەی سەرسامی کچو ژیان یا سەرجەم خەلّکیبێت...!!

ئیتر بۆ هەست بەشەرمەندەیی بکات لەکەمی رۆشنبیریو نەخوێندەواریدا ؟! بەرپرسە گەورەکان بەتایبەت وەزیرو سەرۆك ناوچەکانو خەلّکی ریزیان بەستوە لەبەردەرکیانداو هیوادەخوازن روویەکیان تێبکەن...!!

سەرۆك بەم چەشنە ریّو رەسمی کەسێتی کێشاوەو دەیەوێت حزب جێی تێروانینو هەولّی هەموو شکستخواردوو دۆراوێکی بواری خوێندن بێت...! بەمەرجێك پابەندبێت بەحزبو سەرکردە هەلّکەوتوو ناوازەکەیەوە...! با نەزانینو نەخوێندەواری لەجێی خوێندنو فێربوون دابنرێتو نیشانەو هێمای حزبو ئەمەکداری لەبری رۆشنبیریو زانست دابنریّ...!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بزەیەك پەڕییە سەرلێوی بەرپرسەکەو شانازی بەتاڵو پووچی کرد بەحزبو سەرۆکەکەیەوە...کچەکەشی بەمولّکی خۆی دانا هەر لەوساتەوە بڕیاری لێ نزیکبوونەوەیداو بەپاروویەکی بەچێژو تامی داناو ئەمەکداریشی بەهۆکاری دەستکەوتەکانی دانا...

کاتێکی خۆشی لەگەڵ بەسەر دەباتو ئارەزووە تێر نەبوەکانی تێر تێر دەکات...!!

بەپەرۆشەوە روو بەپیلانەکەیچوو، هەرئەو رۆژە داوی هەڵخست بۆ راوکردنی کچەکەو نزیکبوونەوە لێی...لەنەخشەکەیدا هیرانو سەلاّح رۆڵێکی تایبەتیان هەبوو، بەوردی سەلاّحی تێگەیاندو کۆسپی دیارو بەرچاویش ئەوەبو هیران زمانی عەرەبی نەدەزانیو توانای ئاخاوتنی نەبوو پێی ، بەلاّم نیشتەجێکردنی کچەکە لەماڵیان سروشتێکی تایبەتی هەبوو لەتێکەڵبوونو خوێندنەوەی تاڵە ئارەزووەدارەکانی نێو دەروونو هەموو وابەستەکانی شەوانی سوور ، بەرلەوەی هەردوو هاوسەر بکەونە خۆ بەرپرسەکە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا داریکردو ویستی لەنزیکەوە کەسێتی بخوێنێتەوە...

بەلاّم دەروونی هەردووکیان زۆرلەیەکەوە دووربوو...کچەکە خاوەن ویستێکی یەکجار ناسكو ناوازەبوو وێڕای رۆشنبیریو کەم وێنەیی لەنێو هاوەلاّنیدا، بەرپرسە حزبیەکەش ئارەزووبازێکی نەزانبوو ، کەمترین پشکی خوێندەواریو رۆشنبیری بەرنەکەوتبوو...تاکە هیواو ئاواتی رازیکردنی ئارەزووەکانیو زیندوکردنەوەی شەوانی سووربوو لەگەڵ کچانی سوزانی هاوکۆمەڵی خۆی یان سوزانیەکانی تری شار...

لەسەرەتاوە نیازی بەرپرسەکە ئاشکرابوو بۆ کچەکەو ناخی پیاوانی حزبو شوێنکەوتوانی بۆ دەرکەوت ...چاوپێکەوتنی یەکەمیان هەنگاوێکی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گرنگبوو لەژیانیداو خاڵی وەرچەرخان بوو لەدوورکەوتنەوەی یەکجاریی لەحزبو رێبازە رەشەکەیو بەرپرسە سووكو رسواکانی...

لەنەزانینو گێلی بەرپرسەکە سەبارەت بەکەسێتی کچکە راستەوخۆ کەوت بەسەر باسی داوێنپیسیو تێرکردنی ئارەزوو و زیندوکردنەوەی شەوان لەگەڵ سوزانیەکان بەو چەشنەی خۆی بۆ ئامادە دەکات ، حزبیشی بەپەناو پشتگیرێکی بەهێز دانا لەرێگەی رەهایی پەیوەندییە سێکسیەکاندا...! کچەکە سەرسامبوو بەقسەکانی بەرپرسەکەو ترسی لێنیشت لەو درندانەی رۆژێك لەرۆژان بەپیاوسالارانی بەئەمەکی عێراقی دانابوون بۆ داهاتووی چاوەڕوانکراوی...لەگێلیو بێهوودەیی قسەکانی بەرپرسەکە خۆی بۆ رانەگیراو وتی:

- ئەو هەڵوێستو باسانە پەیوەندی بەکەسێتیەوە هەیەو من ئازادم لەبۆچوونو پەیوەندیم لەگەڵ کەسانیتردا و چۆنیەتی بەسەربردنی کاتەکانم...

تیژی شێوەی لێدوانو قسەی بۆ بەرپرسەکە بەدەرکەوت ، لەلایەکی دیکەشەوە خۆی پێنەگیرا لەبەردەم ئەو کچەجوانو شۆخەداو ترسی لێنیشت لەوەی زۆری لێبکات ، بەزۆر لەخۆکردنو نواندنێکی دەستکردەوە وتی:

ــ راستە...هەموو کەسێك ئازادە لەهەڵبژاردنی پەیوەندییەکانیو چۆنیەتی بەسەربردنی کاتەکانی...بەلام دەبێت مرۆڤ ئازادبێتو کۆتوبەندەکانی رابردوو بشکێنێو مرۆڤێکی مەدەنیو پێشکەوتووخوازبێت...!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

+بەلاَم ئازادی ئارەزووپەرستیو رەهاکردنی حەزەکان ناگرێتەوە لەگەلْ پێشێلکردنی کۆتو بەندە کۆمەلاَیەتیو ئاینیەکان بەتایبەت ئەخیلاقیەکان...

بەرپرسەکە بێچارەسەربوو لەبەردەم ئەوکچەداو سووربوونو پێداگرتنیشی لەسەر بۆچوونە رەهاو سێکسیەکانی بێزارو ناشیرینی دەکات، دەگونجێت ئەوکچەش بەکرێگیراوێکی موخابەرات یان پیاوانی ئەمن بێتو، ناردنی بۆئەم شارە وەك تاقیکردنەوەو ئەرکێکی پیلان بۆرێژراو وانەبێتو حزب بیەوێت چەن بەرپرسێك رسوا بکات....!لەترسا شێوەیەکی تری هەلْبژارد لەمامەلْەکردن کەپێشتر لەگەلْ هیچ کچێك یان ژنێکدا بەوچەشنە مامەلْەی نەکردبوو، هەولْیشیدا وتەکانی پێشووی بسڕێتەوەو وتی:

ـ تۆ کچێکی رۆشنبیری ...خۆشحالْبووم بەناسینت...شانازی بەهاورێیەتی کارکردن بەیەکەوە دەکەم لەپێناوی بلاَوکردنەوەی بنەماکانی حزبو وتەکانی سەرۆکی فەرماندەـ خوابیپارێزێ ـ

نەیدەتوانی بەم قسەپڕوپووچانە کچەکە هەلْبخەلْەتێنێ، لەکاتێکدا ئەو خاوەنی هەستێکی ناسکبوو، چاوبزیو سووکی بەرپرسەکەو نیازی گلاَوی بۆ روونو ئاشکرابوو، بەلاَم بۆ بەرێوەبردنی بارو دۆخەکە وتی:

ـ سوپاس بۆ تۆ...من خۆم بەنوێنەری حزب دادەنێم لەخوێندنگەو فیدای سەرۆکم ـ خوا بیپارێزێ ـ .

ئنجا بەرپرسەکە بەلافو گەزافەوە بەشانو بالْی کاری حزبی خۆیاندا هەلْیداو وتی:

ـ ئێمە لەشارێکی فیتناوی پڕ لەکێشەدا دەژین...دەبێت ئاگاداربیت " هەر جموجوولْێکت هەست پێکرد بەپیاوانی ئەمن رابگەیەنە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لـەم قۆناغـەدا هـەوڵ دەدەیـنو دەسـتە تێکـدەرەکان بـبڕینو ڕەگو ریـشەیان هەڵبکێـشین...تـۆ بەرپرسـی حزبـی لەخوێندنگـەو دەمانـەوێت لەسـەراپای ڕووداوەکـان ئاگادارمـان بکـەیت...پـشت بـەتۆ دەبەسـتین ، هـــەرکات جێگیربوویـــتو لەگـــەڵ بارودۆخەکـــەدا ڕاهاتیـــت ئـــەرك و بەرپرسیارێتیتر دەخەینە ئەستۆت...

بێزاربـوو لەقـسەکانی بەرپرسـەکەو، دانـی بـەخۆداگرت تاچـاوپێکەوتنی یەکەم لەنێوانیان بەهێمنی کۆتایی بێتو لەوژوورە بەدەربکەوێت بێئەوەی ڕاوبۆچوونی خۆی بەدەربخاتو پوچەڵی بڕوای بەحزبو سـەرکردە بـەتاڵو لەخۆبایی بوەکەی ...

چاوپێکەوتنی یەکەمیش کۆتایی هـات لـەنێوانیانو بۆیدەرکـەوت بۆچـی ئـەو بەرپرسـە بەوڕادەیـە گرنگـی پێـدەداتو بەچـاوەبزەکانی نیگـای ئارەزووبازی بەسەر لەشو لاریدا دەگێڕێت...

لەوساتەیا بیری جوانیەکەی کەوتەوەو نیگـەرانبوو لـەوەی ئـاخۆ تاکـەی ئارام بگرێت لەسەر نیازی گلاوی پیاوانو تەنگ پێهەڵچنینی...بێزی لەپیاو هاتەوەو نکـووڵی لەتێڕوانینـەکانی کـردن، لـەناکاو شـازاد لـەنێو ئەندێـشەو خەیاڵیـدا بەدەرکـەوت بەتێڕوانیـە پاکیزەییـەکانی تایبەتمەندیـەکی کـەم وێنەی هەڵگرتبوو ، وێڕای ئـەو واتـا بەرزانـەی لەمیانـەی پەیوەنـدی تـازە لەدایکبوویانەوە سەری هەڵدابوو...

ئەو مامۆستایە کاریگەرییەکی تایبەتی هـەبوو لەسـەر هەسـتو نەسـتو دڵـی برینـداریو، پـاکیو جەسـتە نەویـستی تیـا دەبینـیو خۆشـی دەویـست...ئـەو هاوچەشـنی هـاوەڵانی نـەبوو" مامەڵەکەشـی جیـاوازبوو لەگەڵ مامەڵەی هاوەڵانیتری ، ئەوان بەچەشنێکی جیاواز مامەڵەی لەگـەڵ دەکەن ، هەموو جووڵەیـەکی بەڵگەیـە لەسـەر پـاکێتیو بەرائـەت...ئـاخۆ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەمە سەرەتای چیرۆکی دڵدارییەکی تربێت یان پەیوەندییەکی سۆزداری نوێ...؟!نا...سەرسام بوون جیایە لەخۆشەویستی...سەرسامبوونی بەشازاد دەکرێ روو بەدڵدارییەکی راستەقینەی بباتو پەیوەندی سووكو نزمی وەك شێوەی رابردوو لەخۆنەگرێت...

لەگەرمەی شادیو دڵگەرمیدا بەوپەیوەندییە لەدڵی خۆیدا وتی: "نازانم ئەم پەیوەندییە چۆن کۆتایی پێدێت...تۆ سەرچاوەی خۆشەویستیو ژینی نوێی منی...من سەرسامم پێت بەچەشنێکی ناوازەو بێوێنە...تۆ مرۆڤێکی شکۆداری...هەرگیز شەرم ناکەم گەر بڵێم پاکێتیم لەتۆدا خۆشدەوێت...

دڵنیانیم لەراستی هەستو نەستم بەرانبەر بەتۆ...بەڵام دڵم لەبۆ دیدارت دێتە جۆشو ئارەزووی بەیەکەوە بوون دەکەم بۆماوەیەکی دووردرێژ...

ئەی هەناسەی روح سەرلەنوێ شادیم بەبەرا بهێنە...وادەبینم خۆشحاڵی بەهاوەڵایەتی نوێو شاسواری راستەقینە...!".

وازی لەبیرکردنەوە هێناو شەرم بەرووخساریدا دیاریدا، جۆرێك لەخۆشەویستی پەنهان لەدوایەوەبوو..ناسینی حزبو بەرپرسەکانی رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لەو هەستە گەرمو گوڕەدا، ئەو رۆژە لەسەر بارو شێوەی راستەقینەی خۆی لەرووداوەکان حاڵیبوو بەدوور لەکاریگەری پووچو بەتاڵی هۆکارەکانی راگەیاندنو قسەی بەرپرسە نەخوێندەوارەکان...

ئەو راستییە هەرگیز پەنهان نەدەکرا " حزب رێکخراوێکی ئیرهابیەو سەرکردەیەکی خوێنمژو گەلەستەمکارێکی شکستخواردوو پێکهاتووە...

بەڵام دەبێت بارودۆخەکە بەرێ بکات تا کاروبارەکانی بەجێ دەهێنێو بەبۆچوونو پەیوەندییەکانیدا دەچێتەوە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 6

**پە** یوەنـدی نێوانیـان ئاڕاسـتەیەکی تـری بـەخۆوە بینـی...چـیتر سەراسیمەییان بەیەکدی بۆ نەشـاردرایەوە...روانینـە پـاكو بێگـەردەکانی کەناوپۆشی واتای مەزنبوو بوونو یەکانگیری روحیان لەوێنەیـەکی سـەیردا بەدەرخست وەك ئەوەی لەمێژ بێت ئاشنای یەك بووبن...

هەستیان بەپاکیزەیی‌و خۆشەویستی‌و لەدایکبوونی چیرۆکێکی مـەزنکرد لەنێو خۆیاندا" بـەهۆی تێکـەڵبوونی رۆژانـەیانو دەرنەچـوون لەئاڕاسـتەی دروسـت" خۆشەویـستیەکەیان لەرێگـەی تێڕوانینـەکانی چـاویانەوە دەگۆڕییـەوەو هەسـتێکی دەگمـەنو کەموێنـە بالاپۆشـی دڵـی گـەرمو ئالوودەیان دەبوو...

هەر ئەو خۆشەویستیەی واتـای مـەزنی لـەخۆگرتووە مـرۆڤ دەگەیـەنێت بەپایان گەر بەڕاستی‌و دوور لەئارەزووبازی پیادەبکرێ ئەوا مـرۆڤ بەباشـی ئـەركو رۆڵـی بەجێـدەهێنێت لەکۆمەڵـداو دوور دەکەوێتـەوە لەبۆسـەکانی ئارەزوو دابەزین بۆ سووکترین ئاستو پلە...

خۆشەویـستی ناسـك ناسـکی کردبوونـەوە..بـەرگێکی ئەرخـەوانی گـوڵ ئاسـای هێنـابوو بەسـەریانداو رۆژ بـەرۆژو سـات بەسـات گەشـەو بـالا دەبوون...کاتی رۆژانەی خوێندنگەیان بەخێرایی تێپەڕدەبوو بەبێ ئەوەی هەسـتی پـێ بکـەن...سـەرەڕای دڵگیریـان بۆیـەك بـەلام بەشـێوەیەکی راستەوخۆ نەیان درکاندو لەو قاڵبەدا پەیوەندییەکەیان مایەوە...!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کچەکە لەلای خۆیەوە کۆشا بۆ زانینی سەرجەم وابەستەکانی شازاد، لەناسینی خانەوادەو خزمو کەسوکارو نەشونمای لەمناڵیەوە...زۆریشی پێ داگرت بیبات بۆ ماڵی خۆیانو بەئەندامانی خانەوادەکەی بناسێنێت...

شازاد نکوولی نەکرد لەبەجێهێنانی داواکەیدا گەرچی ماڵەکەیان لەگەڵ دروستکرابوو دەکەوتە گەڕەکێکی میللیو دێرینی شار...

پاش تەواوبوونی ماوەی ئاسایی رۆژانەیان لەخوێندنگە شازاد کچەکەی برد بۆماڵی خۆیانو، بەپێ چوون تا بواری دواندنو تێکەڵبوونیان پتر بۆ برەخسێت...بەوردی باسی دیاردەکانی گەڕەکە دێرینەکەی خۆی بۆکردو کەلەبیناو شوێنەوارەکانی سەردەمی بابانیەکاندا خۆی دەبینیەوەو لەشێوەدا دەگەڕایەوە بۆ دەستکردی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی...

دەروازەکانی گەڕەکەکەیان لەسەر تەرزی عوسمانی دروستکرابوو، هەر بینایەك لەدوو دەستە یان قات پێکهاتبوو، لەناوەڕاستی باخچەکەشدا حەوزێکی ئاوی تێدابوو دەوروبەری بەسەوزاییو دارو درەخت گیرابوو...ئەو سەوزاییەی هەموو بەشێکی حەوشەکەی دەگرتەوەو لەدرگای ماڵەکەوە تا سنووری بیناو ماڵ...

مەزنترین دیمەنی دڵڕفێن کەبۆنی رابردووی هەڵگرتبوو ئەو حەمامەبوو لەشێوەی دوو گومەزی خڕی گەورەدا دروستکرابوو ، بەیەکێك لەدیاردە شوێنەوارییەکانی گەڕەك دادەنراو هەموو تاکێکی گەڕەك نێر یا مێ یادەوەری هەبوو لەنێویا...

خەزێنەی ئاوە گەرمەکەی حەمامیش چیرۆکی سەیرو سەمەرەی هەڵگرتبوو دەربارەی جیهانی جنۆکەو ترسانی خەڵکی لەوەی لێی نزیك ببنەوە، ئەو چیرۆکانەش کاریگەری تایبەتی هەبوو لەسەر منداڵانو

دوورنەکەوتنەوەیان لەدایکان کـاتی خۆشـتنیان لەترسـی جیهـانی نادیـارو روحە یاخیو سەرکەشەکان...!

شەقامی گشتی گەڕەکیش دەیڕوانی بەسەر ساختمانی (سەرا)ی دێریندا کەبەساختمانێکی دێـرین دادەنرێـتو پلەوپایەیـەکی بـەرزی هەیـە بـەهۆی مێژووی پرشنگداری" کاتێ جەماوەری شۆڕشگێڕ راپەڕینو خۆپیشاندانیان بەرپاکرد دژ بەئینگلیز لەساڵی 1930داو تووشی داپڵۆسـینو دامرکانـەوە هاتنو ژمارەیەکیان لێ شەهیدبوو...

لەوڕۆژەوە (سەرا) بوو بەچەقی شارو سەراپای جموجووڵەکانو جێگـەی تێڕوانینی میوانانی شار لەگشت لایەکەوە...

بەوردی گوێی گرتبوو بۆ قـسەکانی شـازاد کـاتێ دەربـارەی شـارەکەی دەدوا، لەگەڵ ئەو گەڕەکـەی تێیـدا پـەروەردەبوبوو..لەئەندێـشەو بـیری خۆیـدا چـەندین لایـەنی گرنگـی کەسـێتی شـازادی بـۆ دەرکـەوت، پـتر ئـالودەبوو بـەو کەسـێتیەی لەیەکـەم سـاتی چـاوپێکەوتنی پێـی سەرسـامبوبوو..لەدڵـەوە خۆشـی ویـستبوو ، نمانـای شۆڕەسـواری راستەقینەی خەونو ئاواتەکانی تێدا بەدی کردبـوو " کەشایـستەی هـەموو قوربانیو بۆسووتانێکبوو...

بەیاوەری یەك گەیشتنە مـاڵی شـازاد، دایکـیو خوشـکەکانی بەگـەرمی ئامێزیـان بـۆ گرتـەوە، لەنێویانـدا هەسـتی بەڕاسـتگۆییو گـەرمی سـۆزی دایکایەتیکرد...خانەوادەی شازاد لەبەرچاوی نموونەی خانەوادەی خۆیبوو کەلێیان دوورکەوتبوەوەو چیتر لەنێویاندا ژینی نەدەبردەسەر...زۆر خەمو پـەژارە دایگـرتو چـاوەکانی لەنێوجەرگـەی خۆشـیدا بـەکوڵ فرمێـسکی رژاند...بەپەرۆشبوو بۆ رۆژانی رابردوو ئەویادەوەرییانەی هـەرگیز لـەیادی نەدەچوو " گەرچی لەشارێکی دوورو لەنێو نەتەوەیەکی غەریبدا دەژیا...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەموو گریـان بـەبینینی فرمێسك بـەگۆنای ئاڵیـداو پـەژارە بەسـەریاندا باڵیکێشاو، بۆچەن ساتێك بێدەنگبوون ، شازاد تەوقی بێـدەنگی شـکاندو وتی:

ـ تۆ لەماڵی خۆتای...تکات لێدەکـەم حـەنان گیـان مـەگری ...بۆچـی دەگریت...؟! دایکم وەك دایکت وایەو تۆ غەریب نیتو یەکێکی لەئێمە...

لـەجموجوولێکی سـەیردا لێـی نزیکبـوەوەو دەسـتی گوشـیو چرپاندی بەگوێداو وتی:

ـ تکات لێدەکەم ئەوەندە خەمو خەفەتبار مەبە ...!

نزیکـیو ناسـکی شـێوازەکەی کـاری لێکـرد، خـۆی داگـرتو شـازادیش هێـواش هێـواش لێـی دوورکەوتـەوە، ئنجـا دایکـی شـازاد بـەجوانترین دەستەواژە خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕی ، ئەویش لێی حـاڵیبوو گەرچـی هێشتا تازە کەم کەم فێری کوردی بوبوو...

ساتێکی خۆشیان بەیەکەوە بەسەربرد...لای کچەکەش دیدوتێڕوانینێکی روونو دیاری بۆ دروستبوو بەرانبەر شازادو خانەوادەکـەی، پـتر ئـالوودەو هۆگریبوو ، دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆشیان خواردبەیەکەوە لەگەڵ شـازادا لەژوورەکـەی دانیـشتن لەنێوکتێبخانـە سـادەکەی کـەوا کتێبـی کـوردیو عـەرەبی بەپـەرتو بـڵاوی لـەخۆگرتبوو ، کـچەکە کتێبێکـی کـوردی گـرت بەدەسـتەوەو چـەن دێڕێکـی لێخوێنـدەوە ، شـازادیش یارمەتیـدا لەراسـتکردنەوەی دەربڕینـی وشـەکانداو لـەکاتی خوێندنـەوەدا چـاویان لەسەریەك گیرسایەوە، چەن ساتێکی بێـدەنگ بەسـەریاندا تێپـەڕبوو، ئـەو سـاتانە جـوانترین هەسـتی خۆشەویـستی لـەخۆگرتبوو...لەروانگـەی تێڕوانینەکانیانـەوە رۆچـوون لـەناخی یەکـدا ، نمایـشێکی نـاوازەی ئـەو پەیوەندییان دەکـرد بـەنیگا پـاکو بێگـەردەکانیان ...هـەر نیگایـەك وەك

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کورتــە نامەیــەك وابــوو...چــێژیان لەبێــدەنگی وەردەگــرت ، ئــەو جــۆرە خۆشەویستیەش کەلەدوای نیگاوە لەدایکدەبوو بێئاگـای دەکـردن لـەدنیاو جەمسەرە ئالۆزەکانی...پاشان لـەئامێزی خۆشەویـستیدا ونـی دەکـردن‌و هــەموو هەســتپێکراوێکی بەرجەســتەکراویان دەخــستە دواوەو دنیایــان دەبڕی‌و روو بەجیهانێکی‌تر ڕێگەیان خۆشدەکرد...

گەشــتەکەیان چــێژی تایبــەتی‌و کاریگــەری تــەواوی هــەبوو لەســەر جموجوولێـان ، سـاتەکان خێـرا خێـرا تێپـەڕدەبوون بەبێ‌ئـەوەی هەسـتی پێبکــەن ، بــەدەر لــەوەی هێمــا شــاراوەکانی نــاخی نیگاکانیــان شیتەڵدەکرد...

پــێش تــەواوبوونی ئــەو گەشــتە ســەیرە کەبەشــێوازێکی ئــاوا نــاوازەی خۆشەویستی دەستی پێکردبوو " دیسان هەستیان گۆڕیـەوەو ئـەمجارەش هەڵوێــستەکە بەســرووتی بێدەنگیــدا تێپــەڕبوو...هەریــەك خــاوەنی ئەزموونێکی شکستخواردوبوو..دەترسان لەدووبارە بوونەوەی مەرگەسات‌و دەردەسەرییەکان...

ئەزموونی شازاد لەخۆشەویستیدا جیاوازبوو لەئەزموونی کچەکەو، شازاد لەگەڕەکێکی نزیك مـاڵی خۆیـان کـچێکی خـۆش ویـستبوو، بـەڵام هەسـتی خـــۆی بـــۆ دەرنـــەبڕیبوو...دوراو دوور لێـــی وردبوبـــوەو دوای کـەوتبوو...بـەردەوام لەسـەر ئـەم شـێوەیە لەخۆشەویـستی رۆیی‌بـوو تـا لـەناکاو یارەکـەی شـوو دەکـات‌و بەخـەم‌و پـەژارەوە وێـڵ‌و سـەرگەردانی دەکـات...سـوێی جیابوونـەوەو بـۆ یەکنـەبوون ئـاگر بـەردەدات لـەدڵی زامداری‌و بەخەمێکی کاریگەرەوە دەیتاسێنێ...

کاریگەری ئەزموونی شازاد کەمتر نەبوو لەکاریگەری ئـەزموونی کـچەکە، خەم‌و پەژارە دڵی دادەگری‌و بەکوڵ دەداتـە پڕمـەی گریـان...زۆرجـاریش

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ماڵەکەی بەجێدەهێڵێ‌و روو لەگۆڕستانە نزیکەکەی ماڵی خۆیان دەکات‌و لەسەر گۆڕی باوکی دادەنیشێت‌و فرمێسکی ناهومێدی‌و لەدەستچوونی دڵدارەکەی دەڕێژێ...

لەکاتێکیشدا کەلەماڵەوە دەبێت دەچێتە ژوورەکەی خۆی‌و درگاکە دادەخات‌و تەنانەت لەدایکیشی ناکاتەوە ، لەنێو ئەو ژوورەشدا دەستدەکات بەهۆنراوە نووسین‌و دڵنەوایی خۆی دەکات لەسەر شکست‌و لەدەستدانی یاری خۆشەویست...

ئەم ئەزموونەش کاریگەرییەکی قووڵی هەبوو لەسەر دەروونی، لەودەمەشەوە خۆی لەنێو شەپۆلەکانی جودایی دەروونی‌و نامتمانەبوون بەخۆدا دیبووەوە ، گرێیەکی ئاڵۆزو پێچپێچاوی لەناخیا دروستبوبوو ، ئازایەتی‌و بوێری لەدەربڕیندا لەدەستدابوو...غەم‌و پەژارەیەکی توندیش هات بەسەریا کاتێ بیری لەخۆیکردەوە ، کچەکە شوێنەوارەکەی بەرووخساریدا بەدیکردو بەنەرم‌و نیانی لێی پرسی:

- بۆچی وا خەمباریت ؟ئایا دڵتەنگی بەوەی لەماڵی ئێوەم ؟

بزەیەکی سەرزارەکی گرتی‌و وتی:

- نەخێر " هەرگیز وانییە...بەڵکو بۆیەکەمجار هەست بەشادی دەکەم دوای ئەوەی ...

وتەکانی تەواونەکرد ، کچەکەش پێی داگرت لەسەری‌و بۆجارێکی‌تر پرسی:

- دوای چی؟

+دوای ئەوەی لەدەستمدا...

چاودێری هەستی بەوردی‌کرد، بەئەدەبێکی بەرزو لەبەرچاوگیراوەوە هەم لێی پرسی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- دەتوانم بێپێچو پەنا بدوێم لەگەڵت؟!

هەستی بەکردنەوەی گرێی دەروونیکردو ، خەم پەژارەکانی روو بەدەربڕینو دەروو لێکردن دەچوو، بەسووکی وتی:

- بەدڵنیاییەوە...

هێشتا پرسیاری لێنەکردبوو لەبارەی خەمۆکیو دڵتەنگی ، یان هەر رووداوێك وابەستەی بووبێت سەبارەت بەخۆی کەوتە لێدوانو وتی:

- نازانم لەبیرتە جارێکیان پرسیارت لێکردم دەربارەی باری دەروونیو چمکێك لەژینی رابردووت ، لەو دەمەدا وتم وازم لێبێنە باڕووداوەکان ئاڕاستەی خۆیان وەربگرن " ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەڕاشکاوانە بدوێم...

بەئەستەم هەناسەیداو شوێنەواری رابردوو بەرووخساریدا بەدەرکەوت، بێباکانە وتی:

- من لەئابڕوچوونێك هەڵهاتووم...ناپاکێکی درۆزنم خۆشدەویستو دوای ئەوەی وەك مار پێوەیدام بەرەڵای کردم بێئەوەی دەرەنجامی رەفتاری نامەردی هەڵبگرێت...!!

ئنجا بەچەشنی رەهێڵە باران ئەشکی چاوەکانی بەگۆنایدا هاتەخوارو زۆری لەخۆیکردو بۆجارێکیتر کەوتەوە دواندنو وتی:

— ئێستاش دەردەسەری دووریی لەخانەوادەو خزمو کەسوکارو هەستکردن بەئابڕوچونو شکست زاڵە بەسەرما...ئایا دەزانی من بۆ لەم شارەدا گیرساومەتەوە بەدوور لەشارەکەمو زێدی خۆم؟ لەبەرئەوەی من بەنرخترین بەهای خۆمم لەدەستدا...!من ئێستا لەدیدی کۆمەڵدا سوزانیو بەرەڵام...!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شــازاد بێــدەنگبوو هــیچ وشــەیەك لــەزاری نەهاتــەدەرەوە گەرچــی لەژێرکاریگەری قسەکانیدا تاسـابوو، دوای ماوەیـەك بێـدەنگیو جێگرتنـی قسەکانی کچەکە لەدڵیداو، تێپەڕبوونی ساتی قورسو گران وتی:

- تۆ بەڕێزترین کـچیت مـن لەژینمـدا ناسـیبێتم...رازی نـابم بەوشـێوەیە بەرانبەر خۆت بدوێیت...

سەرسام بوو لەوەڵامەکەی شازادو بەچەن هەنگاوێکی جێگیر رووبەرووی چوو ، ئنجا بەپەرۆشەوە باوەشی پێداکردو بێشەرم وتی:

- خۆشم دەوێیت...بەفیدات بم...تۆ شاسواری خەونەکانی منیت...تـۆ کامەرانیو بەختیاری ژینی هەڵقرچاوی منی...تۆ هەمووشتێکی بۆ من...

بۆیەکەمجار شـازاد هەسـتی بەنزیکبوونـەوەی لـەشو لارێکـی نـامۆ کـرد لێیو بەهەمان شێوە خۆشەویستی لەگەڵدا گۆڕییەوەو وتی:

- خۆشمدەوێیت...لەبۆت دەمرم ...

لەئامێزی یەکدا مانـەوە بـۆ چرکەسـاتێك ، ئنجـا کـەمێك هاتنـەدواوەو ، پاشان شازاد لەبارەی ئەزموونی خۆیەوە دواو چوسـتو چـالاکیو ئومێـدو بوێری تێدا دەبینرا کەلەیارەکەیەوە فێربوبوو...پـێش هاتنـە دەرەوەیـان لەژوورەکە بۆ جارێکیتر باوەشـیان کـردەوە بەیەکـداو دڵـداریو ئـەوینیان گۆڕییەوە بەدوور لەشکانی پەرێزە کۆمەلأیەتیو رەوشتیەکان...

ئـــەو رۆژە کاریگەرییـــەکی تایبـــەتی هـــەبوو لەســـەر دڵـــی هەریەکێکیان...سـەبارەت بەکـچەکە شاسـواری راسـتەقینەی دۆزیبـوەوە کەلەمێـژبوو وێڵبـوو بەدوایـدا، شــازادیش ســەرجەم گرێکــانی دەروونــی کرابوونــەوەو بەویــستوخوازی خــۆی گەیــشتبوو دوای ئــەوەی تــەنیاییو خۆخواردنـــەوەو ترســـان لەدەستپێـــشخەری لەگـــەڵ کیژێکـــدا زاڵبـــوو بەسەریا...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

رۆژێکی رەنگین تێپەڕی بەسەریانداو ، بەرووداوەکانی شادی دەروون رووی تێکردنو خەمو پەژارەیان رەوییەوەو درکو داڵەکانی رێیان بەزاند...

لەوشەوەدا کچەکە ئەم چەن دێڕەی نووسی:

"من شادو خۆشحاڵم...لەمێژە هەستم بەشادی نەکردوە بەو چەشنە... دیسان ئەوینداری دەکەم...!شاسواری خەونەکانم دۆزیوەتەوە... مرۆڤێکی یەکجار مەزنە...خاوەن دیدێکی بەرینو فراوانە بۆ ژیان...ئەو وەك ئەو ناپاکەی پێشوو نییە...روحم ئالوودەی لەئامێزگرتنی روحیەتی...ژینم ئێستا واتایەکی تایبەتی لەخۆگرتووە...ئەو خۆشەویستە سەرجەم هیواو تواناو ژینمی بۆ خۆی بردووە...

ئەی خۆشەویستی دڵ تۆ لەکوێ بووی...؟! زۆر گەڕام بەدواتاو هەڵخەڵەتام بەو ناپاکەی بەغدا...!تۆ هەست ناسكو رەوشتبەرزی...من خۆشمدەوێیت...شەرم ناکەم گەر لەقووڵایی دڵەوە بڵێم خۆشم دەوێێت...".

قەڵەمەکەی داناو لەسەر جێگەکەی پاڵکەوت، ئەندێشەو خەیاڵ بردیەوەو خۆی وابینی دانیشتوە دوای رازاندنەوە چاوەڕوانی پێشوازیکردنە لەدڵدارەکەی بەچەشنی پێشوازی میرو پادشایان...مافوری سووری بۆ راخستوەو باوەشی پێدا دەکاتو لەژوورەکەیدا سەمای لەگەڵ دەکاتو دەیهێنێتو دەیبا هەتا ماندوو شەکەتی دەکات ، ئنجا لەسەریەك جێگە پاڵدەکەونو پەیوەندییەکەیان بەقۆناغێکی تردا دەچێتو شادی نەبڕاوە دێتە ئاراوە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 7

چالاکیە بەردەوامەکانی شۆڕشگێڕان مەترسیەکی گەورەیان دروستکرد لەسەر بارودۆخی گشتی لەشاردا " شۆڕشگێڕان نارنجۆکیان هەڵدەدە یان تەقەیان لەسەربازو بەکرێگیراوان دەکرد ...وەك کاردانەوەیەك لەسەر ئەو چالاکیانە هێزە داپڵۆسێنەرەکانی دەستەڵاتدارو فەرمانڕەوای شار هەڵدەستان بەرووخانی دوکانو ناوچە هاولاتی نشینەکانو دەستگیرکردنی هاوولاتیانی بێتاوان...

ژیان جوانیو شەوقی خۆی لەدەستدابوو لەژێر دەستەلاتی ستەمکاراندا، هەزاران کەس هەڵهاتن لەخزمەتی سەربازیو چەوسانەوەی نادروست" روو بەگوندەکان یاخود ئێران...بارودۆخی گوندەکانیش روو بەشێوانو کاولکاری دەچوون...زوربەی گوندەکان بەچەن قۆناغێك روخێنراو دانیشتوانەکانی لەکۆمەڵگەی زۆرەملەی تەنگەبەرو دوور لەخزمەتگوزاری مەدەنیو شارستانی کۆکرانەوە...حاڵو بارەکە پتر شێوا کاتێ ستەمکاری یاخی بڕیارێکی دەرکرد بەڕاگوێزانی سەرجەم گوندە کوردیەکانو بێبەشکردنی دانیشتوانەکەی لەزێدو خاکی باووباپیرانیان...

ئەم هەنگاوە لەبەریەك هەڵوەشانی کۆمەڵگەی کوردیبوو لەگەڵ تێکدانی بناغەی کۆمەڵایەتی کوردی بەشێوەیەکی تەواو...بڕیارەکەش بشێوەیەکی دیاری بەرپاکرد ، هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی زەبرو زەنگێك بەدرێژایی مێژووی کورد کارەساتی ئالەو چەشنەی بەخۆوە نەدیبوو...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەئاســـۆوە ســـەرەتاکانی تیـــابردن‌و پاکتـــاوی گـــشتی لـــەهۆردوە کۆمەڵکوژەکانی ئەنفالدا دەستی پێکرد" کەلە توونـەکانی پاکتـاوو مـەرگی نازییەکان دەچوو...

بەردەوام بوونی ژیان بەوشێوەیە ئەستەم بوو، لەهەموو واتاو شـێوەیەك بـەتاڵبوو ، خـەڵکی لـەنێو بازنەیـەکی بەتاڵـدا دەسـوورانەوە رووبـەرووی ناسۆری‌و مەرگەساتە جەرگبڕەکان دەبوونەوە...

رۆژێك نەبوو دابێت بەسەریانداو کارەسـات‌و مەینـەتێکی خـراپتر لـەوەی رابـردوو روویـان تێنـەکات...ترسـان لەجـەللادە خوێنمـژەکان‌و زیندانـە تاریکەکان بڕابوو بەسەر هاوولاّتی‌و شـارەکاندا...ئـەو جەللادانـە کەسـانی بێتاوانیان دەسـتگیردەکرد، بـەهۆی نووسـینی راپۆرتێـك لەبارەیانـەوە یـا لـەنێو زیندانـە تاریکەکانـدا پاکتاویـان دەکـردن‌و کرێـی گوللـەکانیان لەخێزانەکانیان وەردەگرت لەبری پێسپاردنەوەی تەرمی رۆڵەکانیان...

تـرس‌و بـیم بـاڵی کێـشابوو بەسـەر شـارا ، شـوێنەواری راگـوێزانی گوندەکانیش بەئاشکرا دیاربوو پێوەی...هەزاران گوندنشینی هەژارو داماو بەنهێنی هەڵدەهاتن لەکۆمەڵگـە زۆرەملـەکان‌و لەگەڕەکـەکانی شـارا جێـی خۆیان دەکردەوە...

هەست‌و نەستی ئەو کیژە بریندداربوو بەبینینی ئەو دیمەنانەو ژیان بەدیار رووداوی مەرگەساتەوە...یاخود بینینی خەڵکی بەچەشنێك نەتوانن کـاری رۆژانەیان پیادە بکەن ، خەشم قینی لەحزب‌و هێمـانی دەبویـەوە ، رووبـە بۆچونێك دەچوو بەرز بەرز دەیڕوانی‌و لـەحزب‌و بەرپرسـە شـۆڤێنیەکانی‌و تێڕوانینیان بۆ نەتەوەکانی دی دوور دەکەوتەوە...

زۆر شـــادمانبوو بەهەڵبـــژاردنی بۆچـــوونی ئینـــسانی‌و دوورکەوتنـــەوە لەبۆچوونی نەتەوەیی تەنگ‌و کورتبین...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی پان و بەرینی هێنایە پێش چاوی ، رازینەبوو لەگەڵ شۆڤێنیە نەتەوەییەکاندا بێت " زێدی ئینسانی لەهەر زێدێکیتر فراوانتربوو، رێبازی مرۆڤو خزمەت پێکردنی لەهەر رێبازێکی دی شیاوتربوو. . .ئەو مامەڵە نامرۆییانەش لەدایکبووی بۆچوونی نەتەوەیی تەنگبوو ، وێڕای قەڵاچۆکردنی نەتەوەکان لەپێناوی گەیشتن بەمەبەستی شەڕەنگێزو خراپ. . .

نورو رووناکی بیرکردنەوە روحی لەتو پەی رۆشنکردەوە، هەستی بەخۆشیەك کرد کەوا دڵی شادکردوەو بەمرۆڤێکی چواندوە سەردەمو نێوەندو کەشو باری گەندەڵی نەتەوەیی شۆڤێنیزمی بەزاندوە. . .سەرزەنشتو گلەیی لەخودی خۆی نەبوو، بەڵکو لەو حزبەی هەموو عێراقی کردبوو بەبووکە سەماکەرەیەك و بەپێی تێڕوانینی نەتەوەیی دواکەوتوو هەڵیدەسووڕاند. . .

"چ شوورەییەك دوای مرۆڤ دەکەوێت گەر رێگە بدات بەهەر دروستکراو پێکهاتەیەك گاڵتەو سوکایەتی پێبکاتو بیروبۆچوونی دژ بە مرۆڤ زاڵبێت بەسەریا. . . ! ؟؟عێراقیش بەندی حزبی تاوانبارو ئەو سەرکردە لەخۆباییبوە نەخۆشەیە کەخۆبەزلزانین شێتبگیری کردووە. . .ئەی ناپاکان. . . !من لەدوای ئەزموونێکی شکستخواردو هەڵهاتنم راستی ئێوەو پووچەڵی وتەو بۆچونتانم بۆ دەرکەوت ، عێراق بەندە لەژێر فەرمانڕەوایی ستەمکارو پوچی ئێوەدا ، تاکەی لەسەر تەختی دەستەڵات دەمێننەوەو سەوداگەیی بەچارەنووسی ملیۆنان داماوو بەستەزمانەوە دەکەن. . . ! ؟ ولاتیش بەزیندوو مردووەوە دەناڵێنێ بەدەستی ئێوەوە، ژیان بەم شێوەیە ناچێت بەرێوەو بەردەوام نابێت. . . ".

ئنجا بیری دێرە هۆنراوەیەکی شاعیرێکی کەوتەوە دەڵێت:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەی مەرگ وەرە لام ژین بێمانایە

روح ئامادەیە چەرخت جەفایە ! !

لەژوورەکـــەی خـــۆی بەغـــەمو پـــەژارەوە دانیـــشتبوو ، دوای ئـــەوەی لەباخچەی خوێندنگە بەیانی لەگەڵ شازاد باسێکی گشتی وڵاتیان کردبـوو، خەمو پەژارەی خواردبوو بـەپاکتاوکردنی کۆمەڵگـەی کـوردیی...لـەناکاو گـوێی لـەزەنگی دەرگـابوو، گـوێی پێنـەدا ، دوای چـەن سـاتێك تەقـەی دەرگاکەی هاتو هەستا کردیەوە...

هێــران بــەجلو بــەرگێکی نیمــچەرووتەوە داوای لێکــرد پۆشــاکێکی هاوچەشـنی خـۆی لەبـەربکات " چـونکە هەنـدێك لەکەسـایەتیە حزبیـەکان میوانن لەماڵیانو سەرۆکی رێکخراوەی حزبیش لەنێویاندایە...

بێزاریو نیگەرانی زیادیکرد بەبیستنی ئەو هەواڵە ، ویستی ئامادە نەبێت بەڵام ترسا لەوەی شـەڕێك وابەسـتەی ببێتـەوە، بەناچـاری جلێکـی درێـژو پارێزکاری پۆشـی ، دەسـتکاری دەمو چـاوو قـژی نـەکردو بـەبێ مکیـاجو داهێنان وەك خۆی بەجێی هێشت...

پـێش ئـەوەی لەژوورەکـەی بەدەربکـەوێت سـەردانەکەی بـەرووداوێکی ئاسـایی دانـا ، بـەڵام بـەبینینی ژووری هـەردوو هاوسـەر لـەحاڵو بارەکـە تێگەیشت ، دوای بەخێرهاتنیان لەسەر قەنەفەیـەك دانیـشت دوور لـەوان ، ئنجـا بارودۆخەکــە بەوشــێوەیە نەمایــەوە " دوو خزمــەتکاری یــاوەری بەرپرســەکان مێزێکیــان هێنــاو لەچــەن ســاتێکدا بەخواردنــەوەو مــەزەو چەرەس پڕیانکرد...کچەکە ترسا لەشەڕێکی پەنهان دووی بکـەوێت لـەنێو ئەو گورگە دڕندانەدا ، دوعایکرد ئەو شەوە بەسەلامەتی بەسەربچێ...

کـات بـەخێرایی چـوو بـەڕێوەو هـەموو لـەدەوری مێزەکـە کۆبوونـەوە تەنانەت هیران جگە لە کچەکە ، هەسـتاو ویـستی ژوورەکـە بـەجێ بهێڵـێ،

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زۆریان لێکرد بمێنێتەوەو لەزیندووکردنەوەی شەوا بەشداربێت، بەلاّم چەن بەهانەیەکی بەتالّی بۆ هێنانەوە تا لەو سەرکەشییەی وەختەبوو روویـدەدا هەڵبێتو رابکات...

بەئەستەم قوتـاربوو لێیـانو نەخۆشـی گـرت بەبەهانـە ، خۆشـی بـڕوای نـەبوو بـەوەی چـۆن دەربـاز بـوە لـەو ژوورەی تێـدا پـەرێزی حـەیاو رێـز دەشـکێنرێ هـەتا دەرگـای ژوورەکـەی تونـد دانەخـست بـەکلیل...ئـەو شـەوەش چـێژی خـەو نەچـوە چـاوەکانی تـا دەمـی بـەیانو رۆیـشتنی بەرپرسەکان...

لەوشەوەدا شێوەی ژیانی خۆی لەنێویانـدا بـۆ دەرکـەوت ، چـیتر رێـزی لەهەردوو هاوسەر نەدەگرت چونکە بەدرەوشتو سـووکبوونو هیرانـی وەك سـوزانیەکی سـووكو نـزم دەبینـی کـەخۆی دەخاتـە بەردەسـتی ئـەو بەرپرسانە بەچەشنی کـەنیزەك، بێئـەوەی رێـز لەهاوسـەرەکەی بگرێـت ، سەلاّحیش بەدرەوشتێکی سووكو رسواو بێغیرەتبوو...

دڵنیـابوو لـەدووبارە بوونـەوەی ئـەو رووداوە لەشـەوانی داهـاتووداو مەترسـی لەگـشت لایەکـەوە سـەری لێـدەدات ، گـەر ژینـی بـەو شـێوەیە بەردەوام بێت ئەوا شـێت دەبێـت...ژینیـشی لەنێویانـدا بێمانایـەو ئـەوان هەموو هەستو نەستێکی جوانی مرۆڤ دەکوژن...

سەرەڕای نەنوستنی بەدرێژایی شەو بـەیانی زوو راسـتەوخۆ روو بـەماڵی شازادچوو...

ئەندامانی خانەوادەی شازاد سەرسامبوون بـەبینینیان بـۆی لەوکاتـەدا، بـــەلاّم بێـــدەنگبوونو بەگـــەرمی بـــەخێرهاتنیانکرد...لەرووخـــساریدا شـوێنەواری بێـداری بەدەردەکـەوت، دوای ئـەوەی لەگـەڵ شـازاد بەتـەنیا مانـەوە لەژوورەکەیـدا ویـستی خـۆی رابگرێـت، بـەلاّم لـەناکاو دەسـتیکرد

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەگریان باوەشـیکرد بەشـازادا..لەوەدەچـوو بـەلاو کارەسـاتێکی گـەورە رووی تێکردبێـت ، بـەردەوام بـوو لەسـەر گریـان هـەتا دەروونـی هـەژاوی هێوربوویەوە ئەوجا وتی:

- تۆ نازانیت ئەمشەو خەریکبوو چی رووبدات ! !

+چی بووە ؟!

- من لەخراپەخانەدا دەژیـم...هـیران و ئـەوانیتر وەك نـزمو بێبەهایـەك خۆیان خستوەتە بەردەستی سـەرۆکی ڕێکخـراوی حزبـیو پیاوەکـانی... ئەمشەو تابـەیانی بەیەکـەوەبوون، زۆریـان لـەمنیش کـرد بمێنمـەوە بـەلام خـۆمکرد بەنـەخۆش و بەئەسـتەم تـوانیم قوتـاربیم... ئەمـشەو هـەر نەنوسـتووم و دەمەوبـەیان ماڵەکـەیان بەجێهێـشت...ئەوانـە سـووك و رسواکانی دنیان...ناتوانم پەی بـەکارێکی ئـاوا بـەرم ...مەترسـی سـەری لێداوم...تکام وایە یارمـەتیم بـدەی لـەو ماڵـە قوتـاربیم بەهـەر شـێوەیەك بێت...

بۆ هێمێنکردنەوەو ئاسایکردنی باری دەروونی وتی:

ــ بێباکبـە...هەوڵـدەدەم چارەسـەرێکت بـۆ بدۆزمـەوە... تکـام وایـە هێوربیتەوە ، ناتوانین ئا بەو شێوەیە بیربکەینەوە، گرنگ ئەوەیە هـێمن و لەسەرخۆبیتەوەو بەچەشنێك بیربکەینەوە لەوماڵە دەربچیت...

سەری نایەوە بەسەر سنگیداو وتی:

- دەگوێزمەوە بۆ لای ئێوە لەنێوە ئێوەدا دەژیم...

بێـدەنگ مایـەوە بێئـەوەی وەلامـی بداتـەوە ، کـچەکە بـەردەوامبوو لەقسەکردنداو وتی:

- هیچ نکوولیەکت هەیە ؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

+نـەخێر " بـەڵام ئـەو ناپاكانـە بێـدەنگ نـابن ، دەبێـت بەشـێوەیەكی ئاسایی ئەوكارە رێك بخەین‌و ئەوان هەستمان پێنەكەن...

لەسەرسووڕمان بەئاگاهات‌و وتی:

ـ من لەتۆ زیاتر كەسم نییە...تۆ هەمووشتێكی بۆمن...تكـات لێدەكـەم ناهومێدم مەكە ، من زۆر پێویستم بە تۆیە...

بەخۆشەویستیەوە لەئامێزی گرت‌و وتی:

ـ من هەردەم ئامادەم یارمەتیت بدەم ...تۆ بۆ من سەرچـاوەی ئومێـدو شادیت...بەڵام ئەم بارە پێویستی بەبیركردنەوەو ژیری هەیە، ئەمانە وەك گـورگ دڕنـدەن، بەرپرسـەكە چـاوی بڕیوەتـە سـەرت ، بەناوبانگیـشە بەسووكی‌و داوێنپیسی...گەر بزانێت بەم پەیوەندییـەمان دەستەوەسـتان دانانیشیَ...

بیری روو بەئاسمانێكی تاریكا بـاریكردو، پلانـەكانی دنیـای شـەڕەنگێزو تاریـك رووبـەڕووی دڵدارەكـەی دەبـوەوەو بـەرەو چارەنووسـێكی‌نادیار بەكێشی دەكرد، دەستبەرداری ئەو جۆرە بیركردنەوانەبوو وتی:

ـ نا...ناتوانم تۆ رووبەمەترسی بەرم...من ناتوانم بەبیَ تـۆ بـژیم...تـۆ دڵدارو ئومێدو روح‌و ئامێزی گەرم نیانی منیت...ئەوانە دڕندەن‌و كـەمترین سیفەتی مرۆڤیان هەڵنەگرتووە...

+خۆشەویست تكام وایە هێمن بیت...من بـەروح فیـداكاریت دەكـەم... دەبێت پەلە نەكەین لەبڕیارداندا...

بەقووڵی نیگای تێبڕی‌و وتی:

ـ تكام وایـە پـەی بـەو مەترسـیانە بـەریت كـەدەوریان داوم " مـن چـۆن دەتوانم قوتاربیم لەنێو چنگی خوێنینیان ...؟!

دوای بیركردنەوەیەكی قووڵ‌و بێدەنگیەكی ساتەوەختی وتی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـــ گـــرنگ ئەوەیـــە تـــۆ بەشـــێوەیەکی سروشـــتی هەڵس‌وکـــەوت بکەیت...دڵسۆزی بەدەرخە بۆ حزبو سەرۆك...وریابە نـەهێڵی ئاگاداری پەیوەندییەکەمان بن...

بەئەستەم هەناسەیدا لەنزیکی شازادەوەو وتی:

ـ ئـەو سـووكو رسـوایە بەچـاوەبزەکانی بەدوامەوەیـە، لـەو ئاسـتەیا رانامێنیٚ...

+بەهێزبە ، چونکە تۆ لەوان بەهێزتری...ناتوانن ناچارت بکەن بەکارێك خۆت نکوولی لیٚ بکەی " بەتایبـەت تـۆ خـەڵکی بەغـدایتو بەڕەچـەڵەکیش عەرەبی...لەبارەی بەرپرسـە گەورەکانـەوە بـدویٚ ...هەولْبـدە بـەجۆرێك باسـیان بکـە هەسـت بـەنزیکیت بکـەن لێیانـەوە" دڵنیابـە ئـەمان لـەبڕیار بەدەستو فەرمانڕەوایانی بالاٚ دەترسن...

ـ بـەلاٚم لـەماڵی ئـەو سـوزانییە دەترسـم...ئـەو قەپاتمـەی تایبەتیانـە، شەوانی هەزارو یەك چیرۆکیان بـۆ زیندوودەکاتـەوە...!!تەنانـەت دوایـین جار لەکاتی خۆشتندا هەستمکرد چاودێریم دەکات...هەر لەخۆمەوە ترسم لێنیشت...من ئازادیم لەوماڵەدا لەدەستداوە...

+وازبێنە لەو مەترسیانە " با پلانێك رێك بخەین بەشـێوەیەکی سروشـتی ئـەو ماڵـە بـەجیٚ بهێڵـی...بەتایبـەت کـاتیٚ لەپـشووی نیـوەی سـاڵدا دەگەڕێیتەوە بۆ بەغدا...

بزەیەك گرتیو بەشەرمێکەوە وتی:

ـ کیٚ دەڵیٚ دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا...!!؟ئەمـساڵ لێـرە دەمێنمـەوە... نامەوێت بگەڕێمەوە...

بەخۆشەویستیەکی گەرمەوە وتی:

ـ بڕیارتداوە دوورنەکەویتەوە لێمان ..؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گۆنای سوور هەڵگەڕاو وتی:

ـلەراستیدا خۆشم دەوێیت...نامەوێت لێت دوور بکەومـەوە...هەرچـەند ئـالوودەی دایـكو خانەوادەکـەم بم بـەنزیکیم لـەتۆ ئـارام دەگـرم لەسـەر تالأوەکانی دووریو غەریبی...

+بۆچی تۆ غەریبیت لەنێوماندا...؟!

- نا هەرگیز خۆم بەغەریب نازانم ...لێم مـەگرە هەڵـەی زمـان بـوو تێـی کەوتم...

بەم قسەیە پێکەنیو لێی نزیکبوەوەو دەستیگرتو ماچیکرد، ئنجا وتی:

ــ هـەرگیز دەسـتبەردارت نـابم ..بـەهیچ کلۆجێـك...دڵنیابـە لـەوەی زاڵـدەبیت بەسـەر ئـەو ناپاکانـەدا...سـەبارەت بـە پـشووی نیـوەی ساڵ دەتوانیـت لای ئێمـە بمێنیتـەوەو لای ئـەوانیش بڵێـی دەگەڕێمـەوە بـۆ بەغدا...

کچەکە لەلای خۆیەوە هەوڵیدا خۆشەویستیو سۆزی گەرمی بەدەر بخات توند باوەشی پێداکردو وتی:

ــ بیرۆکەیـەکی گونجـاوو باشـە...تاڕادەیـەك سـتار دەگـرم بـەنزیکیم لەتۆوە...

* * *

بەرپرسی رێکخراوی حزب دەستبەکاربوو لەسەر پیشەی رۆژانەی ، بەلأم بیری هەر بۆ لای ئەو کچە بەغدایییەوە باریدەکردو لەبەرچاوی ون نەدەبوو، بەدرێـژایی تەمـەنی ئـارامی نـەگرتبوو لەسـەر هـیچ ئافرەتێـك بـەو ئەندازەیە...چی وای لێکردووە ئارام بگرێتو غەمو پەژارەی چێژو لەزەت

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەرگـرتن لەجەسـتەی جـوانو ناسـك پەسـەند بكـات؟!ئـەو كيـژە وەك شاجوانەكان وايەو جێگەی سەرنجی هەموو پياوێكە بەدەر لەئاسـتو پلـەو پايەی حزبی...دەبێت بكەوێتـەخۆ تـا لەدەستی نەچـووە...ئـەو هـەوڵو كۆششانەی بەيارمـەتی دەلاڵـەكان دای هـيچ سـوودێكی نـەبوو...جێگـەی خۆيەتی هـەموو ئەگـەرێك بەهەنـد وەربگرێـتو رەچـاوی هەسـتو نەسـتی دەروونـــی كـــچەكەش بكرێـــت...!لـــەناكاو تەلـــەفۆنی هـــەڵگرتو داوای خوێندنگەكەی كـرد، دوای سـڵاو هـەواڵ پرسـين بـانگيكرد بـۆ نـانخواردنی نيوەڕۆ لەجێگەيەك بەتايبەت بەرپرسە گـەورەكانی حـزب لەشـاردا روويـان تێدەكرد...بـەڵام كـچەكە بەرپەرچـی دايـەوەو رازينـەبوو، بەهانەكانيـشی لاوازبوونو بەرپرسەكە بۆيدەركەوت لێی هەڵدێتو درۆ دەكات لەگەڵی بۆيە بەزوبانێكی رەق وتی:

ــ ئـەمجارە باوابێـت بـەڵام جـارێكیتر هـيچ بەهانەيـەكم لاپەسـەند نييە...تۆلە كۆڕودانيشتنی هاورێيانی حزب خۆت دەپارێزێت...ئێمەش بۆ ئێوە وەك خانەوادەو خێزان واين...

كچەكە لەوەڵامی ئەم قسەيەدا وتی:

- هەرگيز وانييە...من نەخۆشمو پێويـستم بەپـشوو هەيـە ، ئەركـەكانی خۆشـم بەشـێوەيەكی تـەواو بەجێدەگەيـەنم ، رۆژانـەش تەلـەفۆن لەگـەڵ بەپرسانی بەغدايا دەكەم...

بەرپرسەكە تووشی شڵەژانو شۆك هـات بـەم دەسـتەواژەيەی كۆتـايیو لێی پرسی:

- چيت وت ؟! تەلەفۆن لەگەڵ كێدا دەكەيت ؟

+پەيوەندييـەكی تـەباو خۆشـم هەيـە لەگـەڵ رێـزدار وەزيـری نـاوخۆو بەرپرسی موخابەراتو مامۆستا عودەيی...!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بیروهۆشــی بەرپرســەكە بــەرز فــڕی: "بــەم جوانیــەوە چــۆن جێگــەی بەربەرەكانیو سەراسیمەی بەرپرسە بالأكان نابێت " ئای من چەن گێلم ".

بەدەم ئەم بیركردنەوەیەوە مایەوە تاكچەكە وتی:

ـ من ئێستا سەر قالّم ، دەتوانین دواتر وتوێژەكـەمان تـەواو بكـەین ... خواحافیز...

خێرا پەیوەندییەكـەی بـچڕی بـەر لـەوەی بەرپرسـەكە وشـەیەك لـەزاری بێتەدەرەوە، گومانەكەی هەر لەسەرتاوە لەجێی خۆیدابوو، ئەوەتا كچەكە نوێنەری موخابەراتو گەورە بەرپرسان دەرچـوو ، لەنێویـشیاندا مامۆسـتا عودەی كوڕە گـەورەی سـەرۆكی باسـكرد...!!چۆن دەسـتبەرداری ئـەم جوانە دەبێت بێئەوەی دەستی پێگەرم نەكاتەوە...

چەن گێلو دامـاوبووم...بـەلأم دەتـوانم بـەدرۆ خـۆم بنـوێنمو خزمـەتی بكەمو لێی نزیك ببمەوەو دەست بەئومێدێكی كورتو بكوژەوە بگرم، لانی كەمەوە نەیەلّم راپۆرتم لەسەر بنووسێت...".

بەخەشمو قینەوە لەژوورەكەی بەدەركەوتو سـواری ئوتومبیلەكـەیبوو بارەگاكـەی بەجێهێـشت...پاسەوانەكانیـشی دوایكـەوتن بەبێـدەنگی وەك بەدوای تەرمێكدا بچن وابوو...

بەم درۆیە كچەكە تـوانی دەسـت بـەگرنگترین هۆكـاری كاریگـەر لەسـەر بەرپرسـان بگـریێو جـار جـارە بیـان تـۆقێنیێو سـنوورێك دابنێـت بـۆ چەوسانەوەی بێنـەواو لاوازەكـانی شـارو رووبـەرووی گـەورەترین بـەرپرس بوەستیێ ، ئەم رووداوەشی وەك خۆی بۆ شـازاد گێڕایـەوە، ئـەویش لـەلای خۆیــەوە هانیــدا لەســەر بــەردەوامبوون، درۆشــی بــەهۆكارێك دانــا بــۆ دوورخستنەوەی بەرپرسە درۆزنە چاوبزەكان لەدەوری...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 8

کا ریگەری خۆشەویستی سـەیرو سـەرنج راکێـشە، کـاتێ دەچـێتە نێـو دڵو ئاوێتەی دەبێت، رۆژ بەرۆژ گەورە دەبێـتو هێمنـیو ئاسـایش دەڕژێ بەســــەر هەســـــتیارەکانی مرۆڤـــــدا ، مـــــرۆڤیش والێـــــدەکات هەســـــت بەخۆشەویـستیەکی بـالاَ بکـاتو ، شـنەبای خۆشەویـستی بەسـەر دڵـی ئالوودەو هەستی برینداریدا هەڵبکات...

باری دەروونی کچەکە لەگەڵ گواستنەوەی بۆ ماڵی شـازاد رووبـە باشـی دەچـوو لەپـشووی نیـوەی سـاڵدا...راهـات لەسـەر ژینێکـی هاوتـای خانەوادەکەیو، لـەدەروونی خانـەوادەی دڵدارەکەیـدا رۆچـوبوو ، هەریـەك بەجیا " خوشکەکانی شـازاد لەهەسـتو نەسـتەوە لێـی نزیکبـوونو باسـی نهێنیـەکانی خۆیـان بـۆ دەکـرد بـەلاَم ئـەو شـەرم دەیگـرت گـەر بـاس لەخۆشەویستی خۆی بکات بۆ براکەیان...

لەژێر چەترێکی رەوشتپارێزدا خۆشەویستی دەگۆڕییەوە لەگـەڵ شـازادو بەدووربوو لەهەموو پەیوەندییەکی ئابڕوبەری رووشـکێن " وەك پەیوەنـدی زوربەی دڵـدارانیتر...خۆشەویـستیەکەیان بەسـروتێکی پـاکیزەو بێگـەردا تێپـەڕ دەبـوو ، جـوانترین هەسـتو پەیوەنـدی سـۆزدارییان بـۆ یـەك هەڵگرتبوو...

رۆژی بـەزوو هەسـتان لەخـەو دەسـتی پێـدەکردو دوای ئـەوەی نوێـژی بەیانی دەکرد ئەوجا لەسەر کورسیەکی دارین دادەنیشت لەنزیك ژوورەکەی شازاد، کتێبێکی دەگرت بەدەستەوە تا هەموویان هەڵدەستان لەخەو، ئنجا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڕوویەکی گەشەوە پێشوازی لـەڕۆژی نـوێی دەکـردو بـەدەم نوکتـەکانی بەهرەی خوشکە بچووکی شازادەوە دەخەنینەوەو دەنگیان بـەرزدەبوەوە دەگەیی بەدراوسێ نزیکەکانیان...

هەفتەی یەکەمی لەماڵەدا خۆشـترین ڕۆژگـاری تەمـەنیبوو، سـاتەکانی بەخۆشەویـستی بـۆ هـەموویان پڕکردبـوەوەو بەتایبـەت شـازاد...غـەمو پەژارەکانی رابردووی لەبیرکرد لەنێو ئامێزی ئەو خانەوادەیـەداو دڵنیـاییو ئاسوودەیی رووی تێکردەوە ، هەموو ڕۆژێـك دایکـی شـازاد باوەشـی پێـدا دەکرد ، ئەویش بـۆنی دایکـی کردبـوو بـەدایکی شـازادەوە، لەگـەڵ سـۆزو خۆشەویستی ئـەودا نـەشو نمایـدەکرد...سـنگی دەخـستە سـەر سـینەی دایکی دڵدارەکەیو وەك منالێـك هەسـتی بەسـۆزی دایـكو هێـوریو نیـانی دەکرد، لەنێو ئەو بارەدا بەرووخساریا جیهانێکی نێرگز پۆش ئاوەلادەکراو ناسۆریەکانی چەشتبووی کاڵ کاڵ دەبوونەوە لەسەر شریتی هەستی...

دایکیشی وێڕای خۆشەویستی بۆی بەلام لەئاستی پێویـستدا نـەبوو وەك دایکی شازاد کەبەسەر منداڵەکانیەوە روحی دەردەچوو شەووڕۆژ بەسـەری دەکردنـــەوەو ترســـی هـــەبوو لـــەناکاو نەخۆشـــیو مەترســـیەك روو لەجگەرگۆشەکانی بکات...

ئەو سۆزو خۆشەویستیە گەرمەی دایکی شازاد بەڕادەیەك بوو هاوڕێیانی کوڕوکچەکانی دەگرتەوەو هەرکەسێك کەمترین پەیوەندی هـەبوو پێیانـەوە تیشکێ لەسۆزو میهرەی بەردەکەوت...

ڕۆژانـە لـەو ماڵـەدا هەوڵیـدەدا لـەکاروباری نێوماڵـدا هاوکارییـان بکـات بەتایبەت لەئامادەکردنی خواردنو قاپو قاچاغ و جل شتندا...بەڕەوشـی ساناو ساکار توانی سەرنجی هەموویان راکێشێتو هەریەك لـەلای خۆیـەوە ئامێزو سینەی بۆ کردبوەوە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فێربوونی بۆ زمـانی کـوردیش رۆژانـه روو بەباشـتر دەچـوو، پێـی دەدوا وێڕای نارەوانی پێوەی بەڵام بەبوێریو سوربوون لەسەریو شەرم نـەکردن لەکەوتنە هەڵەوە ئاستی بەرزبوەوەو جێمێکی باشی بـڕی...بـەردەوامیش هەوڵیـدەدا گـویٚ بگرێـتو پێداویـستیەکانی رۆژانـەی بـەزوبانی کـوردی دەربـبڕێت...

هەموو ئێجگار خۆشیاندەویست ، هەر لەرۆژی یەکەمی ژینی لەنێویاندا ، ئەوانیش لەنێو خۆیاندا چرپە چرپیان تێکەوتبوو سەبارەت بەهاوسەرگیری لەگەڵ کوڕەکەیان ، بـەڵام هیـچکام زاتـی نـەبوو راسـتەوخۆ باسـێکی ئـاوا لـەرووی بـدات " جگـە لـەدایکیان نـەبێت کەدەسـتەڵاتی هـەبوو بەسـەر هەموویانـدا، هـەر بۆیـە لەخۆشەویـستی بـۆ هـەردووکیان دوا لەگـەڵیانو ئامادەیی دەربڕی بچێت بۆ بەغـداو رێو رەسمـی کاریـان بـەجێ بهێنێـت، بەڵام ئەوان وایان پێ باشبوو وادەی پەیوەندارکردنیان دوا بکەوێت...

پەیوەندی نێوان ئەندامانی خانەوادە وەك خۆی مایەوەو پتەوتربوو، پتر پەرەی سەند تەنانەت لەساتە ناخۆشـەکاندا کـەوا شـار بۆردومـان دەکـراو هێزە تایبەتەکان هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵانو خەڵکی بێتاوانیان راپێـچی زیندانەکان دەکرد...

ئەو شادیو خۆشییەی نێوانیـان بـەو تـەرزە تـا سـەر نەچـوو بـەڕێوەو، لەناکاو تێکچوو کاتێ لەیەکێك لەو رۆژانەدا هێزەکانی ئەمن هەڵیان کوتایـە سەر گەڕەکی دێرینو بێهیچ بەهانەیەك شازادیان دەستگیرکرد...

پەل بەستیانکردو بەتوندیش چاویان بەستەوەو بەدیار خانەوادەکەیـەوە خستیانە نێو ئوتومبیلێکـەوە... ئەنـدامانی خانەوادەکـەی دایانـە پڕمـەی گریـانو زۆر پاڕانــەوە لەجــەللادەکان بــۆ ئــازادکردنی بــەڵام بێهــود بـوو...کـچەکە لـەلای خۆیـەوە زۆر کۆشـاو هەوڵـەکانی ئـەویش نەگـەیی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەئەنجامو لەژێر سەختی بارو دۆخەکەدا سەری گێژی خواردو بورایەوەو کەوت بەسەر زەویدا...

سەختی بارودۆخەکە ئێشو ژانێکی زۆری گەیاند بەدڵو دەروونی ناسکیو ئەو کەسێتییەی نمانایەکی زیندووی رۆژانەی خوێندنگەو ماڵ بوو چەوسێنرایەوەو بەدیار چاویانەوە سووکایەتی پێکرا...!!

هەموویان سەرقاڵیبوون بەکچەکەوە کەبوورایەوەو هەستی لەدەستداو هۆشیان بەسەر کارەساتی دەستگیرکردنی شازادەوە نەما...بەیارمەتی دراوسێکان گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانەو لەژێر ئەو بارەدا دەتلایەوەو وشەی تێکەڵو پێکەڵ لەزاری دەهاتە دەرەوە لەنێوان عەرەبیو کوردیدا...زۆرجار ناوی شازاد لەنێو هەردوو لێوی داخراوی بەدەردەکەوتو شوێنەواری رووداوەکەش بەسەریەوە دیاربوو ، پزیشکەکە هەوڵیدەدا بەهۆش خۆی بهێنێتەوەو بەنەرمو نیانی بانگیدەکرد:"حەنان...حەنان".

دوای تێپەڕبوونی ساتە ئەستەنگو گرانەکان لەبێ هۆشی بەئاگا هاتو چاوەکانی کردەوە، بەگەرمی گریا، ئنجا چاوی گێڕا بەسەر دانە دانەی ئامادەبوونی ئاپۆڕە بەستووی دەوری بەلاّم دلّدارەکەی نەدی لەنێواندا ئەوجا هەستی بەقورسی کارەساتەکە کرد...

دایکی شازاد لەلای خۆیەوە هەوڵیدا دڵنیای بکاتو پێی وت:

- رووداوێکی ئاساییە...شازاد پەیوەندی نیە بەشۆڕشگێڕانەوەو دوای لێکۆڵینەوە ئازادی دەکەن...

کچە شیرینەکەم هێوربەوە، من ناتوانم بەو شێوازە بەدیت بکەم...رۆژانە هەزاران کەس دەستگیر دەکرێنو دوای لێکۆڵینەوە ئازاد

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەكرێن...گرنگ ئەوەیە ئـارامو هێمنبـەو پارێزگـاری لەتەندروسـتی خـۆت بكە...تكام وایە دان بەخۆتا بگریت...

ئنجا دەستی گرتو لێی نزیكبووەوەو نێوچاوانی ماچ كرد..ئەویش هەمان هەستی بۆ دەربڕی ، پاشان وتی:

ـ دایە گیان...دایە زۆر بەدڕندانە دەستگیریانكرد...

دایكی شازادیش جار لەدوای جار هێمنی دەكردەوەو دەیوت:

ـ كچە خۆشەویـستەكەم دەسـتگیركردنی رۆڵـەكانمان ئاسـاییە...گـرنگ ئەوەیە بێتاوانەو زۆر لەزیندان نامێنێتەوە...

بەشەرمێكی دیاری رووخسارەوە وتی:

ــ نـاتوانم لێـی دووربكەومـەوە...دەپاڕێمـەوە لـەخوای پـەروەردگار لەدەستی ئەو ستەمكارانە قوتاری بكات...

*   *   *

هەفتەیـەك بەسـەر دەسـتگیركردنیدا تێپـەڕیوو ، ئازادنـەكراو بێـسەرو شوێنو هەواڵبوو...

دەرگای خوێندنگە ئاوەڵاكراو، وادەی رۆژانـەی بـەردەوام كەوتەوەگـەڕ، غەمو پەژارە زاڵبوو بەسەر ئەنـدامانی خانەوادەكەیـدا بەتایبـەت كـچەكە ، نەیتوانی ئارام بگرێت لەلای خۆیەوە هەوڵیدا بۆ ئازادكردنی...

راپۆرتێكی هۆنیـەوە لەسـەر بـارودۆخی خوێندنگەكـەیو بەشـێكی زۆری تەرخانكرد بۆ باسكردنی ئەو مامۆسـتا دامـاوەی لەپـشووی نیـوەی سـاڵدا دەستگیركرا بێتاوان ...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەمیانـەی راپۆرتەکەشـیدا خـۆی وەك نوێنـەری حـزب لەخوێندنگەکـەی بەدەرخـست کـەوا هـەردەم دەکۆشـێت بـۆ نوانـدنی رۆڵێکـی کۆمەڵایـەتی لەنێوان کەس‌وکاری مامۆستاکانداو بەکێشکردنیان بۆ ریزەکانی حزب...

بەدەستی خۆشی راپۆرتەکەی بەرزکردەوەو داوای لەبەرپرسی رێکخراوی حزبی کرد هەوڵێکی بێ‌وچان بدات لەپێناوی ئازادکردنی ئـەو مامۆسـتایەدا کەبەشێوەیەکی تەواو هاوکاری حزب بووە...

رووداوەکەی بەشێوەیەکی ئاسایی لەبەرپرسی رێکخراوی حـزب گەیانـد، ئـەویش سوپاسـی کـرد لەسـەر هـەوڵ‌و تێکۆشـانی بـەردەوامی لـەپێناو بڵاوکردنـەوەی بنـەما حزبیـەکان لـەنێوان خەڵکیـدا بەتایبـەت مامۆسـتاو خانەوادەکانیان...

بەرپرسی رێکخراو پەیمانیدایە بەوردی‌و پشت سووربوون دوای فایلی ئەو مامۆسـتایە بکـەوێت‌و، دەسـتبەرداری نـەبێت تـا ئـازاد دەکرێـت...ئنجـا بەرپرسەکە ویستی ئەو فایلە دابخات‌و وتی:

ـ دڵنیابە لەوبارەیەوە...جارێ واز لەوەبێنە من خۆم دوایدەکەوم، بەڵام تۆ پێم بڵێ پشووی نیوەی ساڵت چۆن بەسەر برد لەبەغدا...؟!

کەمێك بیری کردەوە پاشان وتی:

ـ خۆشترین رۆژم لەوێ بەسەربرد...باوەڕ ناکەیت چەن رێزداری وەزیـرم خۆشحاڵبوو بەگەڕانەوەمو جەختی لەسەر ئەوەکرد جارێکی‌تر نەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، بەڵام زۆرم لێکرد رێگەم بدات ئەمسالێ تـەواو بکـەم...باسـی راکێـشانی مامۆسـتاو خانـەوادەکانیانم کـرد بـۆ ریزەکـانی حـزب ، خوێندنگەکەشمان نموونەییە هەموو پشتگیری حزب دەکەن...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرپرسەکە خەشمو قینی خۆی گرت بەرانبەر ئەو بەرپرسە گەورانەو تێکەڵبوونیان لەگەڵ ئەو جوانەدا، چاودێرییەکی رەچاوکراوی نمایشکردو وتی:

ـ دڵسۆزە بۆت...تۆ نوێنەری حزبیت...پێویستە خاوەن ئەزموونی تایبەتی خۆت بیتو ئەو مەترسیەی لەهەموو لایەکەوە دەوریداوین لەم شارەدا بەدەری بخەیت بۆیان ، بەرپرسی حزب لەهەموو لایەکەوە جێنیشانەو باکی نییە لەژیانی خۆی لەپێناوی گەیاندنی بیرو بۆچوونەکانی حزبو سەرۆکدا...

بەمتمانەیەیەکی تەواوەوە وتی:

ـ بەڵێ هەندێك لەیادەوەریەکانم تۆمارکردوەو، لەیەکێك لەدانیشتنەکانم لەگەڵ رێزداری وەزیرم بۆم خوێندەوە تابزانیت حزب چ خزمەتێك دەکات بەخەڵکی لەپێناوی پاراستنی هێمنیو ئاسایشدا، هەروەها بەرپرسی حزب چ فشارێکی لەسەرەو شەوورۆژی خستوەتە سەر یەك لەو پێناوەدا...هەروەها پێم راگەیاند من هەرگیز بڕوام نەکرد لەوەی بەچاوی خۆم بینیم، ئەگەر هەوڵی ئەو کەڵە پیاوانە نەبوایە ئەوا حزب توانای نەبوو زاڵبێت بەسەر بارودۆخەکەدا بەتایبەت لەشارێکی پڕ لەکێشەو بشێوی وەك سلێمانیدا...

دیاردەکانی شادی بەڕووخساری بەرپرسەکەدا دیاریانداو بەفیزو خۆبەزلزانینەوە وتی:

ـ بەڵێ وایە " لەشارێکداین ئێمە نەبێت کەس ناتوانێت دەستەلاتی خۆی بەسەریا بسەپێنێت...لەگۆڕەپانی جەنگی راستەقینەداین...تائێستا سەرکەوتووین بەسەر ئەو ناپاکانەدا...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

+بەڵێ بەدوورودرێژی ئەو باسەم بۆ رێزداری وەزیر گێڕاوەتەوە...ئەویش لەلای خۆیەوە هەوڵو ماندوبونتان دەخەملێنێ،پێشی وتم ئەو هەوڵو لێبڕانە لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران باسدەکەم...!

- ئەی باسی رۆڵی رێکخراوی حزبت بەتایبەتی کرد؟

+ بەڵێ...بەدڵنیاییەوە...

بەرپرسەکە زۆر سوپاسی کچەکەی کرد لەسەر ئەو هەوڵە تایبەتیانەی لای وەزیرو وەك چاکەدانەوەیەك وتی:

ـــ خۆم دوای فایلی ئەو مامۆستا دەستگیراوە دەکەومو هەوڵی ئازادکردنی دەدەم بەم نزیکانە...

کچەکە بەگرنگییەکی تەواوەوە وتی:

- دەتوانی ئەمڕۆ ئەو کارەم بۆ ئەنجام بدەیت ؟!

+ئەگەر دەتەوێت ئێستا پەیوەندی دەکەم بە بەڕێوەبەری ئەمنو لەهۆی دەستگیرکردنی  دەپرسم...!؟

بەپەرۆشەوە وتی:

-زۆر سوپاست دەکەمو بەم کارەش دەتوانین خانەوادەی ئەو مامۆستایە دڵنیابکەینەوە...

لەماوەی چەن ساتێکدا دەسکی تەلەفۆنەکەی گرت بەدەستیەوەو ژمارەی بەڕێوەبەری ئەمنی لێدا ، پاش گوێبیستبوونی بۆ چەن خولەکێك ئنجا سوپاسیکردو تەلەفۆنەکەی داخستەوە ، پاشان تەماشایەکی کچەکەی کردو وتی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- بەڕێوەبەری ئەمن دەڵێت ناوی لـەنێو دەسـتەیەكی تاوانبـاردا هـاتوەو ئێـستا لێكۆڵینــەوەی لەگەڵــدا دەكرێــت ، دوای چــەن رۆژێــك بۆمــان دەردەكەوێت ئەگەر بێتاوان بێت یان تاوانبار...!

+چـۆن شـتی وا دەبێـت! ؟ بەبـەردەوامی هاوكـای كـردوین ، بەباشـی دەیناسم، ئەندامێكی كارای حزبە لەخوێندنگەكەمان...

- راستە..وایە بەڵام رەفتارو شـێوەی كـاری ئـەمن هـەر وایـەو پێویـستە بەئارام بین لەسەری ، لەكۆتاییدا ئەگەر بێتاوان بێت ئەوا ئازاد دەكرێت...

+دەتوانم داوایەك بكەم ؟

- بەدڵنیاییەوە...

+دەمـەوێت سـەردانی بكـەم گـەر بـۆ چـەن خولـەكێكی دیـاریكراویش بێـت...مـن بەرپرسـی ئـەومو نامـەوێت ناهومێـد بێـت لەپەیوەنـدیكردنی بەئێمەوە...

دوای بیركردنەوەیەكی كورت وتی:

- هەوڵدەدەم ، پەیوەندیت پێوە دەكەمـەوە ، دوای ئـەوەی مۆڵـەتم بـۆ وەرگرتیت...

كچەكە هەوڵیدا ئـەو پەیوەندییـە بەشـێوەی پەیوەنـدی بـەرپرس بـەژێر دەستەكانی خۆیەوە دەربخاتو وتی:

- هاوڕێو خانەوادەكەی لەدڵەراوكەدا دەژینو منیش دەمـەوێت دڵنیایـان بكەم...

+بەختەوەرن بەوەی تۆ بەرپرسیانیت...

- سوپاست دەكەم...

+دڵنیابە...هەر مۆڵەتم وەرگرت پەیوەندیت پێوە دەكەم...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ سوپاسـتدەکەم بـۆ گرنگیـدان بەیـەکێك لەئەنـدامانی حـزب، ئێـستاش داواکارم مۆڵەتم بدەی بڕۆم...

ـ خوات لەگەڵ...تەلەفۆنت بۆ دەکەم...

+سوپاس...خوات لەگەڵ...

ـ خوات لەگەڵ...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 9

**به**رلەوەی بگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی سەردانی مـاڵی شـازادیکردو بەوردی بەنێو کتێبو ، کاغەزەکانی کتێبخانەکەیدا گەڕا...

پرسیاریشیکرد لەخانەوادەکەی سـەبارەت بەپەیوەندییـەکانیو بـەوردی گــشت تایبەتمەندییــەکی هەڵــسەنگاندو دڵخۆشــبوو بــەوەی جێگــەی دەسـتگیرکردن نـەبوو، پـاش کـەمێك رووبەژوورەکـەی خـۆی گەڕایـەوەو دەروونــی ئــاڵۆزو پەشــێوبوو، زۆربــیری دڵدارەکــەی دەکــردو پەرۆشــی دیتنیبوو...

لەناخو دەروونی خۆیدا چەندین جـار پرسـیاریکرد لـەبارو ژینـی دڵـداری لەزینــدانا، چــۆن ئــەو حــەوت رۆژەی لەزینــدانێکی چــەتوونو تــاریکی سیستمێکی خوێناویدا بەڕێکردوە؟!تۆ بڵێی لێیان دابێـتو سـووکایەتیان پێکردبێـت؟ باشـە بۆچـی یارەکـەی ئـەو لـەنێو هـەزاران کەسـی دیکـەدا دەستیگر بکرێت...ئای چارەنووس چەن سـەیرو سـەرنج راکێـشە، بـڕوای نەبوو لەو قەیرانەی رابردو قوتار بێتو دڵداری راستگۆی سەرهەڵبدات بەلاَم لـەناکاو لێیـانکردو ئومێـدو هیـوای دڵیـان تارانـد...بۆچـی رێگـەی پێـدان بیبـەنو لەزینـدانێکی تاریکـدا ونـی بکـەن لـەنێو خـەڵکی گومـان لێکـراوو شۆڕشگێڕانی زیندانی؟ ئەوبێتاوانەو بڕوای بەهیچ رێکخستنێك نییـە...ئـەو ئازادە لەبیرکردنەوەدا، بڕوای بەرووبەڕووبوونەوەی ئاشتیانە هەیـەو هـەوڵی رۆشــنبیریکردنی گــەل دەدات لەنێوجەرگــەی کۆمەڵگــەو روبەسەرپێــچی گـشتیان دەبـات، لـەپێناوی گـۆڕینی سیـستمی دەسـتەلاَتو چەسـپانی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بنەماكانی دیموكراسیو ڕێزگرتن لـەبونیادی مـرۆڤ لەیاسـاو سیـستمەكانی ولآتدا...ئەو بەو جۆرە بیركردنەوەیـە تێڕوانینێكـی نـاوازە بـەدەردەخات، بۆچـــــوونەكەی ئینـــــسانیە، زۆریـــــش دڵـــــسۆزە بـــــۆ بنـــــەما نەتەوەییـەكانی...بڕواناكـات لەزینـدان تونـد بكرێـت یـان پەیوەنـدی بەشانەیەكی شۆڕشگێڕیەوە هـەبێت ، نـا ...هـەرگیز...بـەلآم دەگونجێـت گوزارشتی لەراو بۆچوونی خـۆی كردبێـت بـۆ یـەكێكو ئـەویش راپـۆرتێكی لـەبارەوە نووسـیبێتو دەسـتگیر كرابێـت...سـەراپای ئەگـەرەكان رێـی تێدەچێت لەولآتێكدا سیستمێكی نادادپەروەرو هەڕەم بەڕێوەی ببات، یـان ئەو نەخوێندەوارە فاشیانە بیبەن بەڕێوە...

بێئاگابوو لەهەنگاوەكانیو سنووری ماڵەكەی بـڕیو لـەكۆتایی گەڕەكدا بێـداربوەوە، بەغـەمو پـەژارەوە گەڕایـەوەو دەرگـای ماڵەكـەی كـردەوەو كەسی تێـدا نـەبینیو چـۆڵبوو، خـۆی لەژوورەكـەی تونـدكرد، ئنجـا خـۆی پاڵخـست لەسـەر جێگەكـەی، دەروونـی زۆر مانـدوو شـەكەتبوو، وازی لەبیركردنەوە لەزیندانو دیمەنە مەترسیدارەكانی هێنا، دوای چـەن سـاتێك خۆی هاویشتە نێو بیركردنەوەیەكی قـووڵو لەمیانـەی ئـەزموونێكی قوڵـدا رۆچوو...

دڵدارەكـــەی لەپـــشتی یـــەكێك لەزیندانـــە تاریكەكانـــەوە بینـــیو رووبەچارەنووسێكی نادیار رامابوو...خۆی بۆ نەگیراو باوەشی پێداكرد... نیگای بڕییە سۆمای چاوەكانیو بریسكە ئومێدێكی تێدا بەدیكرد كەپێشتر بـەدیكردبوو...لێوەكـانی لـەلێوی نزیـك كـردەوە، بەتونـدیو گـەرمی ماچیكرد...دوای ئەوەی تـامی دەمیكـرد هەسـتی بەخۆشـیو روحـی نێـو رەگەكانی كردو بەنەرمیەكەوە وتی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئەی خۆشەویست تۆ لەکوێێت...! ؟مـن وێـڵ‌و سـەرگەدان بـووم هـەتا تۆم دییەوە...ئەوان هەستیان پێنەکردم کاتێ هاتمە ژوورەوە، نوستبوون باخێرا هەڵبێین...

دەستی توند گرت‌و بەکێشیکرد بـەلاَم دڵدارەکـەی هێـشتا تێـر نـەبوبوو لـەئامێزی یارەکـەی‌و لێـو هـەڵگلۆفتنی بۆماوەیـەکی زۆرتـر ...یارەکـەی پەلەیبوو دەیویـست زوو هـەڵبێت هـەتا چـەکمە بۆرەکـانی زینـدان لەخـەو بەئاگا نەهاتوون، بەهێمنی‌و لەسەر خۆیی وتی:

ـ تکـات لێدەکـەم بەسـیە وازبێنـە ...کـات لەبەرژەوەنـدیمان نییـە، بـا هـەڵبێین تـا هەسـتیان پێنـەکردووین‌و بـەئاگا نەهاتوونەتـەوەو شـوێنمان نەکەوتوون...

لەچـاوتروکانێکدا هـەموو کـۆت‌و بەنـدەو دڕکـەزێکانی ڕێگـەیان بـڕی ، بەرلەوەی زەنگـی مەترسـی لـێ بـدات ، دڵدارەکـەی لـەنێو هـەردوو باڵیـدا هــەڵیگرت‌و دوور دوور لەچــەکمە ڕەشــە ســتمکارەکان ڕۆیــی‌و لــەجێ دەستەلاَتی ئەوان دوورکەوتەوە...گەیشتە شاری گوڵ، بەخێرایی لـەنێوان گوڵەکاندا رایاندەکردو گوڵ رووپای ئەو پارچە زەوییەی داپۆشیبوو..تام‌و چێژێکی نەمری رووی لەروحیانکرد، دنیایەکی نـاوازە بەروویانـدا کرایـەوەو ڕێگە نەدەدرا بەهەموو دڵدارێك پێدا تێپەڕن " مەگەر وشەی نەهێنی دەرگا گلۆمـدارو داخراوەکـان بـزانن، پـاکیزەیش ناونیـشانێك بـوو لەروخـساری زیندوەکانــدا لەشــێوەی نــوری خــڕ خــڕدا بەدەردەکــەوت وەك ئەڵقــە حەلزۆنیەکان بەڕەنگی جۆراو جۆرو بزاوتی بەردەوام...

لەنێوەراستی ئەو شارەدا ئەپارتماو ماڵی دوڕو گەوهەریی دروسـتکرابوو، هـەر ئـەپارتماو ماڵێـك چـراخانێکبوو بـۆ خـۆی‌و لەسووچەکانیـشی نـورو روونــاکی نــەمرو هەمیــشە گــەش پرشــنگی بلاَودەکــردەوەو تاریکــایی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەتاراند...هەر دڵدارێکیش لەگەڵ یارەکەی لەو ماڵو ئەپارتمانەدا نیشتەجێ دەبوو، هەریەك بەجیا ، شەوورۆژیان هەمان مۆرکی هەڵگرتبوو، کات بەهێواشی دەچوو بەڕێوە، بەیانیانو ئێواران گوڵەکان دەمیان دەکردەوە ، کاتێ هەردوو دڵدار بەیەك دەگەیشتنو بۆنو بەرامی خۆشیان پەخشدەکرد، شاریش بەم پێیە وەك بەهەشتی لێدەهات بەهۆی هێمنیو دیمەنە ئەفسووناویو بۆنو بەرامە کەمەندکێشەکەیەوە...

بەم شێوەیە سەرەتای ژینێکی هەتا هەتایی لەپانتایی سەوزو دیمەنی ئەفسووناویدا هەستی پێدەکراو دەروون رۆژ بەرۆژ بۆی عەودالو شەیدا دەبوو...

گەشتەکە لەدیدیا بەهەڵهاتن دەستی پێدەکرد ، هەڵهاتن لەواقعێکی تاڵو مەینەتاوی ، سنوورە چنراوەکانی دەبڕی کەفەرمانڕەوای ستەمکارو دەستەڵاتداری چەوسێنەر تێیدا یاری بەچارەنووسی هەزاران هەزار مرۆڤەوە دەکردو بەناڕەوا خەڵکیان دەستیگر دەکردو لەزیندانەکان توندیان دەکردن بەهۆیەکی هیچو کەم بەها" کەوا لەڕادەربڕین دەرنەدەچوو، لەئەنجامیشدا زەنگەکانی دیکتاتۆرو بەرکۆشەکانی قەیرانێکیان دەخولقاندو بەمەترسی کورسیو فەرمانڕەوایان دادەنا، بشێویش لەو نێوانەدا پەیدادەبوو، ترسی کورسی شکانو سەردەم رزان رووی تێدەکردن...

وەك هەڵوێستێکی دژوار هێزەکانی فەرمانڕەوا هەڵدەستان بە دەستگیرکردنی داماوو بێتاوانەکانو خۆشەویستو دڵدارانیان لەیەکدەکرد، هەردوو دڵداریش بێ ولات بەجێدەمانو نیشتمانێکیان بەدینەدەکرد بیانگرێتە خۆو هەست بەهێمنیو ئاسایش بکەن تێیدا...بەناچاری بڕیاری کۆچ کردنیاندەدا لەبری مانەوەو هەڵکردن لەنێو ئەو گەلە مەترسیەی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەوری دابوون، بەخێرایی کۆچیان دەکرد روو بەژینێکی باشترو جیاواز، بەرەو ئەو ولاتەی بە گولستان ناوزەد دەکراو دانیشتوانەکەشی بەگولاوییەکان ناو دەبران...هەریەك لەدانیشتوانی ئەو ولاتو زێدە خاوەن چیرۆکو بەسەرهاتێکی سەیرو جیاوازبوون تا گەیبون بەو ولاتە ئەفسوناوییو کەمەندکێشە...!

دوای بڕینی سەرجەم ئەو پالەوانێتییە بەساموو مەترسیدارەو سنوور بەزاندن ئەوجا لەسەر جێگەکەی راست بووەوەو دیسان کەوتەوە پرسیار لەچارەنووسی دلدارەکەیو حالوباری دوای دەستگیرکردنی، غەمو پەژارەیەکی توند لێیداو دێرە هۆنراوەی یەکێك لەشاعیرانی بیرکەوتەوە دەلێ:

دلم وابەستەی ئومێد کردووە

ژینم بێهیوا گۆڕی مردووە

هەر دوای ئەوەش وتی:

- ئەی خۆشەویست دلم بریندارە بەبرینی دووریی لەتۆ...ئالوودەی دیدارو لەئامێزگرتنم...خنکاوم بۆ هەلمژینی هەناسەکانی نێوان لێوەکانت..وا بەیەکەوە جوانترینو ناسکترین چیرۆکمان تۆمارکردو شەووڕۆژی شادیمان بەڕێکرد...ساتەکانمان ئاوەدانبوو بەخۆشەویستیو تەبایی...دلمان لەدەوری یەك دەگەڕا...تکام وایە ئەی گەورەو سەرداری دل لێم دوور نەکەویتەوە من تەنیام لەنێو گەردەلوولی بەردەوامو دەریایەکی شێواو هەلچوودا، تاریکاییەکی چەتوونو هەناسەی خنگاو دێت بەسەرما...تکام وایە دەستبەردارم نەبیت...وەختە سوێم دەبێتەوە بۆت، ساتەکان بە رۆژو مانگو سال دەژمێرم لەدەمی چاوەڕوانیدا، شەوێك نییە بەگریانەوە نەنوومو یادەوەرییەکی شیرین لەبەرچاو نەگرم...شێتو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شەیدای تۆم...لەناخی دڵەوە تۆم خۆشدەوێ، تۆ ئومێدی ژینو رووناکی رێـــی منیـــت دوای چەشـــتنی تـــاڵاوی ئـــەزموونێکی شکـــستاوی... خۆشمــدەوێییتو شـــەرم ناکــەم لــەدەربڕینی بــەدیار چــاوی ســەرجەم خەڵکیەوە...خۆم دەهاوێژمە نێو شەپۆلی مەرگەوە تا بەفیدات بم..."

ئنجـا دیمـەنی خـەیاڵاویی هاتنـە بەرچـاویو حاڵوبـاری زیندانیـەکانی بەجۆرێك بۆ پێشهات یەك لەدوای ئەویتر دەمردن ، غەمو پەژارە دایگرتو وتی:

ـ دنیا کـاول دەکـەم بەسـەریاندا گـەر شـتێکت لێبێـت...لـەتو پـەتیان دەکەم...هەرگیز رێ نادەم تۆم لێبسەننەوەو لەئاسودەیی بێبەشم بکەن بۆ هەتا هەتایە...! دەتوانم تۆڵە بسێنم...تۆ دەستەڵاتداری دڵو بینـایی چـاوی...گـەر دەسـتەڵاتدارو بینـایش لەدەسـت بـدەم ئـەوا شـێت دەبم ، دڵنیام لەوە ، چۆن هەڵناچمو دژایـەتیان ناکـەم بەدرێـژایی تەمـەن...کـام ئاسوودەیی هەست پێبکەم خۆشەویست ..! ؟بەلەدەستدانم بـۆ تـۆ مـەرگ دێت بەسەرما...لەگۆشەیەکی چەپەکدا بەغەمو پەژارەوە هەڵدەتروشـکێم لەنێو خـەڵکێکی غـەریبو نـامۆ بـەمنو تۆیـەك کـەوا روحمـان بـەنێو یـەکا تواوەتەوە هەرگیز واپەی نابەم بەو خێراییە لەدەستت بدەم..."

لەسـەر جێگەکـەی هەڵسـاو پـاش کـەمێك رۆیـشتن بەژوورەکـەدا ئـەوجا لەسەر کورسیەکەی دانیشتو حاڵوبارە دەروونیەکانو وتوێژە جیاجیاکان لەگەڵ خۆیدا زاڵبوو بەسـەریاو دەفتـەری یادەوەرییـەکانی دەرهێنـاو ئـەم چەن دێرەی تیا نووسی:"ئەمجارەش ئاسوودەییم تاسەرنەبوو، کۆسـپێکی رەگ ئەسـتوورم بـۆ هــەڵتۆقیو دڵدارەکــەی لێکـردم...دڵدارەکـەم وەك پیاوانی تر نییە، راستە لەشێوەدا هەروەك ئەوانـە بـەڵام لـەدڵو دەروونـدا راســتگۆیەو ، هەســت ناســكو رەوشـــت بـــەرزەو ســـیفەتی شاســـواری

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

راستەقینەی ئومێدەکانی هەڵگرتووە کەوا هەموو کچێك خەونی پێوە دەبینێ...ساتەکانم لەگەڵ ئەودا زیندوە بەخۆشەویستیو پاکیزەییو تەباییو ئەمەکدارییی" بەهۆی ئەو خۆشەویستیەی بنیادمان ناوە یان چیرۆکێکی جوان لەساتەوەختێکدا دەست پێدەکاتو دواییەکەشی بەمەینەت یان دەرئەنجامێکی خراپ دێت...من وێڵو سەرگەردانم ، بیروهۆشم پەرشو بڵاوە، ماناکانی ژیانم لەدەستداوە، ئەو هەستە نامۆو سەیرە تاو تاو دەدات لەدەرگای دڵم، بەپەرۆشەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکەم وامداناوە لەسەفەردایەو گەڕانەوەی دواکەوتووە بۆ چەن رۆژێك...لەخۆم دەپرسم کەی بۆ جارێکی دی بەدیداری یەك شاد دەبینەوە...؟!ئەو دیدارە چ مۆرکو شێوەیەك لەخۆدەگرێت؟! ئاخ...ئاخ... چەن بێزارم لەچاوەڕوانی بەدیار نادیارێکی ونبووەوە...دەگونجێت هەواڵێکی خۆش یان کارەساتێکی دڵتەزێنی لەخۆ گرتبێتو بەدبەختی هەتایم بکات...

ئەی خۆشەویست هەرچەندە ئێستا دوورین لەیەك بەڵام خۆشەویستی تۆ لەمن جیانابێتەوە، خۆشەویستی تۆ پەڕەی دڵی کون کون کردوەو کەس ناتوانێت چارەسەرم بکات...تەنانەت دایەی باڵابینی دەروونیشم...

منو تۆ گرێبەستی هاوسەرگیری روحمان بەست بەر لەوەی هی لەشو لار ببەستین ، روحمان یەکانگیربوو بۆ هەتا هەتایە، منو تۆ لەژینو مەرگدا هەر بەیەکەوە دەبین ...تکام وایە ئەی شاسواری خەونەکانمو، هەناسەو بزوێنەری روح دوورنەکەویتەوە زیاتر...من پێویستم پێتەوە ژینم بێتۆ دۆزەخێکیماڵوێرانو مەرگێکی کتوپڕە...

خۆشمدەوێیت ئەی ئازیزم...تا دوایین ساتی تەمەنیش هەر چاوەڕێت دەبم..."PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێنووسەکەی خستەلاوەو ئنجا قنج بوەوەو ، هێشتا لەشوێنی خۆی نەجوولآبوو گوێی لەدەنگی تەلەفۆن بوو، بەخێرایی دەرگای ژوورەکەیکردەوەو رایکرد روو بەتەلەفۆنەکەو، دەسکەکەی هەڵگرت، بەرپرسی رێکخراوی حزبی پێی راگەیاند مۆڵەتی بینینی مامۆستای دەستیگرکراوی بۆ وەرگرتوە لەدەمەو ئێوارەداو دەتوانێت مۆڵەتەکە وەربگریێو بچێت بۆ بەرێوەبەرایەتی ئەمن لە گەڕەکی شۆڕش‌و چاوی پێی بکەوێت‌و کەس‌وکاری دڵنیابکات...

بەرپرسەکە لەوەرگرتنی مۆڵەتەکەدا رۆچوو وتی:

ـ حەنان خان " تۆ نازانیت بەچ رێگەیەك ئەو مۆڵەتەم وەرگرت...بینینی تۆ بۆ ئەو مامۆستایە خزمەت‌و بەرچاویی هاوچەشنی خستە ئەستۆم بەرانبەر بەرپرسە گەورەکانی ئەمن...هیچ کەس بەسوپاس یان وشەی پڕوپووچ خزمەتت ناکات، هەموو لەبەرانبەر خزمەتێکدا یارمەتیت دەدەن، ئەم حاڵ‌و بارە هەموو دام‌و دەزگایەکی گرتوەتەوە، بەلآم من بێباکم‌و گرنگ رازی بوونی تۆیە لێم...

بەخۆشی‌و شادییەوە وتی:

ـ هەردەم ئەم چاکەیەم لەبەر چاو دەبێت...

بەرپرسەکە کەمێك پێکەنی‌و وتی:

ـ نا...نا...من خزمەتت دەکەم بەروح‌و گیان حەنان خان...تۆ نازانی چەن بەرێزیت لامان " بەتایبەت لەلای من...

هەستی بەبێزاری دەکرد پتر لەوە بدوێت لەگەڵی‌و خوازو داوای بەدەستهێنابوو بۆیە وتی:

ـ زۆر سوپاست دەکەم گەورەم ...دوای چەن ساتێکی کەم دێمە لات‌و مۆڵەتەکە وەردەگرم...خوات لەگەڵ...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زۆر رانــەبورد مۆڵەتەكــەی لــەرێكخراوی حــزب وەرگــرتو دەســتبەجێو بەرەو بەرێوەبەرایەتی ئەمن چوو...

*          *          *

یەكـەمجاربوو لەتەمەنیـدا سـاختمانێكی ئـاوا ببینـێ لـەرووی پاسـەوانو دروستكردنو هەڵهاتنی خەڵكی لەدەوروبەریدا...بـیری قـسەكانی شـازادی كەوتــەوە جارێــك دەربــارەی ئــەو ســاختمانەكردبووی‌و بــە(باســتێل)ی فەرەنسی چواندبوو" ئـەو قـەلاَ خوێناوییـەی زمانحـاڵی تـاریكترین چـەرخو دەمی فەرەنسیەكانبوو...!ترسـێكی پـەنهان رووی تێكـردو هـەنگاوەكانی هێواش هێواشكردەوە ، پێش ئەوەی رۆبچێت بـەنێو قـەلاَی مەرگـدا بـیری لەو خۆشەویستییە گەورەیەكردەوە بۆ شازاد هەیبوو ، پتر سوربوو لەسەر بەردەوامبوون لەوەی بڕوات بەنێو توونە تاریكەكانـداو رازینـەبوو بگەڕێتـە دواوە، هـــەروەك بەرپرســـێكی عـــەرەبو نوێنـــەری حـــزبو ســـەرۆك هەڵسوكەوتی كرد لەشاری بشێوی‌و ئاژاوەدا...

روویەپرسگەچوو" بەزوبانی نەتەوەیی دواو زاڵبوو بەسەر بارەكەدا، دوای ئەوەی بەرپرسی پرسگە پەیوەندییەكی ئەنجامدا ئەمنێك لـەنێو بیناكـەوە هـات بۆئـەوەی بیباتـە ژوورەوە، هێمنـی‌و ئـارامی خـۆی تێكنـەدا بـەهۆی نزیكـــــی لەدیـــــداری دڵدارەكەیـــــەوەو بینینـــــی دوای هەفتەیـــــەك لەدەستگیركردنی...

بەچـاوی خـۆی لـەگۆڕەپانی قـەلاَی مەرگـدا هۆكارەكـانی داپڵۆسـینی وەحشی بینی، لەئوتومبیلی قـەپاتو هێـزی چـەكمەدارو زینـدانی نادیـاری كونج كونج ، ئەمنە چاوساغەكەش لەپێشیەوە دەڕۆیـشتو لـەناكاو چـاوی پەڕییە سەر ژووری بچووك بچووكو دەنگی زیندانیەكانو هاواریـان بـەهۆی لێـدانو ئەشـكەنجەدانیان دەهـات، هـەروەها بـۆنی پێـستی سـوتاو هـات

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەسەریاو دڵی بەیەکا هاتو کەمێك لەبوێری دابەزیی...دیسان خۆی راگرتەوە هەتا گەیشت بەژوورێکی بچووكو ئەفسەرێکی بەدیکرد لەسەر کورسیەك دانیشتوەو خۆشحاڵی بەئامادەبوونی دەربڕیو بەئەمنەکەی یاوەری کچەکەی وت:

- بیهێنە...

پاش چەن خولەکیك شازاد بەیاوەری ئەمنەکە هاتو هەردوو چاوی توند بەسترابوو، کەلەبچەش کرابوە دەستیو شوێنەواری لێدان بەسەرجەم لەشو لاریدا بەدەردەکەوتو جلو بەرگەکەشی پرزۆڵ پرزۆڵ بوبوو...

ویستی دان بەخۆدا بگرێتو نەکەوێتە هەڵەوە ، بەدەنگێکی هەڵبەستراوی ساختەوە پرسی:

ـ شازاد چۆنی ...حاڵت چۆنە ؟!خانەوادەو هاوەڵەکانت نیگەرانن بۆت...

ئەفسەرەکە بزەیەکیکردو وتی:

- شانسی هەیە ... هێشتا زیندوە ...ئەگەر لەهاوکارانی حزب نەبوایە لەریزی مردوودا دەبوو...!!

بۆ پشتگیری قسەی ئەفسەرەکە وتی:

- چالاکترین هاوکاری ئێمەیە...رۆژانە راپۆرتمان بۆ دەنووسیٚ ، بەوردی باسمان لێکردوە لەگەڵ رێزدار عەدنانیدا ، یەکێك لەچاکترین سیخوڕم لەدەستداوە...

ئەفسەرەکە بەمتمانەیەکی بەرزەوە وتی:

- وایە ...وایە " هەر دوای ئەوەی بەڕێز عەدنان تەلەفۆنیکرد شێوەی مامەڵەمان لەگەڵی گۆڕاو وەك هاوەڵێکی حزبی جووڵاینەوە لەگەڵی، دەستگیرکردنیشی هەڵەیەکی ئاسایی بوو بەم زوانە ئازاد دەکرێت...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەناخەوە کچەکە ئاگری گرتبوو بۆ دڵدارەکەی‌و بەزۆرلەخۆکردن وتی:

ـ شازاد گیان " هەمووشتێك لەجێی خۆیدایە، حزب گەورە بەرپرسی ئێمەیە، ئەم رووداوەش بەروحێکی وەرزشییەوە وەربگرە...

وتەکانی هیچ جووڵەیەکی تیادروست نەکردو ، بەبێدەنگی مایەوە " کاتێ کچەکە زۆری لێکرد بدوێ ئەفسەرەکە وتی:

ـ وازی لێ بهێنە...کاتێ ئازادکرا ئەوجا دەتوانێ بدوێ...

ترس‌و بیم لەرووخساریدا بەدەرکەوتن بۆ دڵدارەکەی کەلەبەرچاویدا هەرەسی هێنابوو، پێش ئەوەی هیچ بدرکێنێ ئەفسەرەکە وتی:

ـ مەترسە...ئەم قەیرانە دەبڕێ‌و ئاسایی دەبێتەوە...

دوا بەدوای ئەمە ئاماژەیەکیکرد بۆ ئەمنەکە شازاد بگەڕێنێتەوە بۆ زیندانەکەی‌و ئنجا وتی:

ـ حەنان خان دڵنیابە...بەم زوانە ئازاد دەکرێت...

ئەویش زۆر سوپاسیکردو وتی:

ـ من قەرزارباری خزمەتگوزارییەکانی ئێوەم‌و لەکانگای دڵەوە سوپاستان دەکەم...خواحافیز...

+خوا حافیز...

لەقەلأی مەرگ بەدەرکەوت‌و خەشم‌و قینی لەو حزب‌و سیستمە تاوانبارە دەبویەوەو نەفرەتبارانی دەکردن...بیری ئەو ساتەی کەوتەوە چۆن نەیتوانی باوەشی پێدا بکات‌و زامە قووڵ‌و کاریگەرەکانی ساڕێژبکاتەوە...ئاخ...گەر ئازادبوومایە لەئامێزم دەگرت‌و زامەکانم ساڕێژدەکردو شەوورۆژم دەخستەسەریەك هەتا چاکدەبوەوە...باشە بۆچی لەئامێزم نەگرت ...کێ دەزانێ ئازاد دەکرێ...ئەمانە ستەمکارو بەدڕەوشتن‌و هیچ پیاوەتیەکیان تێدا نییە...نا...نا...من بەشێوەیەکی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاسایی هەڵسو کەوتمکرد، لەوانەیە ئەفسەرەکە راستبکات...ئەگەر دڵنیا نەبوایە چۆن باسی ئازادکردنی دەکرد...!؟خۆ باسی عەدنانیکردو ئەو تەلەفۆنەی کردبووی وەك راپۆرت وایە دەربارەی شازاد...چیم لەتوانادایە لەوەزیاتر بیکەم...؟!ئەوانە درِندەن‌و دەبێت درۆ بکەیت لەگەڵیان تا ئازادی بکەن ، ئاخ...چەن تامەزرۆتم...چیان لێکردی خۆشەویستەکەم...؟!".

شەقامە پڕ لەئوتومبیلەکانی بڕی‌و بیرو ئەندێشەی لەدەوری خوێنمژەکان دەسووڕایەوە، وێڕای ئەوەش ئومێد لەدڵی دەگەڕا بەزووترین کات دڵدارەکەی ئازاد بکرێت ، بەخێرایی بیری ساتی ژووانی کەوتەوە بەدوور لەچاوی سیخوڕەکانی ئەمن کەبەپاکتاوی مرۆڤ ناسرابوون لەپێناوی پارێزگاری لەسەرۆك‌و خەمیان لەیاخی بوونی گشتی...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 10

ئا رامــی لەبــەر بــڕا دوای ئــەوەی دوو رۆژیــتر تێپــەڕبوو بەســەر دەستگیرکردنی شازادا هەر ئازاد نـەکرا...هـات بەبیریـدا خـۆی هەوڵبـدات لەلای بەڕێوەبەری ئەمن بۆ ئازادکردنی...

زۆر بیری کردەوە بەڵام ئەسـتەمو گرانبـوو لای" هـەنگاوێکی لـەو جـۆرە واژووی رێنومابییەکانی سەرۆکی رێکخراوی حزبییـەو، لەوانەیـە ئـەم هەوڵـە ببێتە مایەی دواخستنی ئازادکردنیو سەرجەم هەوڵو تەقەلاکانی دیکـەش هەر لەبناغـەوە هـەرەس بهێنێـتو خۆشـی لەبەرچـاوی بەرپرسـانی حزبـدا ئاشکرابێت...

رۆچوبوو لەم بیرانەدا کاتێ لەبەرپرسـی رێکخـراوی حزبـی بیـست شـازاد ئـازادکراوەو راسـتەوخۆ چـوو بـۆ ماڵیـانو شـازادی بەپەرێـشانو حـاڵێکی رووخاوەوە بینی...

وێـڕای بـاری دەروونـی شـوێنەواری لێـدان بەقامـچیو سـووتاندنی بەئوتووکارەبا بەسەر جەستەیدا بڵاوبوبوەوە...!

بەدرێژایی ئەو رۆژە لێی دوورنەکەوتەوەو نزیك دانیـشت لەلایـەوە و زامو برینەکانی بۆ سارێژ کـردەوە، لەعەسـرێکی درەنگـدا هـەردووکیان بەتـەنیا مانـەوەو تونـد باوەشـی پێـداکرد، ئـەویش لـەژێر ئـێشو ئـازاردا هەوڵیـدا هاوسۆزی بۆ یارەکەی دەرببڕێت، بەئەستەمو ناڕەحەتی وتی:

ـ ئەمانە تاوانبارن " تۆ نازانیت چیان لێکردم...!؟؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ســەری لەســەر ســنگی دڵدارەکــەیبوو، ئــەویش دەگریــاو زامــەکانی سارێژدەکردەوەو بەهەستێکی ناسكو شێوەیەکی هێواش هێواشو بۆ زیاتر هێمن کردنەوەی وتی:

- دەبێت بیر لەهیچ نەکەیتەوە جگە لـە تەندروسـتی خـۆت نـەبێت..تـۆ پێویـستت بەپـشوو لـەبیرکردنی کارەسـاتو رووداوەکـان هەیـە...تکـات لێدەکـەم بـیری لـێ مەکـەرەوەو لای کەسـیش باسـی نەکـەیت ...ئەمانـە دڕندەنو لەوانەیە جارێکیتر دەستگیر بکرێیتەوە ئەگەر بزانن درکاندوتـەو باسی ئەو زیندانە ناقۆلآیەت کردووە...!

بەزۆر لەخۆکردنەوە وتی:

- حەنان گیان من پێویستم بەتۆیە...تو خوا بەجێم مەهێڵە...هەستێکی نــامۆ رووی تێکــردووم...هەســت بەتــەنیاییو بەلــەنگازیو شکــستو دەردەســەریو مەینــەتو بەدبــەختی دەکــەم...ورەم رووخــاوەو نــاتوانم بەتەنیا رووبەرووی ئەم واقعە تاڵە ببمەوە...

سەری ماچکردو وتی:

- من هەمیشە لەنزیکت دەبم..ئەمشەو لای تـۆ دەمێنمـەوەو لێـت دوور ناکەومەوە تا چاك دەبیتەوە...

لەم وادەیەدا دایکی شازاد دەرگـای ژوورەکـەی کـردەوەو بـەم شـێوەیە بەدیکردن، کچکە هەوڵیدا دووربکەوێتەوە" بـەلآم دایکـی ئامـاژەی بـۆ کـرد خۆی تێکنەداو زۆری نەبرد بەجێی هێشتن...

بـەو هەســتو ســۆزە گــەرمو رەســەنەی هــەڵیگرتبوو ئــەو بۆشــاییەی لەئەنجامی دەستگیرکردنەوە لەنێو قووڵایی دەروونـی شـازادا دروسـتبوبوو پڕیکــردەوەو ، بــەگوتارو خۆنەویــستی زامــی قــووڵی ســارێژکردو هەوڵیــدا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یارمەتی بدات لەوەی قوتار ببێت لەو قەیرانە دەروونییە سەختەی لەناکاو بۆی هەڵتۆقیبوو...

ئەو شەوە بێداربوو بەدیارییەوە تامو چێژی خەو رووی تێنەکرد، لەگەڵ بەدەرکەوتنی گزنگی بەیان هاوسەنگی خۆی لەدەستداو لەنزیك شازاد خەوی لێکەوت دوای ئەوەی کەمێك باری دەروونی هێمن بوەوەو هەستی بەئارامیکرد لەنزیك یارەکەیەوە...هەردوو بەیەکەوە مانەوەو هیچ کەس نیگەرانی نەکردن هەتا نزیکی چێشتەنگاو ، ئنجا کچەکە لەخەو هەستاو بینی دڵدارەکەی تەماشای دەکات بەوردیو لەتێڕوانینەکانیدا خۆشەویستیەکی قووڵی پڕ مانای هەڵگرتووە...

لەیەکدی نزیکبوونەوەو بەردەوام بۆ چاوی یەکیان دەڕوانیو تامو چێژیان لەو تێڕوانینانە وەردەگرتو دڵداریان لەرێی نامەبەری تێڕوانینەوە بەجوانترینو گەرمترین شێوە ئاڕاستەی یەکدەکردو، ئەو خۆشەویستیەش بەپاکیزەییو جۆرە سەراسیمەییەکی ناوازە بالأپۆشکرابوو...

وێڕای خۆشەویستی ناوازەو ئالودەبوونی یەك ، بەلأم ئەدەبو پارێزگاری لەبنەما ئاینیو رەوشتیەکان لەو ئاستەیا رایگرتنو خۆشەویستیەکەیان روو بە قۆناغی پاکێتی چوو، بەم پێیەش جێگەی رێزی خزمو کەسی ئاگادار بەو پەیوەندییە بوون...

سێرۆژ مۆڵەتی لەخوێندنگە وەرگرت، سەرجەم ساتەکانی ئەو سێرۆژە لەدڵدارەکەی دوورنەکەوتەوە...شازادیش هێدی هێدی تەندروستی بۆ گەڕایەوەو لەو ئاستەنگە سەختە قوتاربوو، رووداوەکانیش تازە خەریکبوو لەدەروونیدا جێگەیان دەبوەوەو مەترسی کارەساتەکەش لەشێوازی راستەقینەدا بۆی پێشدەهات...لەگەڵ یارەکەی دواو باسی لەو رووداوانەکرد کەوا لەکاتی دەستگیرکردندا بەدیکردبوو وتی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ حەنان...بەرلەوەی دەستگیربکرێم ئـەو قەلاَیـەی بـە(ئەمنەسـوورەکە) ناوبرابوو ناوزەدمکردبوو بـە(باسـتیل)ی فەرەنـسی " لـەڕووی بێپـەرێزیو شکاندنی رێزو شکۆی مرۆڤـەوە، بـەلاَم ئـەو هەڵسەنگاندنە هـەرەمیبوو " بێئەوەی ڕووداوەکان بەچاوی خۆم ببینم...دوای دەستگیرکردنم لەبەرگی مرۆڤ بەدەریانکردم...!ئەو قەلاَیە هـەر لەبناغـەوە بـۆ پاکتـاوکردنی مـرۆڤ دروسـتکراوە ...ژنو منـاڵو پـیر، سـەرباری ئـەو هـەموو لاوە جوانـەی لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستانەوە دەستگیرکراون " ئەوانەشـی ڕووداوەکـانی نێـو ئـەو زیندانـە ڕەشـە هەڵدەسـوڕێنن پـسپۆڕو کارامـەن لەشکاندنی پەیکەرو بونیادی مرۆڤو خوێن رشتنیدا...یەکەی بەڕێوەبردنی زینـدان گەلـە تاوانبـارو ئیرهابیـەکن تـاوان ئـەنجام دەدەن لـەژێر چـەتری حزبدا...

ژوورەکانیشی لەسەر تەرزو شـێوەی زیندانـە نـازیو ڕوسـیەکانە" کـاتێ زینـدانی دەگوێزنــەوە بـۆ نـۆهمی ژێـرەوە کـەوا ژووری بـچووک بـچووکو فەرامۆشـکراوی تێدایـە زیندانیداماو نـاقۆلاَترین چەشـنەکانی ئەشـکەنجە بەرانبەری پیادە دەکرێت...

سەرەتا بەلێدانێکی کاریگـەر، لەکۆتایـشدا پێـستی لـەشو لاری بـەئوتو ئاگر دەسوتێنریو داخ دەکرێت یاخود دەخرێتـە نێـو حـەوزێکی سـەهۆلاَو بەنیازی کوشتنی بەو حاڵەوە...!!

ئەمـە گـەرهاتوو زینـدانی دامـاوو خاکبەسـەر لەقۆناغـەکانی سـەرەتای ئەشـکەنجە قوتـاربوو کـەپێکهاتووە لەهەڵواسـین بەقولّفـە ئاسـنینەکانداو تونـدکردنی لـەژووری بـچووکدا بەڕادەیـەك نـەتوانێ قـاچ درێـژ بکـات یـان بەپێوە بوەستێ ، سەرەڕای ئەوەی چەند ڕۆژێك لەو ژوورانەدا بێخواردنو خواردنەوە بەجێدەهێڵرێت...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆشەویستەکەم" من تەواو ناخم هەرەسی هێناوەو هەست دەکەم مرۆڤایەتیم لەدەستداوەو لەئاناى بڕیارێکدام دەگونجێت پێت خۆش نەبێت...

لەژێر کاریگەری ئەو رووداوە مەترسیدارانەدا لێی پرسی:

ـ مەبەستت چییە؟

+مەبەستم ئەوەیە شار بەجێدەهێڵمو روو بەیەکێك لەو گوندانە دەچم کەوا خزمو کەسوکاری تێدایە ...

ـ بەلاّم ئەمە بڕیارێکی ئەستەمو گرانە، ناتوانم دوور لەتۆ بژیم ، هەر بەو سادەییو ئاسانییە وازم لێدەهێنیت؟ ئەی چارەنووسی خۆشەویستی نێوانمان بەرەو کوێ دەچێت ؟نا...تکات لێدەکەم بیر لەدەستبەرداربوونو بەجێهێشتنم مەکەرەوە...

+بەجێت ناهێڵم " دەتوانین ببین بەهاوسەری یەكو لەوێ بژین ، بەبێ پێچو پەناش پێت دەڵێم من زۆرت لێناکەم لەسەر ژیانێك پێی رازی نەبیت، بەلاّم سەبارەت بەخۆم دوای ئەو دیمەنانە جارێکیتر ئۆقرە ناگرم لەم شارەدا بژیمو بەم نزیکانە شار بەجێ دەهێڵم...

لێی نزیکبوەوەو بێ دوودڵی وتی:

ـ لەگەڵت دێم ، دەبین بەهاوسەری یەكو بەیەکەوە دەژین...

+ئەم بڕیارە قورسە بۆ تۆ ، بەباشی بیری لێبکەرەوەو هیچ پەلەی تێدامەکە...ژیان لەگوند سەختو گرانە بەتایبەت بۆ کچێك لەشار گەورە بوبێتو رانەهاتبێت لەسەر ژینی گوندێکی چەپەکی دوورە دەست، کەهەمیشە دەکەوێتە ژێر بۆردومانی هێزەکانی رژێمەوە، وێڕای هەڵکردن لەماڵێکی قوڕو دوور لەئاوەدانیو دیاردەکانی شارستانی...

بەمتمانەیەکی تەواوو بێ دوودڵی وتی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ــ مـن لەگـەڵ تـۆدام لەهـەرکوێ بـین...رادێـم لەسـەر ئـەو جـۆرە ژینە...مەترسە مادام لەگەڵ یەکداین سەرجەم ئاستەنگەکان دەبڕین...

+دەترسم لەم بڕیارەدا پەلـەت کردبـێ...بـەم هـەنگاوە خانەوادەکـەت دەخەیتە بەردەم مەترسـی دەسـتگیرکردن و پاکتـاوی زیندانـە رەشـەکانی رژێم...

کەمێك بێدەنگبوو ، زۆری نەخایاند وتی:

ـ بەشێوەیەکی ئاسایی کاروبارمان رێکدەخەین ، پیشەکەم دەگوێزمەوە بۆ بەغداو نەخۆشی دایکم بەبەهانە دەگرم ، ئنجـا هاوسـەرداری دەکـەین و ئەوجا دەچین بۆ هەر جێگەیەك تۆ پێت خۆش بێت...

+گرنگ ئەوەیە هەستمان پێنەکەن...

ـ بەڵێ وایە ، دەبێت ئێجگار وریابین " هـەنگاوەکانمان چـاوی لەسـەرەو دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا بۆئەوەی دایکم تێبگەیەنم...

+بۆچـی دایکـم یـان پـورم نابـەیت لەگـەڵ خـۆت ؟ لەهـەمان کاتـدا سرووتەکانی هاوسەرگیریمان تەواو بکەن...

ـ رایەکی باشە " بـەڵام ئـەی خـۆت نایـەیت بـۆ بەغـدا؟ بێگومـان دایکـم ئالوودەی بینینی زاواکەیەتی...

+کەواتە تۆ بەتەنیا دەگەڕێیتەوەو دوای چەن رۆژێك من بەیاوەری دایك و پورم دەگەمەلاتان و رێ و رەسمەکانی هاوسەرگیریمان تەواو دەکەین...

ـ وابێت زۆر باشە...

+باشە ، کاروبارەکان بەم پێیە رێکدەخەین...

لـەژێر کاریگـەرییان بـەم هـەنگاوە گرنگـە یـەکتریان لـەئامێزگرت و، خوازیاربوون ئەو کۆت و بەندانـە بـشکێنن و ژیـانی هاوسـەرداری ببەسـتن و لەوحاڵ و بارە ئاڵۆزە هەموولایەکی نیگەرانکردبوو دەربچن...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

*     *     *

چەن مانگێك بەسەر بەجێهێشتنی بۆ شاری بەغدا تێپەڕیبوو، بەشێوەو کەسێتییەکی دییەوە گەڕایەوە، هەستە مرۆڤایەتیەکانی لەنێو دڵیدا هەڵگرتبوو ، بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە بیری لەمانگی هەنگوینیو نێو پەردەیانکردەوە بەتایبەت شەوەکانی لەگەڵ بەسەربردنی ساتە خۆشنودییەکان لەژێر پەردەی ئەویندارییی ڕاستەقینەدا...

شادی سەراپای داگرتبوو، لەبیروبۆچوونی نوێشدا تامو چێژێکی تایبەتی بەدیدەکرد، مرۆڤ چەقی بۆچوونەکەیبوو بەدەر لە ڕەگەزو نەتەوە فرە نەژادەکان، خۆشەویستی مرۆڤی لەدوو تویێی دڵدا هەڵگرتو بەدیدێکی گوشادەوە بۆ ژینی دەڕوانی...بێزاریو قێزی لەحزبو بیروبۆچوونی نەتەوایەتی کورت دەبویەوەو ئەو مامەڵە توندوتیژانەی دژ بەکورد پیادە دەکرا " لەراگوێزانی گوندەکانو پاکتاویان بەبێڕامان...!!

لەناکاو وازی لەوبیرکردنەوەیە هێناو کەوت بەسەر ئەوەدا چۆن ڕووبەڕووی دایکی ببێتەوەو ڕاستی لا بدرکێنێ، بەڵام خۆ نابێت هەمووی لا باسبکات ، گرنگ ئەوەیە کاروبارەکانیان بەپێی سرووتو دابو نەریت بەڕێوە بچێت، دواتر شاری بەغدا بەجێدەهێڵێتو دەگونجێت ئەوەش دوایین جاری بێت لەهەموو تەمەنیدا...!

ئەی چارەنووسی خانەوادەکەی بەچی دەگات " کاتێ حزب بۆ یدەرکەوت کچەکەیان چوەتە نێو یاخیبووانی باکوور؟ بۆچی لەسەر خۆشیو شادی هەمیشە بەردەوام نابێتو گرێو کۆسپەکان لەناکاو سەر هەڵدەدەنو بیرکردنەوەکانی بەغەمو پەژارە دوایی دێت...؟!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حزب سەرچاوەی شـەڕو خراپەیـە لەعێراقـدا، مۆڵگـەی تـیرۆرو کارگـەی بەدیهێنانی نمانا مرۆڤ کوژەکانە لەناوچەکەدا...

سەری وەرگێـڕا دیـسان دیاردەکـانی جـەنگو ئـەو دەرەنجامـە رەشـەی بـەدیکرد ولاّتــی ئـاڵتوونی رەش پێــی گەیـشتبوو..خــەڵکی ئاپۆڕەیـان بەسـتبوو لــەریزی درێـژدا بـۆ بەدەسـتهێنانی پێداویـستیە سـادەکانیان لەنەوتو بەنزین یاخود هەر پێداویستیەکیتر..وێڕای وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری ولاّتو دروستکردنی دژایەتی لەنێوان هەردووگەلی عەرەبو کـورد" کـەوەك دیاردەیـەکی ئاشـکرا بەچـاو دەبینـرا ، باشـە هـەر ئـەم دووگەلـە بەیەکەوە دژ بەکۆلۆنیالیزم بەدرێژایی سالآنی سەختو گـران لـەپاڵ یەکـدا نەجەنگان، دژ بە هەموو دەستدرێژی کارێکیش هاوریێی چـەکو تێکۆشـان نەبوون...؟!ئەی بۆچی هاوولاّتی عەرەب هەڵوێستی کوردی لەبیرچوو هەر لەدەمی موسـڵمان بوونیـەوە تـا ئـەمڕۆ لەپێـشکەشکردنی خزمـەتگوزاریو زاناو سەرکردەی بـەتواناو بـەناوبانگ ؟ بـەلاّم هـاوولاّتی عـەرەبی بێتاوانـە لەدەستەلاّتداران‌و پلانـە گلاّووپیـسەکانیان ...!یـان بێدەسـتەلاّتو هێـزو چـارەن ، زۆرجـار دەکەونـە ژێـر کاریگـەری حـەزو ئـارەزووی دیکتـاتۆرو سیاسەتە هەڵەو چەواشەکان دژ بەگەلانیان...!!

هەمیشە ئەو بێتاوانانە دەکەونە داوی ئەو تاوانبارە گەورانـەوە" سـەرۆك حزبو بزافە نەتەوەییە کورتبینەکان، قوربانی گەورەو گـرانیش پێـشکەش دەکەن لەپێناوی بۆچوونی شۆڤێنیان، گێرە شێوێنەکانیش رۆڵێکی گرنگو کاریگەریان هەیە لەچەسپانی دەسـتەلاّتی ئـەو فـەرمانڕەوا سـتەمکارانەداو لەو ئاگرو زوخاوەی دەیکەن بەگەرووی گەلەکانیاندا...باشە بۆ دەبێ مرۆڤ خەشمی لەهاورەگەزی مرۆڤی خۆی ببێتەوەو مامەڵەی وەك مەترسیدارێکی هەمیشەو پەتایەکی کوشندە لەگەڵدا بکـاتو هەمیـشە هەوڵبـدات لـەرەگو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ریشەوە دەری بهێنێت..ئایا هاوژینی دیاردەیەکی شارستانی شایان بەمرۆڤ نییە ؟!بەڵام ئەم هاوکێشە چەوتە لەدوایەوە کەسانێك وەستاون لەنێوەندێکی پەتاویدا چاویان هەڵهێناوەو پەروەردەبوونو سەرجەم شێوەو جۆرەکانی توندرەوییان بینیوە...

ئەو پەروەردە چەوتەش لەمناڵیەوە دەستپێدەکاتو دیاردەکانی لەئاسۆوە سەرهەڵدەدات لەپیریدا، هەرکات هەلێکی گونجاوی بۆ رەخسا لەشێوەی دژواری بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت ، زۆرجار قەیرانی دەروونی ئەو تاوانبارانە لەشێوەی پاکتاودا لەنێو حزبەکانیاندا بەدەر دەکەوێتو لەنزیکترین کەسەوە دەست پێدەکەن ، پاشان پاکتاو دەگوێزنەوە بۆ دەرەوەی حزبەکانیان بەپاساوو بەهانەی بەتاڵو پووچ...گەلیش دەبێت بەقۆچی قوربانیو بۆچوونی حزبی تاکڕەوی دەروون نەخۆش...!!

رووداوەکان لەرۆژهەلات بەوپێودانگە بەڕێوە دەچێت...!حزب ستەمکارەو خەڵك بێتاوان، ئەوجا چیرۆکە مەینەتاوییەکان بەردەوام دەبێتو دوایی نایەتو لاپەڕەکانی بەخوێنی نەوەکانی گەلی ستەمدیدەو زۆرلێکراو دەنووسرێت...

ئەرکی سەرشانی گەلانیشە پشتگیری ستەمکاران بکەن لەکەرێتیو هەڵوێستە وێرانکارییەکانیاندا، ئەو جەنگەشی گەلی عێراق لەژێریا دەناڵێنێ نموونەیەکی زیندووی بۆچوونی رابردوەو دیکتاتۆریەتی سەرکردەی گێلو کەودەن لەگەڵ گوێڕایەڵی لاوازەکانبوە بەهۆی رووداني ئەم کارەساتە لەولاّتدا، سەرەڕای تێکەڵبوونی بەرژەوەندی ولاّتانو لەیەکگیرانیان، ئنجا سەرهەڵدانی جەنگو دابەشبوونی مەرگەساتەکانی لەنێوخانەوادە عێراقیەکاندا بەڕادەیەك شوێنەوارەکانی ناسڕێتەوە بەدرێژایی سەردەمو ژین...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـەو مەرگەسـاتانەش بـەقارەمانێتی ناودەبرێـت...!!دەخرێتـە سـەر خەرمانی قارەمانی دیکتاتۆر! ڕووداوەکانی بـەئاوی زێـڕ تۆمـار دەکرێـتو لەڕێگەی ئیزگەو ڕووپای تەلەفزیۆنەکانەوە چـیرۆکی درۆو ڕوح هـەڵوەرینی گەلان پەخشدەکەن...

ساڵان تێپەڕ دەبێت بەسەر ڕووداوەکانـداو چـینی دەسـتخەڕۆو تیزەجـاڕ دروست دەبن بەودرۆ تۆمارکراوانەی نێو مێژوودا...!گەلانیش بێئاگا دەبن لەوەی ماڵو داراییو ڕوحی نەوەکانی ڕوو لە کوێ دەکات...!!

دیمەنی سیاسی عێـراق لەئەندێـشەو بیریـدا بەچەشـنێبوو لەسـەر بـاری ڕاستەقینی خۆیان دەیبینین ، غەمو پەژارە دایگـرت بـۆ حـاڵی رابـردوویو بڕواکردنی بەو حزبیە شکستخواردوانە ، چـۆن تـوانی پـەرێزی ئـەو نـاقۆڵا تاوانبارانە ببەزێنو سەرکردەکەیان فەرامۆش بکات لەو دەمەوە رویکـردە کوردستانو ئەو مامۆستا رۆشنبیرو بەڕەوشتەی ناسی...؟!

ئوتومبیلەکە گەیشتە نێو شاری ئاشتیو بیرو ئەندێشەی هـەر لـەدەوری ئەم باسـانە دەسـووڕایەوە، شـاری بەغـدای بـەرازاوەو جـوان وەك هـەموو کاتێك بەدیکرد ، بەغـدا لـەبوکێکی رازاوەی سـپی پـۆش دەچـوو ، جـوانی بەپانیو درێژی رۆچووبوو بەنێو ناخی سەردەمو چەرخەکاندا، ئەو جوانییە لەوەدەچوو هەر لەئەزەلەوە سەری گرتبێت " ساڵ بەسـاڵو نـەوە لـەدوای نـەوە هـەر پـتر دەبـوو ، سـەرەڕای زاڵبـوونی دیـاردە سـەربازییەکانو دەستەڵاتی جەللادەکان، بەڵام لەبەر جوانی وەك خۆی مابوو ژیـن لـەنێویا شـەپۆلی دەداو رۆژی پـڕ لـەجموجووڵو شـەوی هـێمنو هێـواش دەچـوو بەڕێوەو، چراخانی شەقامو گەڕەكو بینا دێرینەکان دنیای پڕکردبوو...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئێـوارانیش بەشـادییەوە خانـەوادەکان پێـشوازییان لـەو شـەوە دەکـرد لەشاری دێرینی هێماداری زانستو رۆشنبیری کەوا چەرخو دەمێك دوانگەی مەزنترین ژیاربوە...

هەستی بەخۆشیەکی یەکجار قووڵکرد بۆ بەغداو دڵی لەئاسمانی رووناكو پاکیدا هەڵدەفڕیو گوزارشتی لەخۆشەویستی دەکـرد بـەجوانترین هەسـت لەدەروونی خۆیدا : "ئەی شارە جوانەکەم واگەڕامەوە بۆ نێـوت...شـێتو شـەیدای ئاسمـانو ئـاوو هـەواو هەمووشـتێکی تـۆم...سـەرەڕای جـوانی شـارانیتر بـەلاَم دلّـم هـەر لـەدەوری تـۆ دەسـووڕێتەوە، خۆشەویـستیم بەردەوام لەنوێ بوونەوەدایە ، تۆ دایکی میهرەبانی منیتو لەئامێزی تـۆدا چاوم هەڵهێنا ، چۆن لەبیرت دەکەم ئەی دایکی شارانو خۆری رۆژهـەلاّتو دوو شارستانی...!؟".

ئەشـکێکی بەگۆنایـەوە سـڕیو هەسـتی بـەزاڵبوونی خۆشـی دەکـرد لەگەڕانەوەی بۆ شارو ئامێزی خانەوادەکەی...

لەئۆتومبیلەکە دابەزیو نزیك بەماڵی خۆیان ئوتومبیلێکی دیکەی بەکرێ گرتو پاش چەن ساتێك گەیشتەوە بەرماڵی خۆیانو خێزانەکەی بەگـەرمی پێـشوازییان لێکـردو دایکیـشی لـەژێر کاریگـەری دیمەنـە سـۆزاوییەکاندا بورایەوەو لەهۆش خۆی چوو...

خۆیشی زۆر بەپەرۆشەوە باوەشی کرد بەدایکیـداو دوای هێوربوونـەوەی تەوژمی هەستو نەسـتی هەلّـچووی دەسـتیکرد بەگێڕانـەوەی ئـەو رووداوو دیمەنانەی لەئەنجامی ئەزموونی غەریبیدا چەشتبووی...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 11

**به** گەڕانـەوەی کـچەکەیان گـوێ ئـاگردانی خانەوادەکـەی گەشـبوەوە، دراوسێکان پەیتا پەیتا روویان تێـدەکردن بـۆ بەخێرهاتنـەوەی کـچەکەیان لەشاری غەریبی...

هەمووشـیان چـەند پرسـیارێکیان لێـدەکرد کـەخۆی لەدیمەنـە سـەرنج ڕاکێـشەکانو شـێوازی ژیـان لـەو شـارو ناوچـەیەدا دەبینیـەوە، زۆریـان بیستبوو دەربارەی پێکدادانو دەسـتی تێکـدەر لەسـلێمانیو زیانگەیانـدن بەکارگە گشتیو بوارە زیندوەکانی دەوڵەت...

ئـەو داوەسیاسـیو مەبەسـتدارانەی بەزانـدو بەشـێوەیەکی گـشتی دوا دەربـارەی گەشـتەکەیو ئـەو واقعـە بەرجەستەیەشـی وابەسـتەی جـەنگو دەردەسەرییەکانی کردەوە...

نـزیکترین کەسـیش لێـوەی (سـاهیرە)و (مـەها)ی خوشـکیبوو، کـەوا خۆشەویستیەکی جەمی بۆ هەڵگرتبوون...

پێش درکاندنی هەواڵی خۆشەویستیەکەی بۆ دایکی بەدوورو درێـژی ئـەو پەیوەندییە ناوازەیەی خۆیو شازادی بۆ هەردوو خوشکەکەی گێڕایەوە...
هەروەها بۆیان دوا سەبارەت بەو هەڵوێستە مرۆڤایەتیانـەی پێـشتر بـەدی نەکردبوو، ئنجا باسی ئەوینی قووڵیکرد بۆی لەزووترین وادەو کاتدا ، بەڵام ئەو باسەی نەچوو بەلایداو بواردی ژینی داهاتوویبوو لەگوندێکدا بەیاوەری شـازاد، ئـەو باسـەی بـەقورسو گـران بـەدیکرد لەسـەر دڵـی هەریـەك

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەئەندامانی خانەوادەکەی" لەوانەبوو گرفتی بۆ دروست بکەن لەکاتێکدا خۆی دەیویست بەزووترین کات ڕێو ڕەسمی هاوسەرگیریان تەواو ببێت بەپیرۆزبایی ئەوان...

هەردوو خوشکەکەی بەوردی گوێیان بۆ ڕادێرابوو ، سەرسامبوون بەو خۆشەویستیەی خوشکی گەورە لەدلا هەڵیگرتبوو بۆ ئەو مامۆستا کوردەی هەیتا هەیتا کەسێتی لەبەرچاویاندا بالاتر دەبوو ، لەدڵیشا خوازیاری دڵدارێکی لەو چەشنەبوون گەرچی ناسۆری دووریو مەینەتیان تووش بهاتایە...

لەماوەی چەن ڕۆژێکی کەمیشدا ئەو نهێنیەی لای دایکی درکاندو بەپەیوەندییەکی گفتوگۆ هەڵنەگری دانا، هەرچەندە دایکی لەسەرەتاوە نارەزایی دەربڕی بەلام گفتوگۆی کچەکەی لەبارەی شازادەوە دڵی نەرمکردو خۆشەویستی زاوای داهاتوویو خانەوادەکەی لەدڵی چەقی...

بۆئەو مەبەستە هەموو ئامادەییەکیان وەرگرت پێش ئەوەی میوانەکان لەسلێمانیەوە بگەنەجێ...

دەستیان دایە پاککردنەوەی ماڵو، ناوماڵەکەیان سەرلەنوێ ڕێکخستەوەو، شتومەكو پێداویستیەکانیان کڕی بۆ ئەو بۆنەیە ، هەر لەسەر داوای کچەکە دایکی پۆشاکێکی نوێی پۆشیو بەم پێیەش پۆشاکی ڕەشی لابردو ماتەمینی شکاند، بۆیەکەمجار لەدوای شەهیدبوونی باوکی شادی رووی تێکردنو هەستیان بەگۆڕانکارییەککرد...

دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا بەچەند ڕۆژێکی کەم شازادو دایکیو پوری گەیشتنە بەغداو بێئەوەی ماندوبن ماڵەکەیان دۆزییەوەو ، بەسینەو ڕوویەکی گەشەوە پێشوازییان لێکرا...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سـرووتەکانی دەستنیـشانکردنو گواسـتنەوەیان بەیەکـەوە گرێـداو ، بـەهۆی دووری هەردووشـار لەیـەكو بـارودۆخی ئـاڵۆزو نائـارامی وڵاتـەوە کەس‌وکاری کچەکە ئەرکیان لەسەر شازاد هەڵگرت، پاش تەواو بوونی ئـەو رێورەسمانـەش شـازاد ئوتـومبیلێکی تایبـەتی بـەکرێ گـرت بۆئـەوەی بیانگەڕێنێتەوە بۆ سلێمانی...

لـــەرۆژێکی بارانـــاوی زســـتاندا بـــەپیرۆزبایی کـــەس‌وکارو هـــاوەڵان بووکبـەرێکرا، ئـەم رووداوە لای کـەس‌وکاری کـچەکە هەرچـەندە خۆشـی‌و شـــادی لـــەخۆگرتبوو، بـــەڵام گریـــان‌و شـــیوەنی بەســـەرداهێنان‌و دوورکەوتنـەوەی ئـازیزترین ئەنـدامی خانـەوادەبوو، سـەرباری ئـەوە بـەم دوورکەوتنەوەیە یادی شەهیدبوونی باوكو رۆژە رەشەکانی رابردوو دیسان سەریان هەڵدایەوەو ساتە قورس‌و گرانەکان رووی تێکردن‌و بەتەنیا گریـان سـەردارو بـاڵای ئـەو هەڵوێـستە ناسـکەبوو، سـەبارەت بەکـچەکەش ماڵئاواییبوو لەرابردوو رۆژگارە شیرین‌و تاڵەکانی...

زۆر گریا کەدایکی لـەئامێزی گـرت لەگـەڵ یـەك بەیـەکی خانەوادەکـەی، کـاتی ماڵئـاوایش لەسووچـێکی ئوتومبیلەکـەوە نیگـای خـستەسەریان‌و لەبەرچـاوی رۆژانـی رابـردووی وەك گـەڵای دار هـەڵوەرین‌و هێـدی هێـدیش لەبەغدا دوورکەوتەوە...

یادەوەرییـەکان رێگـەی خۆیـان گرتەبـەرو غـەمو پـەژارەی بـەدیار هـەر رووداوێـك لـەو رووداوانـەوە خـواردو بەهێواشـی رێـچکەی بـەرەو تیاچـوون بەســـتو شـــوێنەوارێکی بەســـوێی لەســـەر دڵو دەروونـــی ناســـکی بەجێهێشت...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ماڵئـاوایی لەشـاری ئاشـتیو دانیـشتوانەکەی لەدەوروبـەری دیجلـەکردو لەئەندێشەیا جوانترین رۆژگاری بەدیکردو بەچەشـنی دوایـین بیـنین چـاوی پیاهەڵهێنا...

"ئـای ژیـن چـەن سـەیرە...!!سـەراپای غـەمو پـەژارەی بێـسنوورو دواییە...ئای لەو ساتانەی ماڵئاواییان لەخۆگرتووە چەن سەختو قورسن یا دوورکەوتنەوە لەزێدی دایكو بەجێهێشتنی مۆڵگەی یادەوەریو ئومێدی گەورەو بچووك...

مردنی رابردوو بەخاك سپاردنی کاریگەرییەکی قوورسی هەیە لەسەر دڵی زیندوو " ئای لەو هەستە چەن ناسکە کەوا گوزارشت لەو رووداوانە دەکاتو دیسان لەسەر هەمان تەرزو بار نوێ دەبێتەوە..."

ئـەو رووداوانـە سـوێیەکی بـەتین دەجـوولێنیو لەنێوجەرگـەی زامو برینـەکانی دەروونـدا تەزوویـەکی بروسـکەدار دروسـتدەکات...مـرۆڤ هـیچ چارەسـەرێکی نامێنێـت لەئەشـك هۆنینـەوە زیـاتر، بەشـێوەیەکی هـێمنو لەسەرخۆ، دەگرێو دەگری وەك منالێك لەدایك دابڕێـت مـەزنترین هێمـای بوون...رۆژانیش بەدووی یەکدا دێنو دەچنو ساڵان بـەخێرایی تێدەپـەڕن بەبێوەستان، بەتەنیا یادەوەرییـەکانی منـداڵیو لاوێتـیو جێنـشین دێـنو دەچنو سەرلەنوێ ئەوینێکی گەرمو شاراوە بەدەردەخـەنو زامێکـی کـۆن دەهێننەوە جۆش...

لەوساتە کاریگەرەدا دەستیکرد بەگریان کاتێ ئوتومبیلەکە دەروازەکانی شـاری خـستە دوای خۆیـەوە، سەرنـشینی ئوتومبیلەکـە تووشـی سـەر سوڕمان هاتن جگەلەشازاد نەبێت ، بەتەنیا ئەو هەسـتی بـەناخو دەروونـی جۆش خـواردووی یارەکـەی دەکـردو رادەی سـەختی ئـەو گواسـتنەوەیەی پێشبینی دەکرد...هەردەم حاڵوباری هیچ کەسێکیش لەسەر یـەك تـەرزو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بار جێگیر نابێ " ژیان گەشتێکبوو لەزاگەوە بۆ مـەرگ دەسـتی پێـدەکردو مـەردوم بێئاگـابوو لـەوەی دەهاتـە رێـی، دەگونجێـت لـەدنیا دەربـچێتو نەزانێت زێدو نیشتمانی کوێیە، یا دەبێـت بـەخاوەنی دنیـاو ناسـنامەیەکی فـراوانتر هەڵـدەگرێو سـنوورەکانی دەوڵـەتو نەتەوەیـەکی دیـاریکراو دەبـەزێنێت. . .ناسـنامەو گەڕانـەوەی مـرۆڤ بـۆ سـەر کۆمەڵگەیـەکی مـرۆڤ دۆست فراوانترە لەهەر ناسنامەیەکیتر. . .ئـەم دیـدەش پێویـستی بـەئارام گرتنو دەستبەردار نەبوونی بنەما بەرزو باڵاکانـەو رانەمانـە لـەدەوری ئـەو فشارانەی لەدایکبووی بیرو ئەندێشەی تەسكو بێمەودان. . .

یارەکەی شازادیش بەکەسێتی بەهێزی توانی هەموو کۆسپو ئاستەنگو بۆچوونە کورتبینەکانی حزب ببڕێت، رووی لەمرۆڤ کرد" وەك چەقی هەموو جموجووڵێـكو، خـۆی ژینـی داهـاتوویی هەڵبـژارد ، گەرچـی دابـڕانو دوورکەوتنەوەو ماناو ساتە تاڵەکانی کاریگەری قورسـیان هـەبوو لەسـەری بەتایبەت ساتی منداڵیو خۆشەویستی بـۆ خانـەوادەو زێـدی لـەدایکبوونی، بـەلاّم هێـزو توانـای مرۆڤایـەتیو توانـەوە تێیـدا بەڕادەیـەك کاریگـەربوو لەسەری تـوانی زاڵببێـت بەسـەر ئاسـتەنگەکانداو روو بەدیـدی مرۆڤایـەتی بچێت. . .

لەسـۆنگەی خۆشەویـستی قـووڵو توانـاوە لـەپێناوی دڵدارەکەیـدا دانـی بەخۆدا گرت، هەرچەندە لەبەغدا دوورکەوتەوە بەلاّم ئومێد لـەدەرکی دڵـی هەڵیـداو شـادبوو بەدامەزرانـدنی خانەوادەیـەکی نموونـەیی لەهـەر شـوێنو زێدێك مادام لەگەڵ دڵدارەکەی خۆشەویستی بگۆڕنەوە. . .

لەدواوە نیگای بڕییە سەر دڵدارەکەیو، جوانترین خۆشەویستیو هەستی بۆ هەڵگرتبوو، پێشبینی ساتە ناسکەکانی شـەویکرد ، دڵخۆشـبوو بـەوەی پەیوەندییـەکی پـاك وابەسـتەی یەکـدی کـردوونو بـەپیرۆزبایی هـەردوو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خانەوادە ئەم هەنگاوەیان ناوە...دڵو دەروونی لێوان لێو بوو لەشادیو ئەوساتانەی چواند کەبێئاگا دەبن لەدنیاو هەموو پێکهاتەیەك... لەدیمەنێکی ناوازەدا هەردووکیان دەمێننەوە، لەکاتێکدا بەپلیکانەکانی پەیوەندی روحیو جەستەییدا سەردەکەونو ژینی رەبەنی وەلا دەخەن ، لەشەوێکدا ناوزەدکراوە بەشەوی شەوان یا شەوی سەرلێوی تەمەن...

بیرکردنەوەی شازادیش هاوتای بیرکردنەوەی یارەکەیبوو، وێڕای جیاوازییەکی کەم لەچواندنی پەیوەندی نێوانیان...

هەرچەند کاتژمێرێکی دیاریکراوی خایاند" ئوتومبیلەکە گەیشتە سلێمانیو جوانترین دوو هاوسەری هەڵگرتبوو، خانەوادەی زاوا بەهەلهەلەو سەماو خۆشحاڵی دەربڕین پێشوازییان لێکردن، ئەو رۆژەش بەخۆشیو شادییەوە رابوردو ساتەکانی بوون بەیادەوەری بۆ بەشداربووانی ئاهەنگو شایی...

پاش چەن ساتێکی کەم هەردووکیان بەتەنیا مانەوەو ماڵیش چۆڵبوو بۆ بەسەربردنی ساتی مێژوویی تێیدا...

ماڵچۆڵکردنیش لەوکاتانەدا رووداوێکی ئاساییبوو لای هەندێك خێزان لەسلێمانی، چونکە باری میوانخانەکان ئاڵۆزبوو ، جموجووڵی هاوسەرانی کۆتو بەند دەکردو دەبوو بچنە ژێر باری سیستمی میوانخانەوە...

دایکی شازاد وای پێ باشبوو ماڵیان بۆ چۆڵبکاتو سەرجەم ئەندامانی خانەوادەکەی برد لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵی خوشکەکەیو سێ شەووڕۆژ ماڵیان بۆ چۆڵکردن...

هەرکە هەستیان بەوەکرد خۆیان بەتەنیا ماونەتەوە یەکەم هەنگاوی خۆشەویستیەکەیان دووبارەکردەوە کەبریتیبوو لەنیگا بڕینە چاوەکانی یەكو رۆچوون تێیدا...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوساتە ناوازەو دەگمەنانە بەخێرایی دەچوون بەڕێوەو کاتێ ماندوبوون شازاد بەدەنگێکی نزمو هێواش وتی:

ـ دەتوانم هەستی نێو دەروونم بخەمەروو بۆت ؟

گۆنای سووورداگیرساو لەوەلآمدا وتی:

ـ گەورەم..ڕووناکی چاوم...کات لەم ساتانەدا ڕاماوە...بۆیە ڕێگە ئاوەلآیە بۆئەوەی دەتەوێت بیلێیت بەویستی خۆت...

شازاد هێمنی خۆی تێکنەداو بەهێواشی وتی:

ــ گرنگترین گوتارم ئەوەیە خۆشمدەوێیت...پێش ئەوەی بتناسم هەمیشە خەونم بەکچێکی وەك تۆوە دەبینی...خەونم پێوە دەبینیتو لەگەڵت دەدوام..ئەوینی یەکەمجارم ئەوینێکی یەك لایەنەبوو، من وێنەی تۆم لەئەندێشەو بیردا لەسەر شێوەی ئەو کچە دانابوو...کاتێ شوویکرد غەمو پەژارەیەکی گەورە ڕووی تێکردمو کۆتایی ئەزموونێکی مردوو داهات بەر لەوەی لەدایك ببێت...کاتێکیش تۆم بینی هەر لەیەکەم نیگاوە ئومێد لەدڵما زیندوبوەوەو بوێرییەکی مەزنت پێدامو لەترسو بیم قوتارت کردم...ئێستا دەمەوێت خاڵێکی گرنگ بخەمە ڕوو...ڕاستە تۆ زۆر جوانیت بەلآم نیگای چاوەکانت شێتو شەیدای کردمو واهەست دەکەم بەرلەوەی بگەم بەدیدارت ئاشنابووم پێتو تۆم ناسیوە...هەمیشە هانی خۆم دەدەم لەدەروندا تا بتوانم ئەندێشەکانم دەرببڕم...

بەنیگا قووڵەکانیەوە لێی وردبوەوەو بەدەم شەرمەوە وتی:

ـ گەورەی من " خۆشەویستی دڵ...تۆش بۆ من شاسواری خەونەکانم بووی، ئەزموونی ڕابردووشم پێهەڵخلیسکانبوو، وامزانی تۆیت بەلآم وەك مار گەزتمیو ئێستا شەرم دەکەم لەم هەڵوێستەی خۆم...ئارەقی شەرمەزاری دەردەدەم...ئاخ لەوشوێنەوارەی پەیوەندی ئابڕووبەر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دروســــــتیکردوه لەســــــەرمو چ زامێکـــــی کاریگــــــەری لــــــەدەروونما پێکهێنـــاوە...!!خۆزگـــە وەك کــچێك بوومایـــە نـــەك بێـــوەژنو ئـــەتك کراوێك...!!

ئنجا لـەژێر کاریگـەری هەسـتکردن بەشـەرمەزاری دایـە پرمـەی گریـانو هەنسکی هەڵکێشا ، بەلاّم شازاد دەستەکانی بەهێواشـی گـرتو لێـوی لـیّ نزیککردەوەو ماچیکرد، پاشـان ئەشـکە گەرمـەکانی گۆنـای ئـالّی سـرِیو وتی:

ـ لەلای من تۆ کچیت ، تکام وایە دان بەخۆدا بگریت...شەومان لیّ تێـك مەدەو هێشتا لەسەرەتاداین...

دەسـتی تونـد ئالأنـد لەگـەردنی دلّدارەکـەیو بەرلـەو لێـوی گەیانـدە لێوەکانیو ئاگری بەردا لەهەستیو پاش چرکە ساتێك ساردبوونەوە ئەوجا وتی:

ـ خۆشمدەوێیت...خۆشمدەوێیت...ئەی روحـی دلّ " ئـەی ئەوکەسـەی عەرشـی دلّـت داگیرکـردو فەرمانبـەرداریت پەخـشکرد بەسـەریا ...مـن وا دەسـتبەرداری ویـستی خـۆم بـووم " بەهــەموو چەشـنیّ لەبەردەسـتامو چاوەریّی فەرمایشتم...

پێکەنینێکی هێواش رووی تێکردن ، دیسان وەك خۆیان لێهاتەوە، ئنجـا دەسـتیانکرد بەســەما لـەنێو ژوورەکـەدا بەشـێوەیەکی رۆمانـسیو تـەواو دەستیان لەملی یەکدابوو بەیەکا ئالأبوون، لەناکاو شازاد پەردەی بێدەنگی بەزاندو وتی:

ـ ئەم سەمایە جوانترین یادەوەرییە بۆ هەردوو هاوسەر...

+بۆچی..؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ چونكه ئەم شەو مۆركێكی تايبەتی لەخۆگرتوەو دەبێت جموجوولّەكان فـــرەرەنگ بـــن...ســـەمای رۆمانـــسی لەشـــەوێكی وادا ســـەرەتای زيندوكردنەوەی شەوە تا بەيانی...

+سەما كارێكی چۆنم ؟رات چييە دەربـارەی سـەماكەمو وەلاّمدانـەوەی جموجوولّەكانی تۆ؟

بەمتمانەيەكی بەرزەوە وتی:

ـ بەراستی سەما كارێكی لێزانو شارەزايت ، من وەك تۆ نـايزانم ، بـەلاّم قەيناكە..

+نا..تۆ لەمن باشتری...

چـــەند هـــەنگاوێك هاتـــە دواوەو پاشـــان وەك خـــۆی گەڕايـــەوەو داوای لێبوردنی لەشازادكردو وتـی:

ـــ ببـــورە حـــەزم لـــەم تـــاوە مۆســـيقايەيە لەكاتێكـــدا خـــۆم لـــەئامێزتا دەبينمەوەو خۆشەويستی تا دوورترين رادە پيادەئەكەين...

ديسان كەوتنە سەما لەسەر تۆنەكانی مۆسيقايەكی هێمن لەوشەوەدا كە بەتەنيا هەر خۆيان مابوونەوە، بێدەنگی شەويان بچڕاند بەدەنگی قاچيانو بەردەوام سەمايانكرد هەتا وەك جەستەو لەشو لارێكيان لێهات...

دواتر بەهێمنيەكی تەواو هيچ پـەردەو رێگرێـك نـەما لـەنێوانيانو بەيـەك گەيشتنو تا دەمەو بـەيان بێـداربوونو لەمانـدوێتیو دڵنيابوونـدا وەنـەوزە خەويان پيا كەوت لەئامێزی يەكدا...

*          *          *

بەرلەوەی هەردوو هاوسەر بەئاگا بێن دايكی شازاد گەيشتەوە ماڵ هـەتا دڵنيابێـت لـەپێكهاتنيانو نـانی بـەيانيان بـۆ ئامـادە بكـات، هـەردووكيان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەخــەوێکی قووڵــدا ڕۆچــوبوونو دوای ڕۆمانــسیکردنی شــەوێکی گرنگــی تەمەن..

سەرەتا شازاد بەئاگا هات " بەخۆشەویستیەکی گەرمەوە لەیارەکەیو لــەشو لاری جــوانی ورد بــوەوەو وەك جــوانترین بــەدیهێنراو دەیبینــی لەپێخەفو جێگەیەکی پیرۆزدا...تـامو چـێژی لـەتێڕوانین بـۆی وەرگـرتو خۆشەویستی پتر لەدڵو دەروونیدا کۆدەبـوەوە، بـیری سـاتە ناسـکەکانی شــەوی کەوتــەوەو چــۆن روحیــان نــەشو نمــایکردو بــەو خۆشەویــستیو تەباییە، بەهێواشی هەوڵیدا لەئامێزی ناسکی بێتە دەرەوەو داواکەی دایکی بەجێبهێنێت...چوو بـەرەو لایـەکی ژوورەکـەو لاقێکـی برینـدارکردو چـەن دڵۆپە خوێنێکی خستەسەر قوماشێکی خامی سپی ، ئنجا شوێن برینەکەی بەلەزگەیـەك گـرت، بەهێواشــی لــەکونی دەرگاکــەوە تەماشـایکرد دایکـی لەچێشپەزخانەکەدا بینی نانی بەیانیان بۆ ئامادە دەکات... گەڕایەوە نێو باوەشی یارەکەیو گەرمی لاشـەی گوێزرایـەوە بـۆیو باوەشـی پێـداکرد ، ئـەویش تونـد بەهــەمان شـێوە خـۆی پێـوە نووسـاندو بێپـەردەو پۆشـاك بەیەکەوە مانەوە...

بەو حاڵە مانەوەو هەستێکی گەرمی دڵنیایی داهاتبوو بەسەریانداو شازاد ئەو بێدەنگیەی دوایی پێهێناو وتی:

ـ ئای چەن دڵنیاو ئارامم ...

+منــیش وەك تــۆ وام " هەســتێکی ســەیرو نــامۆ لــەم ســاتەدا دەدات لەدەرگای دڵو پێشتر هەستی وا رووی تێنەکردووم...ئـارەزووی مانـەوەم بەم چەشنە تا گەرمیو ئارامی لەدەست نەدەین...

شازاد بزەیەك گرتیو وتی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- ئەی ئەگەر دایکم دەرگای ژوورەکـەی خستەسەرپـشتو بـەم شـێوەیە بەدیکردین ...!!؟

بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

- بۆچی گەڕاوەتەوە...؟!

+بەڵێ " لەکونی دەرگاکەوە تەماشامکرد بینیم خەریکە نـانی بـەیانیمان بۆ ئامادە دەکات...

بەخێرایی خۆی قوتـارکرد لـەنێو باوەشـی دڵدارەکـەیو، خێـرا پۆشـاكو جلەکانی گرت بەدەستەوەو لەبەریکردو وتی:

- باشە بۆچی پێت نەوتم ...؟!ئای چـەن شـەرم دەکـەم...ئێـستا چـی بکەین؟!

دڵنیایکردەوەو وتی:

ـــ دڵنیابـــە داواکـــەیم ئامـــادەکردووە...لەســـەر ســـینیەکی ئـــاڵتوونی بۆیدەخەمە روو...!

بزەیـــەك داهـــات بەســـەر کـــچەکەداو هەســـتی بەشـــەرمەزاریکردو ، بێدەنگیـەکی کوشـندە رووی تێکـردو، لەناخیـشدا رووبـەرووی هەسـتێکی شکستخواردوو دەبووەوە ، بەڵام شازاد هەستی بەم هەڵوێستەکردو وتـی:

ــ ئـەم کۆمەڵگەیـە دواکـەوتووە " مـن هاوسـەرم گرتـوەو وابەسـتەکانی دەخەمـە ئەسـتۆم بـەڵام ئـەوان لـەبارەی شـتێکەوە دەپرسـن هـیچ پەیوەندییەکی نییە بەوانـەوە ، ئازیزەکـەم خـەمبار مەبـە متمانـەت بـەخۆ بێت...

بزەیەکی سارد پەڕییـە سـەر لێوەکـانیو تاسـابوو لـەنێو شـەرمەزاریداو وەڵامی هاوسەرەکەی نەدایەوە، ئنجا شازاد لێی نزیکبووەوەو وتـی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ بۆ ئـەو رووخـساره جوانـه ئـاوا خـەمبار دەبیـنم ... دڵنیابـە مـن زۆر دووربینم...هەموو مرۆڤێـك دەكەوێتـە هەڵـەوەو سـاتی خۆنەویـست رووی تێدەكاتو هەڵدەكاتو، بارێكی خراپو ماتەماوی دێت بەسـەریا...گـرنگ ئەوەیە متمانەت بـەخۆ بێـتو نەكەویتـە هەڵـەوە ، تـەواو لێبووینـەوە لـەو باسە...

ئنجا پارچە خامەكەی هەڵگرت دوای ئەوەی جلو بەرگی پۆشی وتی:

ـ ئێستا رزگارمان دەبێت لێی...

لەژوورەكـە بەدەركـەوتو دایكـی تونـد باوەشـی پێـداكردو یـەكتریان ماچكرد، پاشان بەشەرمێكی دیاری رووخسارەوە خامـە خوێناوییەكـەی دا بەدەستی دایكیەوەو دوا بەدوا گەڕایەوەو هیچ لەزاری نەهاتە دەرەوە...

دایكیـــشی خامەكـــەی لەكیـــسەیەك ئاڵاَنـــدو دوای دڵنیـــابوون لەســـەر قەنەفەیەك دانیـشت لـەدالاَنی ماڵەكـەداو چـاوەڕێبوو تـا بووكەكـەی هـاتو دەسـتی ماچـكردو پیرۆزبـایی لێكـرد...لەوسـاتەیا خۆشەویـستی بـاڵاَبوو بەسەریانداو زۆر بەگەرمی كچەكەی لەئامێز گرتو ئەویش دەستی ماچكردو لەژێر فشاری هەڵوێستەكەدا بەسەریەكدا تێر تێر گریان...

پاشان نانی بەیانی پێشكەشكردنو ئەوەندەی نەبرد گەڕایەوە بـۆ مـاڵی خوشكەكەی، دیسان هەردوو دڵدار بەتـەنیا مانـەوەو كەوتنـە دەسـتبازیو گاڵتەو شۆخی، دواتر خۆیـان شـتو لـەو خۆشتنەشـدا چـێژێكی تایبـەتیان چەشت...

شـادی خۆیـان لـەژێر پـەردەی هاوسـەرداریدا دییـەوە، چـێژو خۆشـیەك بەئەوینو رێزو دڵنیایی داپۆشرابوو ، یەكەم هەنگاویان نا بەچەسـپاوی روو بەداهاتوو ، شادیش لەمپەڕاوپەڕی دنیاوە سەریگرتبوو بەچەشنێ سەراپای گەنجی دنیا هاوتای نەدەبوو...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هـەروەك سـەرەتا بەخۆشەویـستیەكی بێپایـان مانـەوە، سـاتەوەختێك نەبوو رابورێ بەسەریانداو خۆیان لەئامێزی یەك نەهاوێژن گەرچی بۆ چركە ساتێكی كورتیش بێت...

بەڵام مانەوەیان لەشارو ژینیان لەبەردەستی جەللادەكانـدا مەترسـیەكی گەورەی بۆ سەر خۆیانو خانەوادەكانیان هەبوو، هەربۆیـە شـازاد بڕیاریـدا بەیاوەری هاوسەرەكەی شار بەجێ بهێڵێت روو بەگوندێكی دوور لەناوچەی قەرەداغ...

بەخێراییەكی ناچاوەڕواننەكراو كاروبارەكانی بەجێگەیاند، دوای ئـەوەی خزمەكانی ماڵێكیان بۆ دابینكرد لەگەڵ چۆنیەتی دەرچوون لـەو بارودۆخـە ئاڵۆزو ناهەموارەی رێگەوباندا...

لەبەرەبەیانی رۆژێكی زستاندا بـەرەو جیهـانێكی سـەیرو چارەنووسـێكی نادیار چوون، بەڵام دڵی بەخۆشەویستی دڵدارەكـەی ئـارامبوو بـەو ژینـەی هەڵیبژاردبوو...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 12

**چا**وی بەرووی ژینێکی جیاوازدا هەڵهێنا " پێشتر ئەو چەشنە ژینەی نەچەشتبوو ، روو بەئەزمونێکی کەم وێنەچوو لەجیهانێکی جیاوازدا " لەودەمەوە گەیشتبوە ناوچەی قەرەداغ کەوا نزیکەی هەشتاو شەش گوندی لەخۆگرتبوو دیاردەی جیاواز جیاوازو سەرسوڕهێنەری بەدیکرد...دیاردەی سەرسوڕهێنەری بینی لەگەڵ خەڵکی رەنجبەرو کۆڵکێش لەژێرباری بژێوی رۆژانەدا ماندوو شەکەتبوون، ئەو خەڵکە بەردەوام لەهەوڵدابوون بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیانو خانەوادەکانیان... لەشێوەی رێگە پێچ پێچو خێچو لانەی قوڕینەدا چەندین بروسکە دەگەیی بەهەستی ناسکیو غەمو پەژارە دایدەگرت...

گوندنشینی داماو یان ئەوەی سەر بەیەکێك لەو گوندانەبوو بەدرێژایی ساڵ ماندوو دەبوو، لەکۆتایشدا بەدەستی بەتاڵ یان بەبەروبومێکی کەم دوایی بەو ماندوبوونە دەهێناو نەیدەتوانی کەمترین پێداویستی خۆی پڕ بکاتەوە...ئەوجا نەخوێندەواریو بێبەشبوون لەکەمترین مافی مەدەنی بۆی هەڵدەتۆقاو دەبوو بەگرفتی داهاتووی خۆیو منداڵەکانی...

بەدرێژایی رێ شازاد وازی لێهێنا بیربکاتەوەو روو بەگێرمەوکێشمەی نێو دەروون شۆڕ ببێتەوە تا لەومیانەدا بەرگری لەمافی مرۆڤ بکاتو دیدی مرۆڤانە بالاّ بێت...

"ئای چەن سەیرە...!!ئەم ناوچەیە بێبەشە لەخزمەتگوزارییە مەدەنیەکانو ئەو پێشکەوتنەی ژینی مرۆڤ بەخۆیەوە بینیوە...!هەر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پارچــەیەك لــەم ناوچــەیە شــوێنەواری وێرانــی پێوەدیــارە " پــەینی ئاژەڵەكانیان لەبەردەم ماڵەكانی گوندا كەڵەكەبوەو گوندیش لەپۆرترێتێكی چــاخە بەردینــەكان دەچــێت...!خــەڵكیش بــەجلو بــەرگی چــڵكنەوە لەوەدەچــن لەبــەر ئــاگر یــان تــەپو تــۆزی گــەردەلوولێكی تیابــەر هەڵهاتبن...جلو بەرگەكانیشیان بەپینەی كۆنی رەنگاو رەنگ چاككردوە بەچەشنێ كەس ئێرەییان پێنابات...وەك دابو نــەریتێك گوندنــشینەكان لەســەربانی مــاڵانو ژێــر تیــشكی خــۆری زســتان كۆدەبنــەوە...رۆژگــار تێدەپەڕێتو كاروانی ژیان لەم گوندە كوردیانە مۆڵی بەستوەو گۆرانكاریو شێوەیەكیتر بەخۆوە نابینێ...!

هــیچ دیاردەیــەكی شارســتانی لەئاســۆوە بەدەرناكــەوێت " مەگــەر ئــەو گوندنشینانەی چوون بەرەو سلێمانی یان هەر شارێكی ئاوەدان بەزانیاریو رۆشنبیری...

هەرچەند سروشت لێرە زۆر جوانو دڵگیرەو كاریگەری ئەفسوونی لەسەر دەروون هەیــە بــەڵام گــوێ پێنــەدانو فەرامۆشــكردن لەهەموولایەكــەوە بەدەردەكەوێت بۆ كەسێكی غەریبــە كــەوا لەشارســتانو ناوچــەی ئــاوەدان گەورە بووبێت...".

بەدرێــژایی رێگــە لەگونــدەكان ورد دەبــوەوەو، بــیری لــەحاڵو بــاری گوندنشینەكان دەكردەوەو دڵو دەروونــی شــقڵی برینــداری تێــدەبوو، بــەو دیــدە فــراوانو بەرینــەوە لەگــەڵ گوندنــشینە داماوەكانــدا دەبــوو كەبێبەشبوون لەمافە مەدەنیو ژیارییەكان...

تاسابوو لەنێو كاریگەری ئــەو دیمەنانــەداو لــە ئوتومبیلەكەشــدا توانــای نــەبوو بــدوێ بــۆ هاوســەرەكەی چــونكە ئوتومبیلەكــە ســیخناخبوو لەسەرنشینی زارەترەكو رەنگ هەڵبزركاو...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆیگرت لەبەردەم هالآوی هەناسەی خنکاوو بەڕێگەی سەختو گراندا ئوتومبیلەکە ڕۆیی تا گەیشتە گوندی دیاریکراو، کەسوکاری مێردەکەی بەگەرمی پێشوازییان لێکردنو لەماڵێکی بچووکی نزیك کانی نیشتەجێبوون...

شەوی یەکەمی ژینی گوند ئەستەمبوو لەسەر دڵیو غەمو پەژارەیەکی پەنهان لەدەرکی هەڵیدا، یادگارییەکانی کەسوکارو ساتەکانی رابردووی لەشاری ئاشتیو نەشونمای لەئامێزی رۆشنبیریو رێچکە فیکریو ئەدەبیەکان سەریان لێدا لەهەموو لایەکەوە...بەلآم دانی بەخۆدا گرتو خۆی نەسپارد بەغەمو پەژارەی نێو ناخو دەروونیو هەولێیدا ماڵەکەی بەشێوازێکی ناوازەو کەم وێنە رێکبخات...ویستی ئەو ماڵە سادەو ساکارە بکات بەجێ سەرنجی میوانەکان، شادی خۆی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دییەوەو دەروونی بەبارهێنابوو بۆ ئارامگرتن لەسەر گرفتو ئاستەنگەکانی ژیان...

هەر لەشەوی یەکەمی گوند پێشوازییان لەمیوانەکانیانکرد کەبەبۆنەی گواستنەوەیان بۆ گوند هاتبوون بۆلایان، خزمەکانیان ئەرکی میوانداریێتیان کێشانو کۆڕو دانیشتنەکەشیان بەباسی گشتی گوندو شۆڕشگێڕانی ناوچەکە گەرمکرد، شازادو هاوسەرەکەی بێئاگابوون لەبارودۆخی ناوچەکە، بەوردییەوە گوێیان هەڵخستبوو لەباسی هێرشە ئاسمانیەکانی رژێمو بۆردومانی موشەكو بۆمبەکانیو هەڵهاتنو خۆشاردنەوەی گوندنشینەکان لەبێشەکانی قۆپیو بەرزاییەکان...!!

لەوساتەوە گوێی لەو لێدوانو باسانەبوو بۆیدەرکەوت مەترسی لەهەموو لایەکەوە دەوروخولیداونو بەدوور نین لەرووداوەکانی دەوروبەر لەداهاتوویەکی نزیکدا ، بەتایبەت ئەو هەولآنەی هێزەکانی رژێم دەیاندا بۆ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەستبەســەراگرتنی ناوچــەکانی ژێــر دەســتی شۆڕشــگێڕانو کێومــاڵی ناوچەکەو قەڵاو پێگە عاسیەکانیان لەگوندو دەرەوەی...!!

ســەرەڕای ئــەوبارە بڕیاریــدا بەشــداری ژینــی گوندنــشینان بکــاتو یارمەتیـدەریان بێـت لـەفێرکردنی منالّـەکانیانو ڕێنوێنیـان ڕوو بـە دنیـای زانستو زانیاریو قوتاربوون لەو داماوییەی ڕووی تێکردوون...

ئەو شەوە دوای ئەوەی لەگەڵ شازاد بەیەکەوە مانەوە شازاد پێی وت:

ـ ڕۆژێکی قورسو سەیرمان گوزەراند...!! وانییە؟

شوێنەواری ماندوبوون بەڕوویا دیاربوو وتی:

ـ بەڵێ وایە " ڕۆژێکی سەختو گرانبوو بەتایبەت لەسەر من...

+دیمەنەکان چۆن بوون لات ؟

ــ هــەژاریو دامــاوی زاڵــە بەســەر هەمووانــدا ، ئــەم دەرەنجامــە چـاوەڕوانکراوە لەسیاســەتی داپلۆســێنەر بکەوێتــەوە...کۆمــەڵی دامــاوو بەدبەختەکان بێبەشن لەکەمترین مافـەکانیان...سـەرباری ئـەوەش ژینـی قورسوگران دەخەنە ئەستۆی خۆیانو لەژێر باری ڕۆژانەدا بەئارام خۆیـان ڕاگرتوە...هەموو ئەو دەرەنجامانە دەگەڕێتەوە بـۆ گـوێ پێنـەدانی ڕژێـم بەگوندە کوردیەکانو دەستبەرداربوونی تا بەم دەرەنجامە بگات...واپەی دەبەم حاڵوبارەکە لەوەخراپتر بێت، هەوڵەکانی ڕژێم لەپێناوی پاوانکردنی ئەم ناوچەیەدایە...

+گوندنشینان ڕۆژێکیان ڕانەبوردوە تێیدا هەست بەئارامی بکەن، ئەمان خۆڕاگربوون لەژێر چەکمەی دەستەلاّتی حکومەتە یـەك لـەدوای یەکـەکانو شۆڕشگێڕانی یاخی لەڕژێم...ئەرکی شۆڕشو دەرەنجامەکانیشی هەمیـشە لەئەستۆی ڕەنجبەرو ماندووی ئەم داماوانەدابووە...

ـ بەلاّم دروشمەکانی شۆڕشگێڕان جوانو سەرنج ڕاکێشە...!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

+نامەوێت بیروبۆچوونت بشێوێنم ، بەلاَم بەچاوی خۆت دیاردەی نـاقۆلاَ دەبینی کـەهیچ خزمـەتێك ناکـات بەگوندنـشینی دامـاو، بـا ئـەم رووداوانـە فەرامۆش کەین، تۆ پێم بڵێ دڵ هێشتا ئالوودەی منە ؟!

خەندەیەك پەڕییە سەر لێوەکانیو بەخۆشەویستیەکی قووڵەوە وتی:

ـ خۆشەویستی مـن بـۆ تـۆ هەمیـشە نـوێ دەبێتـەوە، ژینم لەگـەڵ تـۆ چێژێکی تایبەتی هەیەو وام لێدەکات خۆراگریم لەبەردەم گرفتو نەهامەتیە گەورەکاندا...هەر بۆیە شەرمت لێناکەم گەر بڵێم تۆ سەروەری دڵیـت یـان پتر لەجاران خۆشم دەوێیت...

شازاد بەگەرمی باوەشـی پێـداکردو هـیچ وەلاَمێکـی نەدایـەوەو لەشـیان بەریەك کەوتو دوای ماچی گەرم وتی:

ـ خانمە ئازیزەکەم...من خۆشەویستی خۆم هەڵسەنگاندو بینیم قـوڵترە لەبیرکردنــەوەی فەیلەسـوفە مەزنــەکانو بــەرینی مێـژوو لەســەر لاپــەڕە پرواوەکۆنەکان...ئەوینەکەم رەگو ریشەی رۆچوە بـەنێو سـەردەمداو تـۆ لەبیروهۆشــــم هــــەرگیز جیانابیتـــــەوەو، دڵو دەروونو هــــەموو بەشــــە هەســـتیارێکی منـــت داگیرکـــردوە بەچەشـــنێك دوای مـــەرگیش هـــەروا دەمێنمەوە...

کەمێك هاتە دواوەو وتی:

ـ هێواش ...هێواش ...گەورەم تۆ سنووری خۆت بەزاند ، رێگە نـادەم سەربکەویت بەسەرما ، بەڵکو خۆشەویستی مـن لـەئاوی دەریـاو زەریاکـان پێکهاتووە، لەگەڵ شەماڵی بـەیانو بـۆنو بـەرامی گـوڵو نـوری ئاسمـانو روناکی ژین...

ـ دۆڕام...سەرکەوتی بەسەرما...من شایستەی ئەو خۆشەویستیە نیم ، یا ئەو مانا بەرزانە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەیەك ئالآن‌و بـەدەم بـزەی شـادی‌و خۆشـحاڵیان بەیـەك‌و ئـەو بەریـەك کەوتنــەی لــەش‌ولارو هــالآوی دەمیــان پــتر بــەرزی کردنــەوەو ســەرجەم کۆتەکانیان پساندو چێژیان لەو ساتانە وەرگرت ...

تادەمەو بەیان بەیەکـەوە مانـەوەو خـەو یەخـەی پێگـرتن لـەئامێزداری یەکدا، بەوپێیەش شەوی یەکەمی ژینی لادێیان بەسەر بردو لەنێو ژوورێکی سادەی بـچووکدا ، خۆشەویـستیش بـالآبوو کەبەهۆیـەوە هـەموو رێگرێکـی هەڵتۆقیویان بواردبوو...

*　　*　　*

ژینی لادێ گران‌و فـرە ئـەرکی جیـاواز جیـاوازبوو...بـەر لەدەرکـەوتنی تیشکی خۆر سەرجەم گوندنشینان بێدار دەبوون‌و سـەریاندەکرد بەئـەرك‌و فرمانی گراندا کەپێکهاتبوو لەکێڵآنی زەوی‌و ترێ رنینــەوەو گێـرەو شـەن‌و ئــاژەڵ لەوەڕانــدن‌و دار بــڕین لەدارســتان‌و قوڕکــاری‌و پینــەو پــەڕۆی ماڵــەکانیان، ئــەم ئـەرك‌و فرمانــەش دابــەش بوبــوو بەســەر هــەر چــوار وەرزەکــەی ســاڵداو کــەس لەدانیــشتوانی گونــد تــام‌و چــێژی پــشووی نەدەبینی، سەرەڕای ئەوە وایاندەزانی لەبەهەشتی چاوەڕوانکراودان‌و لەژێر سێبەری دارەکانیا هەڵیانداوە...ویست‌و تواناکانیشیان بەقورسـی‌و گرانـی فرمان هەرەسی نەدەهێناو هێـزو وزەیـان لـەجوانی سروشـت وەردەگـرت‌و بەرزایی‌و دەشت‌و حەوزەکانی مەلـەکردن وێـستگەیەکی چوسـت‌و چـالاکیە بۆیان...لەلایەکی دیکەوە چێژ لەراوی ئاژەڵە هەمە چەشـنەکانی دارسـتان وەردەگرت لەسمۆرەو کەروێشك‌و باڵندەی جوان‌و دەنگ خـۆش بەتایبـەت کەوی گەردن خالآوی...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وادەردەكـــەوت ژینـــی لادێ هەمیـــشە لـــەجموجوولێكی بەردەوامدایـــەو شـەپۆلدەدات بـەرووداوە نوێكـانو كـەس دانانیـشیێ بێكـارو فرمـان یـان پیادەكردنی ئارەزوویەك وەك راوو مەلەكردن یان سوارچاكی...

ژنـــانیش ســـەرباری هاوبەشـــیان لەئەركـــەكانی پیاوانـــدا ئـــەركی پەروەردەكردنی منداڵو بەڕێوەبردنی ماڵ دەكەوتە ئەستۆیان...

كارو فرمانی نێـو مـاڵ پـشكی گـەورەی كاتـەكانی بـەر ژن دەكـەوتو ، رۆژیـان بـەزوو لەخـەو هەسـتان دەسـتی پێـدەكرد، ئنجـا ئاژەڵـەكانیان دەدۆشیو گەوڕەكانیان پاكدەكردەوە، پاشان نانی بەیانیان ئامادە دەكرد بۆ خانـەوادەكانیان...زۆر رانـەدەبورا سـەریاندەكرد بـەكاروفرمانی تـرداو لێنەدەبوونەوە هەتا خۆرئاوابوونو ماڵئاوایی لەو رۆژەو تامی پشوو ماندوو دەركردنیان نەدەچێژت گەرچی بۆچركە وەختێكیش بێت...!

ئـەو هـەرگیز رانـەهاتبوو لەسـەر ژینێكـی ئـاواو بەدرێـژایی تەمەنیـشی كەسـانێكی ئـاوا مانـدوو شـەكەتی نـەدیبوو، هەرچـەندە نكـوولی دەكـرد لەشـێوەی ژیـانو فرمانـە بێكۆتاكـان بـەلاّم بڕیاریـدا هاوكـاری ئـەو ژینـە سەختە بكات بەشێوەیەك لەشێوەكان...دوای ئەوەی لەگوند جێنشین بوو بڕیاریدا منداڵو ژنانیان فێری خوێنـدن بكـاتو پـشكی خۆیـان بەربكـەوێت لەفێركردنو خوێندەواری...

بەو مامەڵە نەرمو نیانەی هەیبوو دڵـی كەمەندكێـشكردن بـەلای خۆیـداو ماڵەكـــەی كـــرد بەخوێندنگەیـــەكو ژنـــان روویـــان تێـــدەكردو لـــەدڵی هەریەكێكیاندا پلەوپایەیەكی تایبەتی داگیركرد...

ئەو جموجووڵە زانستییە هیچ مەترسیەكی نـەبوو بۆسـەر شۆڕشـگێڕانی گوندو ناوچەكە، بەلاّم دەرروونی تەنگو دیـدی كـورتبین پـاڵی پێوەنـان دژ بەشازادو هاوسەرەكەی بوەستنو پیلانبگێڕن لەدژیان...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دڵی شۆڕشگێڕان کرمیَو پڕ لەخەشمو قین بوو بەرانبـەریانو لـەرۆژێکی زستاندا ئاگادارییەکی هەڕەشـاوویان ئاڕاسـتەی شـازادو هاوسـەرەکەیکردو داوایان لێکردن دەست بکێشنەوە لە وانە وتنەوەو فێرکردنی منالآنو ژنانو ئەوەشـیان پـێ ڕاگەیانـد گوایـە شـۆڕش ناڕازییـە لـەو جموجوولـّەی دەیکەن...!!

هەڕەشەو ئاگادارییەکەی شۆڕش کاریگەرییـەکی تـەواوی هـەبوو لەسـەر دەروونی شازادو هاوسەرەکەیو ئەوانـەی کـاروانی خوێنـدنو ڕۆشـنبیریان لەگەڵ تـەیـدەکردن، بەتونـدی نکـووڵیو ڕەخنـەیان لـەبڕیاری شۆڕشـگێڕان گرتو ئەو ناڕەزاییەش لەگوتاری کچەکەدا بەدەرکەوت کاتێ بەبەرپرسێکی وت:

ـ ئێمە هاوکـاری شـۆڕش دەکـەین بەرێگـە ڕوونـاك کردنـەوەی خـەڵکیو ڕۆشنبیریکردنیان بەهیوای ئەوەی دیدو بۆچـوونیان دەربـارەی چـمکەکانی شۆڕشو بەرپرسەکانی ڕۆشن ببێتەوە...

بەرپرســـەکە نەخوێنـــدەوارێکی کێویبـــوو، بێزانیـــاریبوو ســـەبارەت بەوقـسانەو بەتـەنیا جـوانی کـچەکە کەمەندکێـشی کردبـوو ، هــەر بۆیـە وەلآمەکەی بێماناو ڕاڤەبوو وتی:

ــ ئەمــە فــەرمانی ســەرکردایەتیە ، ئێمــەش وەك فــەرمانڕەوای ناوچـە سەرپشك کراوین لەبەگەڕخستنی هەوڵو تەقەلای پێویست...

وەك سروشتێکی خۆی لەوتوێـژدا بـەدەنگێکی نـزمو ڕەوشـێکی ئـەدەب پارێزەوە وتی:

ـ بۆچی خوێندنو ڕۆشنبیرکردنی خەڵك لەبەرنامەکانی ئێوەدا یاساغە؟!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرپرسەکە پەشۆکا لەوپرسیارەو هەوڵیدا جۆرێکی تایبەت لەرۆشنبیری بەدەربخات، بەڵام نەیتوانیو نەیویست کچێکی جوانی ئاوا لەدەست بدات بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وتی:

ـ فەرمانی سەرکردایەتیەو نامەوێت مشتومڕ بکەیت لەسەری... ! !

نەفامی سەرکردەکانی شۆڕشی بەروونی بۆ دەرکەوتو رادەی سووکیو گاڵتەیان بەژیانی هەزاران گوندنشینی داماوو بێدەرەتان دیاریدا...لەوێدا ئەوەشی بۆ دەرکەوت بەربەرەکانیان ئاسانو سووك نابێتو رۆژانی داهاتوو رووداوی دڵتەزێنو مەینەتاوی هەڵگرتووە بۆی، بەڵام لەمیانەی هەوڵو ماندوبوون بەدەم فێرکردنی مناڵو ژنانەوە ئاسوودەیی رووی لەدڵیکردبوو، دەستی گرتبوون روو بەنوری فێرکردنو بەدەرهاتن لەئەشکەوتەکانی نەزانینو بێئاگایی لەژیانو کەمترین خوازو داوای مرۆڤ...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 13

وەرەی نەڕووخا لەبەردەم ئەو فشارو تەنگ پێهەڵچنینەی لەسەر فێرکردنی منداڵو ژنان ئەنجامیدا لەماڵەکەیدا...زۆر بەهێزتربوو لەرابردوو، وەك کەسێتیەکی مەزنو باڵابوو بەسەر گونداو ژنێکی قورسو خاوەن کەسایەتیەکی مەزنبوو...خەڵکی بەسەرسوڕمانەوە تەماشایان دەکرد ، ڕێزێکی تایبەتی پەیداکردبوو بەدرێژایی مێژووی گوندەکە ئافرەتێکیتر نەگەیشتبوو بەو ئاستو پلەوپایەیە...لەپەرییەك دەچوو لایدابێت لەوگوندەو لەژێر باڵە ناسكو نورینەکانیدا رووناکی بێسنووری هەڵگرتبێت...رۆژانە لەبەرچاوی هاوسەرەکەیدا گەورەو باڵادەبوو، شاژنێکی بەدەستەڵاتبوو بەسەر گوندنشینەکانەوەو بەرەو پلەوپایەیەك سەریگرتبوو بەناوبانگترین سەرکردەو پێشەوای ناوچەکەش پێی نەگەیشتبوو...

خەشمو قین سینەی تەنگی هەژاندو ، سەرکردەکانی شۆڕش هەستیان بەشکستو دۆڕاندن دەکرد، نەخشەو پیلانێکیان رێکخست بەرانبەر خۆیو هاوسەرەکەی...ئەو توهمەتە لەوەدا خۆی دەبینیەوە بەسیخوڕی رژێمو بەتایبەت ئەمنیان دادەنان، هیچ کەس بڕوای نەدەکرد بەم توهمەتەو بەئاشکراو پەنها نکوولیان لێکرد، بەڵام جەوروستەمی شۆڕشگێڕان بۆ گوندنشینەکانو مامەڵەی چەوتیان بۆ دەستەڵات بوو بەهۆی پەڕوباڵکردنی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خوێنـدنو دوایـی هێنـان بـەو پەیامـەی ئـەو کـچەو هاوسـەرەکەی لەگونـد هەڵیانگرتبوو گۆشەگیری ماڵەکەیانبوون...

شـازادو ئـەوەی کـەمترین پەیوەنـدی بـەکچو هاوسـەرەکەیەوە هـەبوو کاریگەربوون بەورووداوە، هەستو نەستی هەمووان برینداربوو بەو مامەڵـە داپلۆسـێنەرەی شۆڕشـگێڕان گرتبویانەبـەر، ئەوانـەی هەمیـشە ئـەرك‌و باربوون بەسەر گوندنشینەوەو هۆکاری وێرانیو کاولکاری ناوچەی قەرەداغ بوون کەوا وەك قەلأو شورایەك وابوو بۆیان...

ئـەم رووداوە کاریگەرییـەکی بـەهێزی کردەسـەر ئەوکـچەی گیانفیـدای پـەیامی خوێنـدنبوو، پـۆرترێتی حزبـی لەئەندێـشەو بیریـدا تـەواو کێـشرا، ئەوانەی سووك‌و رسواکانی نێو خەڵکبوونو بۆ بەرژەوەندی مـادی یـەکیان گرتبـــوو یـــاخود لـــەپێناوی پلەوپایەیـــەك بەســـوودو قـــازانج بـــشکێتەوە بەســـەریاندا، لـــەو پێناوەشـــدا دامـــاوو زەبوونـــەکانیان کردبـــوو بەقۆچـــی قوربانیو فیدای پلانە مەترسیدارو بەدەکانیان...

خودی شۆڕشیش دەرەنجامێکبوو بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی گەورە سـەروەرانو، رێگەیەکیـشبوو بـۆ گەڕاندنـەوەی رێـزو حورمـەت لـەبۆ ئـەو سەرکردە دۆڕاوو کارزمیانەی خەونیان دەبینی بەسەرکردایەتیو پلەوپایەی ملکەچـیکردنی خـــەڵکی لەبـــەر دەرکـــی حزبـــەکانیانو کۆمـــەڵو تاقمـــە گێرەشێوێنو کەڵەکە هەڵچنراوەکانیان ...

چەن داماوی بێتـاوان فریـودرانو هەڵخەڵـەتان بـەناوی شۆڕشـەوە ؟! " یـــان بـــەدروشمی ئـــاڵو والأی بـــەتاڵو دوور لەراســـتی... ئەڵقـــەکانی دروشمگەری هەرگیز دوایی نایەت ، بازاڕی حزبەکان بەردەوام دەبێت هەتا نەزانینو نەفامی زاڵبێت بەسەر خەڵکیداو روحو گیانی ئاوێتـەی نزمـیو رق بێت...؟!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سـەراپای حزبـەکان بەتـەنیا دروشـمو هێمـای بـەتاڵو دژواری مـرۆڤو نەتـەوەکانیتر زاڵـە بەسـەریاندا بۆئـەوەی بـەردەوام بـن لـەناپاکیو دەستخەڕۆو تەواوکردنی ئەڵقەکانی فریودانو بەشوودانی رۆڵەکانی کۆمەڵ، رووداوەکان لـەو ئاستەیا دوای نایـەن، بـەڵکو دەگوێزرێنـەوە بـۆ ئاسـتو بوارێکی زیاترو هەزاران هەزار بێتـاوان لـەپێناوی پلانـی حـزبو سـەرکردە بێئابڕۆکاندا تیادەچن...!!

کچەکە بێزاربوو لەو مامەڵە دیکتاتۆریانەی شۆڕشگێڕان هێنایانە ئاراوەو هەوڵیدا خۆی رووبەڕووی ئەو هەولآنە ببێتەوەو هەردوو دەسـتی پـاکیزەیی هەڵکردو لەنێو کۆمـەڵێکی ئـاپۆڕە بەسـتوودا دەنگـی بەسـەریاندا زاڵکـردو وتی:

ـــ خەڵکینــە...ئــەی ئەوانــەی هەمیــشە لانکــەی شۆڕشــبوون دژ بەدیکتاتۆریـەتو لادانو چەوسـانەوە...ئـەی ئەوانـەی بـەروحی خۆتـانو رۆڵـەکانتان قوربانیتـان دا بـۆ شـۆڕش...ئـەی ئەوانـەی خۆتـان سـپارد بەکەسـانێکی نـەزانو نـەفام لـەپێناوی سـەرکەوتن بەسـەر دوژمنـی بـەدو ئەجنـدە بـەربلآوەکانی لەهـەموو لایـەکی ئـەم زێـدەیا...نـازانم ئـاخۆ ئـەو گومانە خراپەم پێ ببـەن کەسـەرکردە دەروون نـزمو دۆڕاوەکـانی کۆمـەڵ هـەڵیان بەسـتووە ؟ ئایـا واپـەی دەبـەن مـن بـەکرێگیراوی رژێـم بم لـەم گوندەیا...؟!بەچی سوێندتان بۆ بخۆم " سوێند بێت بەوەی گیـانی منـی بەدەسـتە یـا بـەروحی شـەهیدە پـیرۆزو بالآکـان، ئـەو سـەرکردە دۆڕاو شکستخواردوانە بوختانو درۆیەکی گەورەیان بـۆ هەڵبەسـتووم ...ئەوانـە دژومنی خوێندنو رۆشنبیرین...دوژمنانی ئـازادیو کوردسـتانن...سـوێند بەخوا من بێتاوانم " بێتاوانم...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوای تــەواوبوونی لــەو وتــارو لێدوانــە شــازاد گەیــشتە نێــو کۆمەڵەکــەو ژنەکەی لەحاڵێکی خراپدا بینی ، قوڕگی پڕ لەگریانبوو، لەناکاو بورایــەوەو لەجووڵەکەوت...

شازاد تووشی سەرسوڕمان هات بەو چەشنە مەترسیدارە هاوســەرەکەی بینــی، بــەخێرایی لێــی نــەوی‌و بــەرزیکردەوەو بەیارمــەتی گوندنــشینەکان گواستیەوە بۆ ماڵەوە، تــەواو لــەبزاوتن کــەوتبوو ، لــەنێو لێوەکانیــشیەوە بەکزی دەیگووت:

- بێتاوانم...بێتاوان...

دەنگو باسەکە وەك چزەی ئاگر لەپوش‌و پەلاش بدات ئاوا بلاوبــوەوە، زوربەی گوندنشینەکان لەبەردەم ماڵی شازاد مۆڵیان بەست‌و چەك‌و کێــردو چەقۆیان گرت بەدەستەوەو چاوەڕێ شازادبوون ئامادەیــەکیان بــۆ بکــات‌و تۆڵەی هاوسەرەکەی لەشۆڕشگێڕو بنکەکەیان بکەنەوە ...

وتەکانی کچەکە لەسەر زاری خەڵکی بلاوبوەوە، بوو بــەقوربانی پــیلان‌و ناپاکی حزبی‌و پیــاوە ئــەرك‌و تەوقــەکانی ئەســتۆو گــەردنی گوندنــشینانی داماوو بەستەزمان...غیرەو هەستیان بۆ ئەو کچە غەریبــە کەوتــە جــۆش‌و هــەموو لەیــەك ســەنگەردا کۆبوونــەوە دژ بەشۆڕشــگێڕان‌و ئامــادەبوون بــۆ سووتانی بنکەکانیان‌و دەستبەسەراگرتنی...

هەواڵەکە لەناوچەکەیا قاوی سەند ریش ســپی‌و رێنوێنــەرانی کەوتنــەخۆ بۆ چارەسەری ئەو کێشە گەورەیەو زاڵبوون بەسەریاو کوژاندنەوەی ئاگری فتنــەو ئاشــوبێك گــەر رووبــدات ئــەوا شــوێنەوارەکانی چــین بەچــین بــەنێو نەوەکانی ئەو ناوچەو گوندانەدا رۆدەچێت...

ژن‌و پیــاوی گونــد دوعــاگۆبوون بــۆ کــچی غــەریب‌و ئــاوارەی گونــد تــا لەبێهۆشــی بــەئاگابێت‌و تەندروســتی هــەرەس هــاتووی بــۆ بگەڕێتــەوە،

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاڕانــەوە بــەکولْ لــەپالْ نزرگــەی پیاوچــاکی گونــدو، هەمووکێــشەو مەســەلەیەکیان بــۆ دروســتبوو بــەرگری لێبکــەن هــەتا دوایــین ســاتی تەمەن...!!

بەتونـدی چـاودێرییان لـەدەوری ماڵەکـەی دروسـتکردو دەسـتبەرداری سەرقاڵی رۆژانەی خۆیانبوون...

شۆڕشـگێڕو سـەرکردەکان لەتـەنگو چـەڵەمەی بـەد رەفتـاری خۆیانـدا رۆچوون، خەریکبوو بەرهەڵستکارییان بگاتە رادەیەك دوایی بەبوونیان لـەو ناوچـانەدا بهێنرێـت" بـەحزبو سـەرکردەکانیانەوە، دواتـر دەسـتەلآتداری ناوچـەکەیان لێدەسـەندرێتەوەو جـۆرە یـاخی بـوونێکی گـشتی لـەریزی گوندنشینەکاندا روودەداتو هەموو بارەگاکانیان دەسووتێنرێو لەوگوندانە بەدەر دەکرێن...

پاشان دژایەتی سـەرجەم جۆرەکـانی شـۆڕش دێتـە ئـاراوەو بەرلـەوەی بناسرێن یا شۆڕشەکەیان سەربکەوێت لـەجێی خۆیانـدا تیـادەبرێن...ئـای لەو مەترسیە گەورەیەی دەبێتە هۆی لەگۆڕنانی حزب بۆ هەتا هەتاو رەگو ریشەی سەرکردەکانی دەردەهێنرێو لەگۆڕستانی بێناونیشان ئەسپەردە دەکــرێن...دەبێــت بەرپرســـان لــەم رووداوە ســزا بــدرێنو لەئـــەرکو بەرپرسیارێتی بخـرێن ، لای خـەڵکیش رسـوابکرێن تـا حـزب جـەماوەرێتی لەدەست نەدات...!مەترسی کاری ئەو کچە بگات بەهـەر رادەیـەك ناگـات بەو دەرەنجامەی لێی دەکەوێتـەوە...بارودۆخەکـە ئێجگـار مەترسـیدارەو زۆر ناخایەنێتو پەرەدەسێنیو هـەموو لایـەك دەگرێتـەوە " گـەر بڵێسەی ئەو ئاشوبە هەڵبگیرسێت...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گوندنـشینه راپـەڕیوەکان چـاویان کـەوت بەنوێنـەری شۆڕشـگێڕەکان لەسـەر چارەسـەری کێـشەکە بەشـێوەی ئاشـتیانەو سـزادانی تاوانبـاران‌و چەککردنیان‌و لابردنیان لەو پلەوپایەیەی پێیان درابوو...

ئەو بەرپرسەش هەرگیز نەیدەتوانی لەخۆیەوە کارێکی ئاوا ئەنجام بدات ئەگەر هاندانی حزب‌و سەرکردە بالآکـانی نـەبێت، بـەلآم جامەکـە لەسـەری گچکە بەرپرسەکاندا شکایەوەو گەردەلوولی هەڵچوو نیشتەوەو شەپۆلەکانی نارەزایی دژ بەشۆڕشگێڕان لەو ئاستەیا راما...

شـازادیش لەگـەڵ کۆمـەڵێکی بێ‌شومار لەگوندنـشینەکاندا پاڕانـەوە لەخودا تەندروستی هاوسەرەکەی باشبکات‌و لەو قەیرانە سەخت‌و نالەبارە قوتار ببێت...

دوورۆژ بەسەر ئەو رووداوەدا قوتاربوو...هێـدی هێـدی تەندروسـتی روو لەباشە چوو، دوای ئەوەی پشوویداو لەهێمنیدا چەند رۆژێك رۆچوو...ئنجا چارەنووسی بەرپرسەکانی بۆی دەرکەوت‌و هەڵوێستی نەبەردانەی گوندیش داستانێکی پڕ لەقارەمانی بوو بۆی، لەخۆشی‌و شادیی سـەرکەوتن بەسـەر دوژمنــانی خوێنــدن‌و رۆشــنبیریدا دەســتیکرد بــەگریان...زۆر سوپاســی گوندنشینەکانی کردو هەوڵیدا هەستی لەچەند دێڕێکدا کۆبکاتەوەو وتی:

"زۆر سوپاستان دەکەم...ئەی ئەوانەی چاوم لەنێوتانـدا هـەڵهێنا...وا خوێندن زاڵبوو بەسەر نەخوێندنداو، نـوورو روونـاکی قەڵـەم بەسـەر تـەمو مـژی نـەزانین‌و بێئاگایـدا ، مـن شـادمانم بـەم سـەرکەوتنەی زانیـاری‌و لەشـەقەدانی باڵـەکانی روو بـەئاسمانێکی بـەرزو بڵنـد...ئـەم هـەنگاوە سەرەتایەك دەبێت بۆ دوایی هێنان بەنەزانین‌و ئەو نەخوێندەوارییەی بڕاوە بەسەرتانداو کاروبارەکانتان باشتر دەبێت ئەگەر لەسـەر ئـەم تـەرزە بـچن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڕێوە...ڕۆژێك دادێت گریێ ئالۆزکاوەکانی چاوبەستو فریـودان بـەدووی یەکدا دەبڕینو لەبەریەك هەڵدەوەشن...

ئازیزە خۆشەویستەکانم !نازانن چەن شادم بەم هـەنگاوەتان، دڵنیـابن هــیچ هێــزو دەســتەڵاتدارێك ناتوانێــت بــەم یــەکێتیو تەباییــە بتــان شێکێنیێ...یاخوا فەڕدارو پاداشت ئامێزو سەرکەوتووبن...".

ئنجـا چـاوەکانی بڕییـە ئاسمـانو دوور دوور لەگـەلێ ئەسـتێرەکان فـڕی بەدەنگێکی هێواشو نزمەوە وتـی:

ـ ئەی مەزنی ئاسمان...داوای لێخۆشبوون دەکەم لەسـەر هـەر گونـاهو تاوانێــك ئــەنجامم دابێــت...تــۆ خــاوەن چــاکەی بــەردەوامی بەسەرمەوە...داوای لێخۆشبوون دەکەم لەسەر پێهەڵخلیسکانو سەرپێچی لەهەموو کارێکی ناقۆلاو بەد...

فرمێسکەکانی بەسەری قامە سڕیو لەسەر کورسیەکی دارین دانیـشت ، پاشان لەدەوروبەری خۆی وردبـوەوەو چـاوی لەسـەر شـازاد گیرسـایەوەو لەکانگای دڵەوە وتـی:

ــ خۆشەویــستەکەم...ئــای چ دەردەســەریو سەرئێـشەیەکم بـۆ تـۆ دروستکرد ، ببورە ، ئومێدەوارم بمبەخشی...

شازاد لێی نزیکبوەوە بەدەنگێکی بچڕبـچڕ لەژێرکاریگـەری دەرەنجـامی ڕووداوەکاندا وتـی:

ـ من شانازی بەتۆوە دەکـەم...تـۆ کەسـێکی مـەزنی...لەبیرکردنـەوەو هەنگاوناندا ، ڕێگەم دەدەیت خزمەتت بکەم یان نزیکبم لێت؟!

بزەیەکی سەرزاریەکی کردو وتـی:

ـ تۆ گەورەو خاوەنداریو هەمووشتێکی من هی تۆیە...!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ چەن ساتێکی کەم بەبێدەنگی مانەوە، ئنجا لەیەك نزیکبوونەوەو بێدەنگی دیسان باڵی کێشا بەسەریانداو ماچو تێرپوانین‌و خرۆشاندن لەهەزار هەزار وشەو دەربڕین بەهێزتربوو، هەردووکیان هەستیانکرد بە دڵئارامی‌و جۆرە چێژێکی شاراوە ، هۆکارەکەشی سەرکەوتن‌و یەکڕیزی گوندەکەبوو لەگەڵیان...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 14

**له** میانـەی سـەردانێكدا دایكـی رووی لەگونـد كـردو سەرسـامبوو لـەو گوندە چەپەكو دوورەی كـەمترین خزمـەتگوزاری ئـاوەدانیو مرۆڤـی تێـدا نەبوو...رەچاوی هەستی شازادیكردو هیچی لا نەدركانـد جگـە لـەئاماژەی دوورلێرەو لەویٚ نەبێت...ماوەی هەفتەیەك لەگونـد مایـەوە بـەلاٚم ئـەوەی سەرسامیكردبوو چۆن كچەكەی لەسەر ژیـانێكی ئالـەو شـێوازە راهـاتوەو، لەگەلٚ خەلٚكێكی غەریبو بەچەشـنیٚ ئاوێتـەیان بـوە وەك لـەخۆیان بێـتو لەنێویاندا گەورە بووبێت...!؟چۆن ئـارامی گرتـوە لەسـەر ژینێكـی ئـاواو لەبەردەم سەرمای سەختی زستان شەوورۆژی زوقمو بەفراوی بـەرێكردوەو بەردەوامیش ماندوو شەكەت بوە؟!رۆژی ئەو ژینە گێرمەوكێشمەیە لەگـەلٚ ژیانــداو شەویــشی گــۆرێكی قوولٚــەو هێمنـــیو بێدەنگییــەكی ترســناك دایدەپۆشیٚ...؟!

یاخود كیٚ دەستەبەری ژینی دەكات لەكاتێكدا هێزە تۆتالیتەریزمەكانی رژێـــم لەســـەنگەردایە بەرانبـــەر ئـــەو گوندانـــەی لـــەژێر ركێفـــی شۆرشگێراندان..ژین بەم پێودانگە سەرەرۆییو هەلٚەشـەییەكی شـێتانەیەو هەردەم ژین بەم چەشنە هەلٚەو پەیوەندییەكی شكستخواردووە...

بەلاٚم خۆ ناتوانێت ئەو باسانە ئاوەلاٚبكات ، خۆی رازییە بەهەنگاوەكانی رابردوو داهاتووی لەودەمەوە شوویكردوەو بارو بارگەی گواسـتوەتەوە بـۆ ئـەم گونـدە چـەپەكو دوورە...؟!ئەگـەر كەسوكارەكەشـی سـەبارەت بـەحالٚو بـاری كـچەكەی پرسـیاری لێكـەن دەبێـت چـۆن وەلاٚمیـان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بداتەوە؟!بەلاّم بۆچی خۆی سەرقالّبکات بەشتێکەوە پەیوەندی پێوە نەبێت" خۆی رازییە بەوژینەی هەلّیبژاردوە بێفشارو زۆر لێکردن...

ئەم بیرۆکانە ئەندێشەو بیری دایکی داپۆشی کاتێ کچەکەی لێی پرسی:

ـ دایە..بۆئاوا پەژموودەو پەرێشان بەدیت دەکەم؟!

ویستی رەوشەکانی بەشێوەیەکی سروشتی دەربخاتو دوای کورتە ساتێك وتی:

ـ هیچ نییە " بەتەنیا سەرسامم بەهەلّبژاردنت بۆ ئەم شوێنە...!!

+بەلّێ" راستە ژیان لێرە جیاوازە لەشار بەتایبەت بەغدا بەلاّم بارودۆخەکە ناچاریکردم بەم هەلّبژاردنە هەستم...

ـ چ بارودۆخێك مرۆڤ بەم شێوەیە ناچار دەکات ...؟!

+دەستیگرکردنی شازادو کوشتنی لەیەکێك لەزیندانەکانی سیستمی خوێنمژدا..بەم چارەنووسە رازییم بۆ مێردەکەم یاخود پارێزگاری لەژیانی بکەم؟ سەرەتا قورسو گرانبوو" بەلاّم بەتێپەربونی رۆژگار راهاتم لەسەر ئەم ژینەو لەم گوندەیا ئەرکو پیشەیەکی پیرۆزمان بۆ خۆمان دۆزییەوەو دەگمەنە ئەو ئەرکە بەکەسێکیتر ئەنجام بدرێت...

ـ بۆچی ئێوە وا دەزانن بەدوورن لە مەترسیەوە، لەشکری بێشوماری رژێمو هەزاران هێزی یەدەك لەبەردەرکی ئەم ناوچەیەدا مۆلّی بەستوەو چاوەڕێیە لەهەرساتو ئانێکدا بڕیار وەربگرێتو ناوچەکە کێومالّ بکات...

کچە شیرینەکەم...!!ژیانتان مەخەنە مەترسییەوە، من ناسۆریو بەدبەختی زۆرم دیوە ، هەولّبدەن دەروازەیەك بدۆزنەوە تا لەم ئاستەنگە قوتار بن ، من جارێکیتر ناتوانم ئارام بگرم لەسەر بەلاّو کارەساتێکی جەرگبڕ...لەو دەمەوە باوکتم لەدەستدا غەمو پەژارە دەخۆمو ئارام دەگرم لەسەر هەستو نەستی پڕ لەژانو ئێشو لەگەلّ ئەو هەلّوێستانەی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەدەرم دەكات لەبـەرگی مـرۆڤ...تكـات لێدەكـەم گـوێم لێبگـرە...باشـە بۆچی ئەم ناوچەیە بەجێ ناهێڵن‌و روو بەولآتێكی‌تر بـۆ نموونـە وەك ئێـران ناچن ؟!

+ دایە گیان " رەشبین مەبەو گەشبینبە بـەداهاتوو ، هیـچكەس واپـەی نابات هێزەكانی رژێم پەرێزی ئـەم ناوچـەیە ببـەزێنێت، ئـەو بۆردومانـەش دیاردەیەكی گشتییەو تەنانەت بەغدایش بەر شـالآوو پـەلاماری بۆردومـانی ئێرانی كەوتوەو كەسیش لەچارەنووسـی خـوایی قوتـار نابێـت، سـەبارەت بەبەجێهێـشتنی ئـــەم ولآتـــەش هـــەروا ئاســـان نییـــە ، دەگونجێـــت لـەقۆناغێكی‌تردا بـیر لەبەجێهێـشتنی ولآت بكەینـەوە بەشـێوازێكی هـەتا هەتایی ، ئێـستاش واز لـەو قـسەو تـرس‌و بیمـە بهێنـە، پـێم بلـێ هـەواڵی كچان‌و ئەحمەدی برام چیە بۆ نەتهێنان؟

وەڕسبوو بەگۆڕانی گفتوگۆكە بەبارێكی‌ترداو وتی:

ـ هەردووكیان سەرقاڵی خوێندنن‌و ناتوانن لەم كاتەدا مۆڵەت وەربگـرن، ئەحمەدیش وەك خوشكەكانی خـەریكی خوێندنـەوە رێگـەش ئاسـان نییـە بۆیە كەسم لەگەڵ خۆم نەهێنا...رێگەكە بەمەترسی تەوق دراوە...

+ئومێـدەوارم بارودۆخەكـە بـاش ببێـت‌و لـەبارودۆخێكی باشـتر یـەك بگرین...لەبیرم چوو پێت بلـێم مـن‌و شـازاد رێكـەوتووین ئـەمرۆ گەشـتێك سازبكەین بۆ (قۆپی)...دیمەنە سروشتیەكانی كەمەندكێشت دەكەن‌و خەم رەوێنە، نامەوێت بۆت باس بكەم با خۆت ببیینی...

ـ دەترسم بووبم بەئەرك بەسەرتانەوە یا سەرقاڵم كردبن...

+ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟!ئیمە بڕوامان نـەكرد بێیـت بۆلامـان...هـەموو شـەوێك خـەو بـەتۆو ماڵەكەمانـەوە دەبیـنم‌و تابەرەبـەیان هـەر سـەرقاڵم لەگەڵتان...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئاخ... !بیرم مەخەرەوە " وەختە سوێم دەبێتەوەو ئاگرم تێبەردەبێت بۆت...هەمیشە یادو باست لەسەر زارمانە، وێنەکەت لەبەرچاومان ون نابێت ، ئاخ.. !لەدووریی‌و زامەکانی... ! !

+توو خوا دایە بەسە من غەمبار دەبم بەم قسانە ..تکات لێدەکەم ئەو بابەتانە باس مەکە...

ـ چی بکەم ؟ باشە من هەستی تۆ رادەگرم‌و هیچ نالێم...

لەم قسانەدابوون دایکی شازاد دوای مۆڵەت خواستن هەڵیکرد بەژووردا‌و وتی:

ـ حەنان گیان " ماڵەکەتان زۆر بەجوانی رێکخراوە هەروەك ماڵی شار وایە ، من زۆر سەلیقەی تۆم بەدڵە...

+سوپاست دەکەم دایە ، خۆت هەست ناسك‌و جوانیت...

دایکی هەڵیدایەو وتی:

ـ زۆر خاوەن زەوقێکی بەرزە لەماڵ رێکخستندا ، لەوکاتەوە شوویکردوە رێك‌و پێکی‌و رازاوەیی ماڵمان لەدەستداوە...

بەبزەیەکی سادەوە دایکی شازاد وتی:

ــ کچان هەروان " کاتێ گەورە دەبن شوودەکەن‌و ئێمەش بەتەنیا بەجێدەهێڵن‌و خۆیان بۆ ماڵیان دەرەنجێنن...

بێشەرم وەلامیدایەوەو وتی:

ـ یاسای ژیان هەر وایە " گەر وانەبوایە ژیان بێتام‌و چێژ دەبوو...

هەردووژنەکە پێکەنین گرتنی‌و نیگایان لەیەك گیراو لەدڵیشدا وتەی‌تر هەبوو بیکەن بەلام بێدەنگبوون‌و دایکی شازاد لەدەرکی بابەتێکی‌تری داو بێئەوەی رابمێنێت پرسی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ حەنان دواكەوتن لەمناڵ خستنەوەدا ، با دڵخۆش بین پێی بەر لـەوەی بمرین ، بۆچی وا تەمبەڵن...

کوڵمەکانی سـوورهەڵگەڕانو نـەیزانی چـۆن وەڵامـی خەسـووی بداتـەوە بەڵام دایکی فریای کەوتو وتی:

ـ سکی دوو مانگە ، دوعای بۆ بکە بەسەلامەتی هەڵبسێتەوە...

دایکی شـازاد زۆر دڵخۆشـبوو بـەم هەواڵـەو لەخۆشـیدا هەلهەلـەی لێـداو وتی:

ــــ پـــشت بـــەخوا چـــاومان گەشـــدەبێتو خۆشـــی بەســـەلامەتی هەڵدەسێتەوە...

+پشت بەخوا...

هـەر لـەورۆژەدا شـازاد گەشـتێکی پێکـردن بـۆ (قـۆپی) ئـەو شـیوەی کەوتبووە نێوان دوو شاخی سەختەوە، لەنێویا دارستانێکی چـڕیان بینـیو تاشەبەردی سەختو کانیاوی سازگار، وێڕای گوێبیستیان بۆ دەنگی باڵندە جۆراو جۆرەکانو بینینی مەملەکەتێکی سەرنج راکێش لەپشتی گونـدەوە، غەمو پەژارەیان تاوێك بەباداو لەگەڵ هاژەی ئاوو شەماڵی فێنکـدا یـەکیان گرتو دەنگو ئاوازی باڵندەکانی بێشەو دارستانی چڕ قاڵیکردبوون...

لەنێو سروشتا بۆ چەن کاتژمێرێك ئەندێشەو خـەیاڵ بردنیـەوەو، غـەمو پەژارەیان بۆ ساتێکی کورت بەبادا، ئنجا دەمەو ئێـوارە بـەیاوەری شـازاد گەڕانەوە بۆ ماڵەوە لەژێر باڵی هێمنو خامۆشی شەودا ئارامیانگرت...

بـۆ بـەیانی زووش دایکـی کـچەکە ماڵئـاوایی لێکـردن بەگـەرمیو غـەمو پەژارەو گریان زاڵبوو بەسەر هەموویانداو، ئەشك بەلێشاو رێچکەی بەگۆنای کـچەکەدا دەهاتــەخوارەوەو سینەشــی هەنــسكو ویزەویــزی لێــدەهات، کچەکەی زۆر پـەژارەی خـواردو هەسـتی بەلەیـەك دابـڕان دەکـردو سـەدان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پرسیاری بۆ دروستبوبوو دەربارەی چاوپێکەوتنی داهاتوو، یاخود دەبێت جارێکیتر خانەوادەکەی ببینێتەوە ؟!تێر تێر بۆنی دایکی هەڵمژیو وەك منداڵێکی ساوا بوو لەودەمەیا لەگەڵ دایکیداو بێدەنگ بێدەنگ بەیەکا نووسابوون ، وا هەستی دەکرد ئەو ئامێزە لانکەیەکی بەئارامو گەرمەو شوێنێکە تیدا هەست بەئارامی دەکاتو لەغەمو پەژارەکانی دنیا هەڵدێت...

ساتەکان بەخێرایی دەچوون بەڕێوە، دایکی سواری ئوتومبیلەکەبوو ، هێدیانە دوورکەوتەوە، کچەکەی لەشوێنی خۆی رەق رامابوو ، بینایی چەقاندبووە سەر تایەکانی ئوتومبیلەکە ، بەمەش دوور دوور دەکەوتەوە لەگوندو خۆشەویسترین مرۆڤ لەسەر دڵی : "ماڵئاوا دایەی شیرینم " ماڵئاوا ئەی شادیو چوستو چالاکیم ..ئاخ...لەدەستی ئەو هەستە کاریگەرە ...ئاخ لەو زامەی دووری لەناخما خولقاندوویەتی...چۆن بتوانم بەیادەوەریو سیفەتە جوانەکانتا هەڵبدەم ؟ پیاهەڵدان کەمو کورتەو وشەکان ناتوانن ئەو مەبەستە دەرببڕن...من بێدەستەلاَتمو لەخەمو پەژارەو بەخۆدا هاتن زیاتر چیترم لەتوانادا نییە...خۆزگە لەدایك نەبوومایەو لەبیرکراوێك بوومایە...!نازانم چۆن ئەو زامە قوولانە سارێژ بکەمەوە کەلەژێر باڵەکانیدا هەست بەبەدبەختیو تیاچوون دەکرێت...!؟من چیم لەم گەردوونەداو بوونم چ سوودێکی لەخۆ گرتووە؟!دایە گیان تۆم لەدەستدا لەو دەمەوە پێم نایە لانەی دوور...بەلاَم دڵنیابە دڵم هەر لەئاسمانی ماڵەکەمان دەگەڕێتو دەدات لەشەقی باڵ ، نازانم بۆ ئەو هەستە زاڵە بەسەرماو شادی بەوئەندازەیە دوورە لێم ...؟! یادگارییەکانم هەمیشە لەنوێبوونەوەدایە لەگەڵتان،

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وێنــەکانتان هــەرگیز لەئەندێـشەم بارناکـەن ، شــەیدای شـنەبای ئێـوەمو وەختە دەسووتێم بۆتان...".

شـازاد دەسـتی نایـە سـەر شـانی ژنەکـەیو زنجـیرەی بیرەوەریـەکانی بچڕاندو بەدەنگێکی لەسەرخۆ وتی:

ـ بیر لەچی دەکەیتەوە ؟ هەستت پێدەکەم غەمبار مەبە ...!

+پەژارەیەکی قووڵ رووی تێکردووم ...بـیری ماڵـەوە دەکـەم لەبەغـداو هەرکەسێکیش کەمترین پەیوەندی هەبێت پێوەم...

ـ ئەی ئێمە...لەکوێداین لەنێو ئەو بیرانەدا؟

بـیری ئەوینــە گـەرمو بەتینەکـەی بـۆ مێردەکـەی کەوتــەوەو بەتونـدی باوەشی پێداکردو وتی:

ـ تۆ سەرچاوەی خۆشیو ئەوینی هەتا هەتایی منی...گەر تۆ نەبویتایە هەرگیز ویستی مانەوەم نەبوو لەم گەردوونەدا...

لێوەکانی لێ نزیك کردەوەو چێژی دەمیکردو دوای ریزە ماچێکی هـێمن وتی:

ـ ئەی شای جوانی " نامەوێت ببیـنم غـەم زاڵبـوە بەسـەرتا، گەشـبینبە بەداهاتوویەکی باش ، بەم زووانە هەموو یەك دەگرینەوە...

+ تۆ دڵنیایت...؟

ـ بەڵێ " دڵنیام ، گەشبینبە بەرووداوی خۆش دێتە رێت ...

+من هەمیشە گەشبینم بەداهاتوویەکی باشـتر" گەرچـی بـارێکی قـورس داهاتبێتو تەمو مژ دنیای تەنیبێت، هەردەم چاوەڕێی بەیانی باشترم...

ـ متمانەداربە

+دڵنیابە..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەری خستەسەر سینەی مێردەکـەی‌و چـاوەکانی بـەدەم بیرکردنـەوەو ئەندێــشەوە هــەڵفڕی‌و خوازیــاری داهاتوویــەکی ڕۆشــن‌و ڕۆژگــارێکبوو بەدەربێت لەغەم‌و پەژارەو مەینەت...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 15

**سه‌** راپـای خـه‌ڵكی گونده‌كـه‌یان به‌جێهێـشت كـاتێ بۆردومـانی بنكـه‌و باره‌گاكانی شۆڕشگێڕان له‌نێو گوندو ده‌ره‌وه‌دا كرا...

شازادو هاوسه‌ره‌كه‌شی راهاتن له‌سـه‌ر بارودۆخه‌كـه دوای ئـه‌وه‌ی بـوون به‌هاوبه‌شـــی تـــاڵاوی ده‌رده‌ســـه‌ری‌و مه‌ینـــه‌تی رۆژانـــه‌ی خـــه‌ڵكی گوندنـشین...كـاتێكی زۆریـان لـه‌(قـۆپی)و شـوێنه ئـارام‌و عاسـیه‌كاندا برده‌سـه‌ر بـه‌هیوای دامركاندنـه‌وه‌ی بارودۆخه‌كـه‌و تـه‌واوبوونی بۆردومـانی گوند...

بۆمبه دوورهاوێژه‌كان به‌شێوه‌یه‌كی كوێرانـه داده‌بـارین به‌سـه‌ر گونـداو خه‌ڵكی بێتاوان‌و ماڵ‌و كشتوكاڵیان به‌رده‌كه‌وت بێ‌هیچ جیاوازییـه‌ك، گونـد چۆڵبوو له‌دانیشتوان به‌چه‌شنی لانه‌یه‌ك بایه‌قوش به‌سه‌ریا خوێندبێتی...

ئه‌و بارو دۆخه ئاڵۆزه جۆرێك له‌نائومێدی له‌ژیان دروستكرد لای كچه‌كه‌و هاوسه‌ره‌كه‌ی، له‌و رۆژه ره‌شانه‌دا به‌یه‌كه‌وه ساته تاڵه‌كانیان به‌شه‌وو رۆژو گـه‌رماو سـه‌رماوه ده‌برده‌سـه‌ر، ژیـان مانـا جوانـه‌كان‌و رازاوه‌یـی خـۆی له‌ده‌ستداو بوو به‌جۆرێك له‌وێڵی‌و سه‌رگه‌ردانی له‌بیابانێكی وشك‌و بێ‌ئاوا " یاخود به‌دووربوو له‌هه‌موو جۆره گۆڕانكارییه‌كی نوێ كـه‌وا بـه‌رگێكی نـوێ بپۆشێت...

هێزه‌كـانی رژێـم سـوربوون له‌سـه‌ر كۆتـایی هێنـان بـه‌بوونی كـورد به‌سه‌رجه‌م جۆره‌كانی له‌گونده‌كانداو له‌ناوبردنی یاخی بوونی شۆڕشگێڕانی په‌رش‌و بڵاوی ناوچه‌كه...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سـەرەتا شۆڕشـگێڕان ئازایانـە بـەرەنگاری هێرشـی گاردەکـانی ڕژێـم بوونـەوەو قارەمانێتیـان لەشـەڕێکەوە بـۆ یـەکێکیتر نوانـد" بـەڵام جیاوازییـەکی گـەورە هـەبوو لـەنێوان هـەردوو هێزەکـە لـەرووی ژمـارەو جبەخانەوە" بۆیە شۆڕشـگێڕان پـەنایان بردەبـەر ئێـران وەك سروشـتێکی هەمیشەیی‌و نەبڕاوەی بزافی کوردی ، بەم پێیەش چەند تیپێکی تایبـەتی پاسدار خۆیانگەیاندە ناوچەکەو پتر بارودۆخەکە ئـاڵۆزو شـێواوتربوو، ئـەو دەستێوەردانەش بێسوودبوو بۆ گوندنشینەکان‌و خەڵکی کوردستان، تاکە سـودمەندێك ئێـران‌و ئەجنـدەکانی بـوون کەلەپێگـەی فـراوان‌و بـەرینی قەرەداغ دا بڵاوبوبونەوە، هەر بەهۆی ئەوانەوە بارودۆخەکە خێراتر شێواو، تاریکایی باڵی کێشا بەسـەر ناوچـەکەداو ڕژێمـی دیکتـاتۆریش دەسـتپێکی نەخشەو پلانە دڕندەکەی ئەنجامداو گوندەکان بەچەن قۆناغێك راگوێزران‌و دانیشتوانەکەی ناچارکران لەسـەر ژیـان لەیەکـەی کۆمـەڵ نـشینی بـەدوور لەخزمەتگوزاری ئینسانی...

بـارودۆخی ناوچـەکە ڕۆژانـە روو بـەخراپی‌و شـێوان دەچـوو، ژیـان بـۆ گوندنشین‌و خەڵکی بەتاڵبوو لەماناکانی، هەزاران گوندنشینی دامـاو بـەزۆر لەزێدی باوباپیر راگوێزران‌و یاساغکرا لەسەریان جارێکیتر بچنە نێوی، ئەو ناوچانەش بەیاسـاغکراو نـاوزەدکران، ئـەم هـەنگاوەش تـاوانێکی گـەورەو مەترسیداربوو لەبەڵگەنامـە مرۆڤیەکانـدا دژ بـەکورد ئەنجامـدارو هـەوڵێکی رەگەزپەرستیبوو لەپێناوی ریشەکێشکردنی کۆمەڵگـەی کـوردی‌و پـەرت‌و کەرتکردنی...

سـتەمکارە یاخیبوەکـەی عێـراق فرمـانی بـۆ دەیـان تیـپ‌و یەکـەی سەربازی‌و جاش دەرکرد چاوپۆشی نەکەن لەوانـەی دەسـتیگردەکرێن لـەو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناوچانەدا، دوا بەدوای ئەوە هەستا بە پێكهێنانی سەربازگەی مەرگ كەوا دواتر بەسەربازگەكانی ئەنفال ناوزەدكرا...!

پاكتاوی كۆمەڵكوژ لەو ناوچانەدا دوای هێرش بردنەسەر كەركوك لەلایەن هێزی شۆڕشگێڕان بەیارمەتی ئێران دەستی پێكرد...دێوە دڕندەكە وروژاو بەهانەی خۆی وەرگرتو بڕیاریدا دژ بەمرۆڤی بێتاوانو مەدەنی تۆڵە بسێنێت...یەكەم پلەی نەخشەكەش لەبۆردومانی سەختی ئەو ناوچانەدابوو بەسەرجەم چەكو جبەخانەیەك بەتایبەت چەكی كیمیاویی... دواتر تیپو یەكەی تایبەتو جاش لەهەموولایەكەوە هێرشیان هێنایە سەر ناوچەكە، كێومالّیانكرد بەدوی مرۆڤی زیندووداو لەسەربازگەو هۆردوە كۆمەڵكوژەكانی توندكردن، ئنجا بەندی نێوان خانەوادەكانی لەبەریەك هەڵوەشاندو هەر ئەندامو رەگەزێكی روو بەسەربازگەیەك رەوانەكرد...

هێزی بەرگری هەرەسی هێنا لەبەردەم ئەو هێرشە دڕندانەی لەئاسمانو وشكانیەوە پشتگیری دەكرا، شۆڕشگێڕان بەرەو دوا گەڕانەوەو هەڵهاتن روو بەئێرانو، گوندنشینە داماوو بێچارەكانیان بەتەنیا بەجێهێشتن روو بەچارەنووسی مەترسیدارو مەرگاوی ببنەوە...

سەدان دیمەنی مەرگاویو مەینەت ئامێز ژانیان گەیاند بەدڵی كچەكە، لەكاتێكدا هەموو بەگێرهاتبوون لەنێوان (قۆپی)و گوندەكانیان ، ئەویش وەك چەندین هاوولاتیتر رازینەبوو دابڕێت لێیان گەرچی هەلی زۆری بۆ رەخسا ، دیدو بۆچوونی ئینسانی بیروهۆشی داپۆشیبوو ، هەرچەندە دووگیانبوو بەلاّم ئارامیگرت لەسەر تاوەژانی دووگیانیو چاكی مەردانەی لێهەڵمالّیو یارمەتی گوندنشینەكانیدا ، ترسی لەدڵو رووخساری منالاّن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەڕەواندوەو یارمەتیو هاوکاری پیرو پەککەوتەکانی دەکرد لەو ڕۆژە سەختو ڕەشانەدا...

جارێکیان دانیشتوانی گوند لەنزیك پەیکەری (نارامسین)بەگیرهاتبوون، کچەکە لەپەیکەرەکە وردبووەوە لەمیانەی ئەو پەیکەرەی بەشاخەکەوە هەڵکەنرابوو دیاردەکانی دەستەلاٌتی لەچەرخێکی دوورا بەدیکرد، دیمەنی مرۆڤە ملکەچەکان لەپەیکەرەکەدا کاریگەری هەبوو لەسەریو بیری بەلای هەزاران چیرۆکدا باریکرد...

"بێگومان شارستانی دێرین لێرە دەستی پێکردوە، دوای ئەوەی نارامسین هەڵهات لەبابلو دەستەلاٌتێکی پێکهێنا لێرەو دواییەکی ناخۆشی هەبوو...ئەوەتا تیاچوونو نەمان، بەتەنیا لەو شارستانییە چەن گوندێك بەجێماوە لەگەڵ پەیکەرێك بەڵگەیە لەسەر بوونیان بەر لەدووهەزار ساڵ پێش زاین یان بەڵگەیە لەسەر جەنگێك تێیدا نارامسین سەرکەوتنی بەدەستهێناوە...".

بەراوردیکرد لەنێوان هەردوو حاڵەکەداو ڕەشبینی لەئاسۆوە بەدەرکەوتو دواییەکی مەینەتاوی هاتە پێش چاو بۆناوچەکە، ئنجا غەمو پەژارەیەکی توند دایگرتو کۆمەڵی گوندنشینی ڕەنجبەرو ماندووی بەدیکرد لەریزی مردوو تیاچوانداو لەدڵی خۆیدا وتی: "رووبەکام چارەنووسی نادیار دەچین ؟ نازانم ئاخۆ مەینەتو دەردەسەری ئەم دیدو تێڕوانینەی پێداوین یا ئەو هەستەی لەنێو دڵو دەروونـدا کینگڵ دەدات ؟ هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوانیاندا گرنگ ئەوەیە هەست بەمەرگو نزیکی لێمانەوە دەکەین ...بۆچی پاکی ئاسمان نابینین لەگەڵ جوانی سروشتی ناوازە؟ داپڵۆسینو سەرکوتکردن مانا جوانەکانی تیابردوەو هەستی ناسکی مراندوین ...!!ئەی دەبێت چارەنووسی ئەو بێتاوانانە روو بەکوێ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بچێت...؟!یا ئەو منالە رەنگ هەڵبزڕکاوانە ؟ ئاخۆ هەموو بەکۆمەڵ مەرگ دەستەو یەخەمان بێت بێئەوەی هیچ کەس هەواڵو دەنگو باسێکمان ببیستێ؟ باشە دەبێ لەکوێ ئەسپەردە بکرێین ؟ ئەسپەردە ناکرێینو هەر ئاوا بەجێمان دەهێڵن هەتا لەشو لارمان لەلایەن درندەکانی ئاسمانو زەوییەوە دەخورێت...! !هەزاران هەزار مرۆڤ دەنالێنیو ژانو ئازار دەچێژێ بەهۆی بڕیاری یاخیبوویەكو دنیاش بەچاوێکی تیژ دەڕوانێو وشەیەکی ساردو سڕی بێبزاوت لەزاریان نایەتە دەرەوە ، ئەی مرۆڤ بەخوا تۆ بوونەوەرێکی بەدبەختو بێچارەی لەبوونو ژیان ، ژینت مەینەتو دەردەسەرییەو مەرگیشت بەدبەختییەکی هەتا هەتاییو بێکۆتایە...!باشە لەوپێناوەدا دەکۆشین ؟ لەپێناوی مانەوەدا ؟! مان چ واتایەکی هەیە گەر پڕ لەملکەچیو رسواییو دیمەنو رووداوە رەنگاورەنگەکان بێت ..!؟".

لەناکاو سەیرێکی رووخساری خەڵکیکردو هەستی بەئاهو حەسرەتکرد بۆتەمەنی بەهەدەرچوو کاتی بەتاڵ لەپیشەو کاری بێسوودو ئەو مەینەتانەی ماندوو شەکەتیکردوونو بێبەشبوون لەچێژ وەرگرتن لەژیان...

دیسان کەوتەوە لێدوان لەگەڵ خۆداو وتی: "ئەی داماوە بێ مافەکان رەنگو رووخسارتان دەربڕینێکی قووڵی ماناداری پێبەخشیم ، هەموومان لەنادیارێکی ونبوو دەترسین کەوا لەهەرساتو کاتێکدا رووبدات...!نازانین رادەی کاریگەری ئەو کارەساتەی بەرێوەیە ..!؟تەنانەت منالەکانیش دەترسن...!پیرەکانیش دیاردەی ترسان بەرووخساریاندا دیارە..سەدانجار بەم شوێنەدا تێپەڕبوون بەشێوەیەکی ئاسایی ، چێژتان لەدیمەنە ئەفسووناوییەکانی وەرگرتووە بەلام گرمەو نالەی تەقینەوەو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چرپەی ترس ئێستا جێگەی هەستی جوانی گرتوەتەوەو بەو بەدبەختییەی گەیاندوون...من لەئەزموونەکانی ژینمەوە فێربوم هەرگیز ناهومێد نەبم و بەردەوام تا دوایین سات بەرگری بکەم....تکام وایە لێتان مەترسن و ئومێد لەدەست نەدەن...مردن بەو حاڵەوە ناقۆلاو قورسە لەسەر دەروون...خەندەگرین و خوازیاری ژینێکی خۆشنوودبن..."

چاوی گێرسایەوە لەسەر مناڵە زارەترەکەکانی خۆیان نووساندبوو بەدایك و باوکی تۆقیویانەوە، گوێبیستی قیژەی ژن و منالأنبوو ، هەستی هاتە جۆش و دیسان لەناخەوە گوتی: "ئەی روحی رەوان و هەناسەی ژینم، ژین لێرەو لەم ساتەداوەختەدا بەتاڵە لەهەموو مانایەك، لای کێ سکالأی لاوازی و ستەمدیدەیمان بکەم...؟! تۆ ئاگاداری حاڵ و باری ئێمەیت ئەی مەزنی ئاسمان و زەوی " ئێمە لاوازو زەبوونەکانی سەر زەویین .."..

ئنجا مێردەکەی بەبیرهاتەوەو بەشێوەیەکی جیاواز تەماشایکردو تێڕوانینەکانی جیاوازبوو لەتێڕوانینی رابردوو بەدەنگێکی نزم وتی:

ــ گیانەکەم " ئومێدی دڵ و دەروون ئێستا هەست بەچیدەکەیت لەکاتێکدا هەموو مەینەت و ناسۆرییەکان دەچێژین و لەگەڵ مەرگدا لەکێشمەکێشمداین و جار جارە لەمپەڕاوپەڕەوە سەرمان لێدەر دەکێشێت؟!

کەمێك رۆچوو لەبیرکردنەوەداو وتی:

- هەست بەناهومێدی و شکست دەکەم، داوای لێبوردن دەکەم لەوەی تۆم روو بەهەمان چارەنووس کێشکردوە ...

بزەیەك گرتی و بە ئازایەتییەوەوتی:

- نەخێر" وامەڵێ..من لەگەڵ تۆدام لەهەر کوێیەك بژیت ، هاودەمی گەلە داماوو بێمافەکانی ژینم...دەمەوێت ناهومێد نەبیت ، ناهومێدی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەدبەختیو شکست دەخاتەوە، با هەردوو بەرانبەری ستەمو یاخیبوون بوەستینو دەستی داماوو بێنەواکان بگرین...

+تۆ زۆر مەزنتریت لەوەی من گومانم برد ...بەم شێوەیە بەرەنگاری دەکەیت؟!خانمەکەم" ئەی خاوەن ئامێزی گەرمو نیان، تۆی شاو ئێمەش هەموو بەردەستو خزمەتکارییین فەرمانت بەچییە ؟

ـ کاك شازاد ئێستا کاتی گاڵتەو رابواردن نییە !!

+بەلاّم تووخوا پێم بڵێ ئەگەر قوتاربووین لەمەرگو منالّمان بوو ناوی دەنێت چی؟

ـ هەرناوێك تۆ بەدڵت بێت ...

+من حەزدەکەم ئەگەر کوڕبوو ناوی بنێین (ژین)و کچیش (ژیان)...

ـ بۆچی ؟

+چونکە بەربەرەکانی مەرگ دەکەیت بەژیان هەرچەندە نزیکە لێمانەوەو ئەو دوو ناوەش واتای بەربەرەکانیو بزاوتو مانەوەیان هەڵگرتووە لەزمانی کوردیا، هەروەها مەزنترین بەربەرەکانیو لووت شکانی مەرگە...

ـــ پشت بەخوا سەردەکەوین بەسەریاندا... ئێمە زەبوونو بێدەستەلاّتین...

+بەو بۆنەیەوە وادەی منالّبوون چەنی ماوە؟

ـ کەمتر لە پانزە رۆژ...

+منالّەکەت دەبێتوو لەم ئاستەنگە قوتار دەبیتو دەچینە بارودۆخێکی باشو سەرجەم خەڵکی گوند بانگ دەکەینو ئاهەنگیش بەو بۆنەیەوە دەگێڕین...

ـ پشت بەخوا...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لـەم کاتــەدا بـیری "بــەهره"ی خوشـکی شـازادی کەوتــەوە کــەوا بــەر لەرێگیران سەردانی کردبوون‌و هەمان ئەشکەنجەی ئەوانی بەسـەرا هـاتبوو وتی:

ــ دڵـم بــە"بــەهره" دەسـووتێ...رێگـەگیراو نـەیتوانی بگەڕێتـەوە بـۆ سلێمانی...

+چارەنووسی خۆی...هەوڵێکی زۆرمدا بەڵام نەمتوانی رێگەیـەکی بـاش بدۆزمەوەو رەوانەی سلێمانی بکەمەوە...

ـ راستە...

+لێی نێزیك ببەرەوە...پشکێ لەو ئومێدەی خۆتی پێ ببەخشە...

ـــ خـــۆی ورەی بـــەرزە ، هـــەرگیز بێـــدەنگ نابێـــت‌و خـــەریکی نوکتەگێڕانەوەیەو دەمانخاتە پێکەنین...

لەمیانەی قسەکردنیاندا تەقینەوەیەکی گەورە روویدا، خەڵکی شـڵەژان‌و هاوســـەنگیان لەدەســـتداو هەریـــەك روو بەشـــاخێکی بـــەرزو لایـــەك هــەڵهاتن...دوای چــەن خولــەکێك دیــسان کۆبوونــەوە لەپەیکەرەکــەی نارامسین‌و یەکێك لەریش سپییەکانی گوند وتارێکی بۆدان‌و وتی:

ـ خەڵکینە " شۆڕشگێڕان بەجێیان هێشتووین‌و هـەڵهاتوون بـۆ باوەشـی ئاغاکانیـان، ئێـستاش بەتــەنیا رووبــەرووی چــارەنووس‌و بارودۆخەکــە دەبینەوە، گەر هەوڵ بدەین لەو هێزانە نزیـك ببینـەوە دەسـتگیردەکرێین‌و نازانین ئەوان چۆن مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن ، ناشتوانین بگەڕێینـەوە بـۆ گوندو لەژێر رێژنەی بۆردومانی وەحشیدا هەڵبکەین...!

یەکێك لەدانیشتوان هاواریکرد:

ـ ئەوانە ناپاك‌و ترسنۆکن...

یەکێکیتر وتی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ مەرگو تیاچوون بۆ ترسنۆکان...

ژنێکیش وتی:

ـ خوا تۆڵەی ئێمەیان لێ بکاتەوە...

دیسان وتاربێژی ریش سپی هاتەوە گۆو وتی:

ئێستا کاتی گلەیی‌و لێپرسینەوە نییە ، گرنگ ئەوەیە لەم ئاستەنگە دەربچین بەهەر شێوەیەك بێت...

ریش سپییەکی‌تر بەدوای ئەوی یەکەمدا هاتە گۆو وتی:

ـ گرنگ ئەوەیە چارەسەرێك بدۆزینەوە بۆ قوتاربوون ، رازی دەبن لەسەر خۆ بەدەستەوەدان؟!

دەنگە دەنگو قاووقیژ پەیدابوو کەس حاڵینەبوو ، وتاربێژەکە بەدەنگێکی بەرزوتی:

ـ تکاتان لێدەکەم خوازیاری چارەسەرین‌و بەم شێوەیە ناتوانین چارەسەر بدۆزینەوە...

هەموو پشتگیری گوتەی ریش سپیانکردو بێدەنگی باڵی کێشایەوە بەسەریانداو وتاربێژەکە بەیەکلایی‌و بەپەرۆشەوە وتی:

ـ کێ پشتگیری خۆبەدەستەوەدان دەکات با دەستی بەرزبکاتەوە؟ بەتەنیا پیاوان...!!

لەسەختی بارودۆخەکەو گەورەیی کارەساتەکە لەسەریان زوربەیان دەستیان بەرزکردەوەو وتاربێژی ریش سپی ئاهێکی هەڵکێشاو بەناهومێدییەوە وتی:

ـ بیر لەم هەڵوێستە بکەنەوە، چارەسەرێکی ترمان لەبەردەستدایە ئەویش رۆیشتە بەپێ نزیکەی نۆزدە کاتژمێرو گەیشتنە بەشاری کفری ئنجا بەنهێنی بچین بەرەو سلێمانی..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چارەسەری دوایی نکوولی‌و رەخنەی هەموویانی هاتەسەرو لەومیانەیەدا کچەکە پرسی:

ـ مامە گیان " رێگەی گەیشتن بەکفری دەستەبەرە یاخود ئەویش پڕ لەمەترسییە؟

بەهێمنیەکی تەواوو ریش سپییەکە وتی:

ـ ببورە مامۆستا هەموو رێگەکان مەترسیدارە...!

راوتەگبیری گوند پەرتەوازەبوو، بڕیارو دەستپێشخەرییان لەدەستداو شەوە تاریكو سەختەکانیان لە(قۆپی) بەسەر برد لەنێودارو ئەشکەوتو نزمایی چاڵو پێچ پێچدا ، هەرخانەوادەیەك بەتەنیا خۆی شاردەوەو بەپێی بڕیاری پیاوو بژێودەری جوولآیەوە...

گوندنشینەکان ماڵو کێڵگەو ئاژەڵەکانیان وەلاخستو هەوڵیاندا بەتەنیا سەریان لەم بەلآیە قوتاربێت...ناوچەکە بارودۆخێکی پڕ ناسۆری بەخۆیەوە بینی، رۆژی بەربەرەکانیو تەقو تۆقو گرمەبوو لەنێوان هەندێك لەو شۆڕشگێڕانەی رازینەبوون خۆیان بدەن بەدەستەوە یان هەڵبێن ، شەویش گوندەکانو ناوچەکە لەگۆڕەپانی خێوو دێوەزمەو مەترسی گەورە دەچوو...

ناسۆرییەکان ئەستۆی ئاژەڵو باڵندەکانیشی گرتبووەوەو ، گوندنشینەکان بەجێیان هێشتبوونو ئەوانیش توانای دابینکردنی نانو ئاویان نەبوو، هەندێك لەو ئاژەلآنە بێهودە دوای خاوەنەکانیان کەوتن، باڵندە ماڵیەکانیش لەژێر کاریگەری تینوێتیو برسێتیدا زیقە زیقو هاواریان پێکەوت ...خەڵکی بەکوڵ گریان لەئەنجامی ئەو کارەساتە گەورەیەی هاتبوو بەسەریاندا، بەجێهێشتنی زێدی باوباپیران زۆر قورسترە لەوەی مرۆڤ یەکەمجار پەی پێدەبات ، بەدرێژایی مێژووی کوردیش کارەساتو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناسـۆرییەکی گـەورەتری لـە راگـوێزانی گونـدەکان بەخۆیـەوە نـەدیبوو، سەرەڕای ئـەو کاریگەرییـە دوورانـەی ئـەم هەڵوێستە دروسـتیکرد لەسـەر کۆمەڵگەی کوردیو داهاتووی..

ئـــەم کــــارە وەك کوشـــتنی خــــودی کــــوردیو ئەســــپەردەکردنی وابوو...!!چیتر گریانو لاڵانەوەی بێسوودبوو، چەکمەبۆرەکانی رژێم روو بەگوندەکان پێشکەوتنو بـەر لەهـەر ماڵێك یـان بینایـەك مزگەوتـەکانیان رووخاند...!!تیپی جاشە چڵکاوخۆرەکان لەپێش ئەو هێزانەوە هێرشـیان بردو ماڵی کوردیـان رمـان بەسـەریەکداو دەسـتیانکرد بـە دەسـتگیرکردنی زینـــدوەکانو لەکۆمەڵگـــەی کۆمـــەڵکوژدا پاکتاویـــانکردن...ئـــەو هێـــزە تالأنـچییو داگیرکـارە دەسـتیگرت بەسـەر مـاڵو سـامانی گوندنـشینەکان لەئاژەڵ باڵندەو هەموو سامانێکی بەجێهێڵراوی نێو گوندەکان...

گوندەکان رۆژێکی رەشیان تۆمارکرد لەمێژوویاندا کـەوا پـڕ لەمەینـەتو ناســــۆریو بەدبــــەختیبوو...مــــرۆڤ بێهــــۆو تــــاوان مــــەرگباران دەکرا...!!خەڵکی ژیریو ئـەقڵیان لەدەسـتداو لـەترسو بیمـدا بلأوەیـان لێکردو کەوتنە نێو بۆسەکانی ئەمپەڕاو پەڕی ڕێگەو نێو گوندەکان...

ئاسوودەیی خانەوادەکان بەدەستگیرکردنیان پەرت پـەرتبوو...پیـاوان بەدیار چاوی ژنانو منالأنەوە دوورخرانـەوەو بەکێـشیانکردن، ژنـانیش روو بەچارەنووسێکیتر بەڕێیان کردن...

هیچ کەس بـڕوای نـەبوو ئـەو چارەنووسـەی بـۆ ئامادەکرابێـت لەلایـەن رژێمەوەو لەمێژبێت ئەو تاوانە لەپیلانێکی شەیتانیدا بەگەڕ خرابێت...هیچ کەس بڕوای نـەبوو لەیـەکێك لـەو کۆمەڵگـە پاکتاویانـەدا دوایـی بەتەمـەنی دێـــتو هاوســـەرەکەی یـــان کـــچو خوشـــكو ژنـــانی گوندەکـــەی زەوت دەکرێن...!رووداوەکـەیان بەچەشـنێکی ئاسـایی وەرگرتبـوو وایانـدەزانی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

برەپارەیەك دەخرێتە ئەستۆیان‌و ئـازاد دەكـرێن، یـان رژێـم لەیـەكێك لـەو كۆمەڵگەنشینانەی نزیك سلێمانی كۆیان دەكاتەوە، كەمترین ئەگـەری ئـەم رووداوە ئەوەیـە قوتـار دەبـن‌و ژینـی خۆیـان‌و خانـەوادەو خزمـەكانیان پارێزراو دەبێت...

بەڵام جیاوازییەكی گەورە هەبوو لەنێوان ئەو دووجۆرە بیركردنەوەیەدا، بیركردنەوەیەكی سادەی گوندنشین‌و بیركردنـەوەی رژێـم‌و نەخـشەو پلانـە شەڕەنگێزەكانی...!!

هاوولاتی بێزیانی گوندنشین یان هەركەسێك لەو ناوچـە گەمارۆدراوانـەدا بوایە دەستگیر دەكراو رژێمـی پاكتـاویی مـرۆڤ مـەرگی بەكۆمـەڵ دەڕشـت بەسـەریانداو، مێـژوو لـەو دەمـەیا لاپـەڕەكانی رەش رەش هەڵگـەڕابوون، كارەسـاتەكەش چـیرۆك‌و بەسـەرهاتی دڵتـەزێنی لـەخۆگرتبوو بۆئەوانـەی بەشـداربوون تێیـداو دژ بـەمرۆڤ‌و بونیـادە پیرۆزەكـەی پلانیـانگێڕا یـان بێدەنگبوون لەو تاوانەو بەهانەی بەتاڵیان بۆ هێنایەوە بەهیوای داپۆشینی لەبەر دیدی خەڵكی‌و خاوەن ویژدانە زیندووەكان...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 16

**به** یاوەری شازادو بەهرەو چەن خزمێکیان دوورکەوتنەوەو ماوەی دووکاتژمێرو نیوو بەڕێوەبوون، لەو کۆمەڵە پەرتەوازەو رارایە جیابونەوە...رایەڵەکانی خزمایەتی لەنێوانیاندا بچڕا، دوای هەوڵێکی زۆرو بەپێ رۆیشتن کەوتنە بۆسەی جاشەکانەوە، وەك نێچیرێکی دەگمەن‌و لاواز لەدارستانێکی دوورە دەست لەشارستان‌و مەدەنیەت دەستیان بەسەراگرتن...!!

ئەبلەق بوون بەدیتنی ئەو جوانە شۆخ‌و شەنگ‌و ناوازەیە، بێهیچ رامانێك ژنەکانیان لەپیاو جیاکردەوە، هەرچەندە شازادو هاوسەرەکەی هەوڵیانداو بەربەرەکانیانکرد بەلاَم بێسوودبوو " ئەوان بەتوندوتیژی جووڵانەوە لەگەڵیان...

ئەو لەگەڵ بەهرەدا بەکوڵ دەگریا ، دەنگیان بەقیژەو هاوارو لالانەوەو لاقەلاڤ بڵندکردبوە لەبەردەمیاندا...بەلاَم ئەو جاشانە کەمترین سۆزو بەزەییان لەدڵانەبوو، ئەشکە بەتینەکان‌و هەستە پەنگخواردوو دەربڕاوەکان کاریگەریی نەبوو لەسەریان...!!

هەردووچاوی شازادو پیاوەکانی تریان لەدواوە بەستەوەو پاش چەن خولەکێکی کەم لەبەرچاوی هاوسەرو ژنەکان دووریان خستنەوە...!

رووداوەکە بەچەشنی برووسکەیەك دابارى بەسەریاندا ، سەراسیمە گرتنی لەو رووداوەو بەلاقە لاڤو پاڕانەوە دەربارەی چارەنووسی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پیاوەكانیان پرسیاریانكردو بەرپرسی جاشەكان گاڵتەو قەشمەریی پێهاتو لەكچەكەو بەهرە نزیك بوەوە سەرسام بووی بەجوانیەكەیان وتی:

ـ ئەمشەو لای من میوان دەبن؟

ئاماژەیـەكی پـەنهانیكرد بـۆ دووپیـاو كـچەكەو بـەهرەیان بـرد بـۆ نێـو ئۆتومبیلەكەو دوو ئافرەتەكەی دیكەش روو بەئۆتومبیلێكیتر...

ترس‌وبیم داباری بەسەریانداو هەریەك دەستی ئەوی دی بەتوندی گرت ، شانیشیان بەیەكەوە نووساند...دەستیانكرد بـەدوعا خوێنـدن‌و پاڕانـەوە لەخوداوەند تا لەشەڕو خراپەی ئابڕوچوون بەدووربن...

ئۆتومبیلەكـە بـەخێرایی دەڕۆیـشت بـەڕێوە، دوای دووكاتـژمێرو چـەن خولەكێك لایدا لەپاڵ بنكەیەك لەسەرەرێگەیەكداو پاسەوانەكە هاواریكرد:

ـ دابەزن...

بەترسێكی رووخساراوییو تیشكێكی شاراوەی چاوەكانیان لەو جێگەیـە وردبوونەوەو ژن‌و خـەڵكیان تێـدا نـەبینیو ترسـیان پـتر بـوو...بـەرەقیو وەحشیەتێكی كەم وێنەوە دوو پاسـەوان بەكێـشیانكردن بـۆ نێـو بیناكـە، بێپێـــشەكی رووت روتیانكردنـــەوەو دوای ئاســـانكاریی بەرپرســـەكە زەوتیكردن...!!

بـەهۆی قورسـی رووداوەكـەو هاواروقیـژەو بـەرگرییان لـەهۆش خۆیـان چوون‌و بوورانەوە، شل شل بەسەر زەویداكـەوتن‌و جووڵـەیان تێـدا نـەماو، بـــەهۆش نەهاتنـــەوە تـــا بەسەرچـــوونی شـــەوو تێربـــوونی بـــەرپرس‌و كاسەلێسەكانی لێیان...!!

كاتێ بێداربوونەوە وەك شێت‌و هاریان لێهات‌و هەریەك هەوڵیدەدا لەش‌و لاری ئەوی دی بەدەست بشارێتەوە...!جاشە هەست مردووەكان پێكەنین پێیان‌و ژمارەیەكیتر ریزیان بەست دیسان زەوتیان بكـەن...پاڵیـان تونـد

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نابەیەکەوەو ئەو هەڵوێستەش بۆیـان وەك دێوەزمـەو خێـوێکی مەترسـیدار وابـوو ، چـاوەڕێبوون پـاش کـەمێك بـەئاگا بێـت لێـی...! !ژیریـان مـۆڵی بەستو ئەشکەنجەو ئازاری نێو لەشیان بەپرتاو پەیتا پەیتا سوێی دەبرد بەدڵیاندا ، بەهرە زۆر ترسا لە تەندروستی کچەکە پتر لەخۆی کـەوا شـقڵی کچێنی لەدەستدا بەدەستی ئەو بەرپرسە داوێن پیسو ناپاکە...بەتونـدی دەسـتیانکرد بـەگریان لەرووخـساری دڕنـدە نائینـسانیەکان وردبوونـەوە، بەهرە لەترسی براژنەکەی هاواریکرد:

ـ ئەی ناپاکینە ئەوداماوە دووگیانە...بـەو شـێوەیە دەمرێـت..! !ئـەی بەدرەوشـتە داوێـن پیـسەکان چـیتان پێخۆشـە لـەمنی بکـەن ، بـەلأم ئـەو لەسەرەمەرگدایەو دەمرێت...

بەشێوەیەکی سووكو رسوایی پێکەنین پێیو بەرپرسەکەیان پێی وتن:

ـــ بەســـە...جـــلو بەرگـــەکانیان لەبەربکەنـــەوەو بیانـــسپێرین بەسەرکردایەتی، شەوێکی خۆشمان بەسەربرد ، ئەگـەر حاڵیـشیان خـراپتر بوو ئەوان چارەسەریان لایە ، خێراکەن، خێرا...

لەماوەی چەن کاتژمێرێکـدا سـپاردیانن بەسـەرکردایەتی ، بارودۆخەکـە لەو سەربازگە گەڕۆکانەدا خراپتربوو لەشـوێنو جێگـەی پێـشوو...سـەدان ژنو منـــاڵ لـــەبارێکی نـــاقۆلأدا کۆکرابوونـــەوەو بـــەبیانووی پـــشکنینی تەندروستی لەجلو بەرگ داماڵرابوون ، یەکەیەکی بەرپرس خۆیانکرد بەنێو ژوورەکەداو بەچاوێکی بزو ناپاکەوە بۆیان روانینو شۆخو شـەنگو خـاوەن لەشو لاری جوانیان لێهەڵبژاردنو جیایانکردنەوە...لەنێو جوانانـدا بەهرەو کـــچەکەشیان هەڵبـــژاردو هەمووشـــیان لـــەبارێکی دەروونـــی ئـــاڵۆزو شێتبگیردابوونو گریـانو پاڕانـەوە یـا لـەهۆش خۆچـوونیان بێـسوودبوو، بەردەوام بوون لەسەر بەجێهێنانی کارەکەیانو جلوبەرگی پرزۆڵ پـرزۆڵو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دڕاویــان پێپۆشــین‌و تونــدیانکردن لــەئوتومبیلی تایبــەتی ســەر بەیەکــە تایبەتەکان...هیـچیان نەدرکانـد لایـان‌و بـۆنی دابڕانـی منـاڵ لـەدایك یـان خزم‌وکــەس‌وکار هــەڵبگرێت ، هەڵوێــستەکە ئەســپەردەکردنی ویــژدانی ئینسانی لەخۆگرتبوو " گەڕانەوەبوو بەرەو چەرخە رەشەکانی مێژوو ژینــی بێشەو جەنگەڵانە دڕنداوێکان...!

قیــژەو دەنــگ بەرزکردنــەوە لەئوتومبیلــە جوولاوەکــان پەیــدابوو، هــەر ئوتومبیلێك بەجیا رەوگەیەکی گرتەبەر، ژنانی یەك ماڵ‌و خزم‌و کەس‌و کار بۆیەك دەگریان‌و بێئاگابوون لەو هۆیەی کەدوای ئەو دابڕانەوە بوو ، تـاوی گریان بەکێرڤێکی بالآدا دەفری‌و رووخساری ناسـکیش بـەنینۆك ونجڕونجـڕ دەکراو، پـەتکە قژی لوول‌و خاوو درێژو کـورت بەدەسـتیانەوە رادەکێـشراو دەڕنرایەوە...!بەڕەقی‌و دڕندەییەوە دوو پیـاوی سـەر بەیەکـەی تایبـەت سواری ئوتومبیلەکەبوون‌و بەتوندی ژنەکانیان داگرتەوەو بێـدەنگیانکردن، بەچەشنێك لێیانـدان ئـەو بزاوتـە شـێتبگیرو هـاوارو قیژەیـەیان خەفـەکرد، بەلأم بەدەنگی نزم‌و بەشـێوەیەکی پـەنهان بـەردەوام دەگریـان بێ‌ئـەوەی کەس هەستیان پێبکات...!!

ئوتومبیلەکە بۆچەن کاتژمێرێك بەڕێوەبوو...پاشان لەسەربازگەیەکی‌تر لایداو دایان بەزاندن‌و تێکەڵ بەهۆڵێکی‌تریان کـردن کـەوا سـەدان ژنی‌تری لـەخۆگرتبوو...پیـاوانی یەکـەی تایبـەتیش پێـشیان کـەوتبوون‌و یـەکێك لەبەرپرسەکان نەڕاندی بەسەریانداو وتی:

ـ نامانەوێت تەنگ‌و چەڵەمەو کێشەمان بـۆ بخـولقێنن...لەبەرژەوەنـدی خۆتانە پارێزگاری لەهێمنی‌و ئارامی‌بکەن " گرنگ ئەوەیە بێ‌قەیدو شـەرت خۆتــان بــدەن بەدەســتەوە بێ‌هــیچ بەربەرەکانیــەك...ئێــوە کــەنیزەك‌و دەســتکەوتی جــەنگن دەقــی بڕیــاری دیــوانی ســەرۆکایەتیتان بەســەرا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جێبەجێدەکەن کەوا لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە ـ خوا بیپارێزێ ـ دەرکراوە...هەر بەرەنگاریو نکوولیەك لەیەکێکتان بوەشێتەوە ئەوا هەمووتان سزا دەدەین...!

هەولّیاندا بزانن حالّو باریان تاکەی بەو شێوەیە بەردەوام دەبێتو پرسیان:

ـ دەمانەوێت بزانین ئێمە دەستگیرو زیندانیین؟!

بەرپرسەکە دیسان نەڕاندی بەسەریاندا:

ـ بەلّێ " ئێوە کەنیزەکنو سەرجەم بڕیارو حوکمەکانی ژنانی کافرو هەلّگەڕاوەتان بەسەرا دەسەپێنینو ئێمە لەجەنگدا ئێوەمان دیلکردووەو حالّتان حالّی کەنیزەكو دەستکەوتی جەنگە...!!!

وتەکانی بەرپرسەکە هەوالّێکی پڕناسۆریو جەرگبڕی لەخۆگرتبوو سەبارەت بەکۆمەلّە ئافرەتێکی هاوسەردارو داوێن پاك ، مامەلّە کردن لەگەلّیان وەك کەنیزەك واتای زەوتکردنو فرۆشتنو سەرجەم رووداوە نائینسانیەکانی چەرخە تۆزلێنیشتوەکانبوو کەوا دەرهەق بەژنی رێزدارو ئازاد کرابوو کاتێ لەجەنگەکاندا دیلکرابوون...

ژنانی هۆردوی زەوتکراو حالّینەبوون لەمانای کەنیزەك بەکوردی کاتێ بەکرێگیراوە کوردییەکە بۆی وەرگێڕان ، بەتەنیا کچەکە تێگەیشتو بەخێرایی بیری روو بەجیهانێکی تاریك باریکردو، سەدان سالّ گەڕایە دواوە بەنێو مێژوودا هەتا لەچەرخی نوێوە بڕوانێت بۆ چۆنێتی گەڕانەوەی مێژوو بەدەرخستنی دەمارگیری هۆزوتیرەکانو، شۆڕشی کۆیلەکانو، فروشتنی ژنان بەرووتیو پێی پەتی لەبازاڕە مرۆڤ فرۆشەکاندا بەنرخێکی هەرزانو بێبەهاو، سووکایەتیکردن بەمرۆڤو بونیادە پیرۆزەکەیو چەندین رووداویتر شەرمەزاری مێژووی ئەو چەرخە رەشانە...!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاشان سواری ئوتومبیلی تایبەت کرانەوەو زوربەی ئەو ژنانە بیریان لەزیندانکردنی هاوچەرخ دەکردەوە، بەلأم کچەکە دەیزانی بەرپرسەکە مەبەستی لەوشەی کەنیزەك چییە " چونکە زۆری خوێندبووەوە دەربارەی چاخی نەفامیو قۆناغەکانی مێژووی ئینسانی...

"تۆ بلێی بەکام بیر سەرۆکی لەخۆباییو یاخی بیر بکاتەوە؟ لەمێژە کورد موسڵمانبووە " هەر لەدەمی یەکەمی ئیسلامەوەو خزمەت بە پەیامی پیرۆزی دەکاتو هەمیشە پاڵپشتێکی بەهێزبوە بۆ بەدەرکردنی زاناو سەرکردە مەزنەکانی رەوتی ژیانی نەتەوە یان گۆڕیوە ؟ ئەو هەموو مزگەوتەشی پەخشو بلأوبوەتەوە لەگوندو شارە کوردییەکاندا باشترین بەڵگەیە لەسەر باوەڕی کورد بەپەیامی ئیسلامو چوونە نێو ئاینی ئیسلام بەکۆمەڵ هەر لەو بەراییەوە کەبانگخوازە سەرەتاییەکان تەقەیان لەسنوورو دەرگای ولأتیان هەڵساند...!!

باشە چ گوناهو تاوانێکیان ئەنجامداوە هەتا ئەو یاخیبوە لەئیسلام بەدەریان بکاتو یاسای جەنگو ئایەتەکانی ئەنفالیان بەسەرا بچەسپێنێت..؟کوا زانایانی خاوەن ویژدانی زیندوو...؟!ئێوە لەکوێن ئەی روحی ژینو رووناکی کۆمەڵگە ، ناشێ ئەو یاخیبوە ویژدانو ئاینی بەنرخێکی کەمو خۆشییەکی کورتی دنیا لێکڕیبن ؟ بڕوانن ئەو فیرعەونە یاخییەی عێراق چی دەکات دژ بەگەلێکی موسڵمان لەهۆردوەکانی مەرگو زەوتکردندا...!؟

وا ژنان زەوتکرانو هەتکی ئابڕوویانکراو سەدان گوند بەپانتایی رۆژهەلأتو رۆژئاوا روخێنراو هەستا بەهەڵوەشانی بونیادی کۆمەلأیەتی نەتەوەیەکی موسوڵمان بەدیار چاوی ئێوەوەو بەئەندازەی تاڵە موویەکیش نەجوولأنو نەکەوتنەخۆ".

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەشمی خۆی قووتدایەوە دژ بەو مردوانەی لەشوێنی خۆیان بێجووڵەو نارەزایی بێدەنگبوبوونو هەستی کرد دڵی بەیەکدا دێتو سەری گێژی خوارد، هەستی بەژانێکی توندکرد بروسکەی لەرەحمی هەڵسانو لەگەڵیشیدا توند قیژاندیو دەنگی گریانی منداڵێك بیستراو بەهرەو دووژنیتر هەستان بەئەركو پێداویستی هەڵوێستەكەو نەیانزانی بەچی ناوکی منداڵەکە ببڕن ، یەکێك لەجەللادەکان حەربەیەکی گەورەی دەرهێناو ناوکەکەی بڕیو منداڵەکەشی گرت بەدەستێکییەوە لەدایکی دوورخستەوەو کچەکەش بەهەموو وزەو توانای خۆی قیژاندی:

ـ منداڵەکەم...ساواکەم...تکات لێدەکەم مەیبە...

ژنانی نێو ئوتومبیلەکەش پاڕانەوە لەجەللادەکە بەڵام وەڵامی نەدانەوەو فەرمانیدا بەشۆفێرەکەو دەرگای ئوتومبیلەکەی خستەسەر پشتو بەتوندی وەك تۆپێك یەك شەقی لێداو دوور دوور لەئوتومبیلەکەوە فڕێیدایە خوارەوەو هێشتا هەناسەی دەداو دەگریاو ئوتومبیلیش دوور دەکەوتەوە ، لەبیابانێکی چۆڵو تایبەت بەوجۆرە ئوتومبیلانەی گاردە تایبەتیەکان بەجێهێشت...

لەژێر ئەوبارەدا کچەکە تاساو بوورایەوەو دیسان ژنانی ئوتومبیل شانیانکردەوە بەگریانو جەللادەکان دەستیانکردەوە بەلێدانو بێدەنگکردنیانو دەمانچەیان لەسەریان توندکرد...بەهرە زۆر کۆشا وێڕای حاڵی خۆی بۆ هێورکردنەوەی براژنەکەیو توند توند باوەشی پێداکرد... هەوڵیدا بەهۆش خۆی بهێنێتەوە، جەللادەکان بێباکبوون لەرووداوەکە، دوا بەدوای ئەو رووداوەش شەو داهات بەسەریانداو ترس باڵی رەشی کێشا بەسەریانداو گوێیان لەسەگوەڕو دەنگی جیاواز جیاواز بوو لەنێوجەرگەی بیابانو جیهانی بەرینو ترسناکیەوە دەهاتە دەرەوە...!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئوتومبیلەکە لەبەردەم بینایەکی گەورەدا وەستا لەنێوجەرگەی بیابانداو دڕکەزێو پاسەوانییەکی ورد لەدەوری بەسترابوو، پـاش مۆڵـەت وەرگـرتن ئوتومبیلەکـە جـوولاو رووبـە نێـو بیناکـە رۆچـوو، بەرپرسـانی یـاوەریش فەرمانی دابەزینیان دا بەژنەکان...

بیناکە یەکجار گەورەبوو، لەدوو نهۆم دروسـتکرابوو، بەتایبـەت بـۆ ئـەو مەبەسـتە بنیـادنرابوو، ژنـان بـەریز لـەگۆڕەپانی بیناکـەدا ریزکرابـوون‌و بەرپرسی گشتی بەتێڕوانینێکی برسییەوە چاوی گێڕا بەسەریانداو بەیەکێك لەیاوەرانی وت:

- باش هەڵتان بـژاردوون...راسـت بلّـێین هـەموویان جـوانن‌و مەبەسـتی ئێمە بەجێدەهێنن...

دوای ژماردنیان فەرماندرا بەسەر چاودێرەکاندا دابەشیان بکـەن بەسـەر ژووره بـچووك بـچووکەکاندا، کـاری دابەشـکردنیش بـەخێرایی تـەواوبوو، هەرسێ ژن لەیـەکێك لـەو ژوورانـەدا تونـدکران کەلـەنیو مـەتر بەدەرنـەبوو دەرگاشیان لەسەر داخستن...

*          *          *

شـەوێکی بـشێوو نائارامیـان بەسـەربرد، سـەرەڕای ئـەو ئـێش‌و ئـازارو برینـدارەی سـەرەتای بەدبـەختی پـشوویان نـەداو خـەو رووی لەچـاوانیان نەکرد...

حاڵیان ئاڵۆزو خراپتر بوو لەرێگەوبانەکان، بێبەشکران لەهەموو مافێکی زیندانی، مامەڵەیەکی نائینسانیان لەگەڵ ئەنجامدان...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کـچکەکە لـەحاڵێکی نالـەبارو مەترسـدارابوو، دوای ئـەوەی مناڵەکـەی لەدایکبوو بەوباروذۆخەداو دەستبەجێ بەدەستی جەللادێك کـوژراو هێـشتا ژانی مناڵبوونی نەڕەویبوەوە...!!

هاوسـەنگی خـۆی لەدەسـتداو ورەی رووخـاو لـەو ژوورە خنکێنـەرەدا کـەوت، هەرچـەندە نەیـدەتوانیو قاچـی درێـژ بکـات یـاخود بەئاسـانی بجوولێتەوە...

بەهرەو ئەو کچەیتر زۆر یارمەتیانداو شەونخوونیان بەدیارییەوە کرد تا هێوربێتەوەو لەو حاڵە رووخاوو شکستبارە قوتاربێت...

شـەو بـاڵی تـاریکی بەسـەر قـەڵای تۆقێنـەرو ترسـدا راکێـشا، سـەدان ناسۆریو بەدبەختی بەدووی یەکدا قەتارەی بەست لەئاسۆوە ، هەریـەکێك لەو ژنانـەش غـەمو پـەژارەو ژانـی خـۆی هـەبوو لەودەمـەوە گوندەکـەیان کەوتبوە بەر پەلامارو بۆردومانو دەستگیرکردنو دابڕانی لەخانەوادەکەیو پاکتـاوی نێرینـەکان لەسـەربازگەکانی مـەرگو، زەوتکردنـی ژنـانو دەستبەسەراگرتنیان وەك کەنیزەكو دەستکەوتی جەنگ...

دڵی هیچکام لەو ژنانە روو بـەئارامی نەچـوو دوای بەسـەربردنی دووڕۆژ لەمامەڵـەی خـراپو نائینـسانی، چـاویان بەدروسـتکراوی نـاقۆڵای لـەمرۆڤ بەدەرکراو هەڵهێنا کەلەدڕندە کێوییە لمۆز خوێناوییەکان دەچوون...!

ئـەو جەللادانـە لەسـەر شـکانو رووخـانی بونیـادی مـرۆڤو پاکتـاوی پەروەردەکرابوون، ناقۆڵاترین یاخی بووی سەرزەوی‌بوون، قەڵای مەرگیش لەسەر تەرزی زیندانی نازیو رووسیەکان دروسـتکرابوو" ژوورە تەنگەبـەرو بچووکەکانی هیچ هۆکارێکی هاوچەرخی تێدا نەبوو لەکارەباو ئاو بەدرێژایی چەن رۆژێكو نەبوونی سەرپێشاو...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەموو ئەو هۆكارانـەش ئـەقڵی نـەخۆش‌و بیمـاری درنـدە بـەدیهێنابوو" ئەوانەی دەرچووی قوتابخانە داپڵۆسێنەرەكانی دنیابوون...

بنیادنـانی ئـەو زیندانانـەش لەناوچـەیەكی چـەپەك‌و دوور یـا نزیكـی لەسنووری سعودیەوە ماناو مەبەستی تایبەتی هـەڵگرتبوو..ڕووداوەكـانی نێو قەڵای مەرگ بەردەوام لەسەر ڕەوییەی خۆی دەچوو بەڕێوە...شـەوی ئەو قەڵایە پـڕ لەمەینـەت‌و بێـداری‌و تـارانی خـەوبوو، زۆرجـاریش هـەڵیان دەكوتایە سەر زیندانۆكەی بچووك‌و یەكێك لەو ژنانە دەكەوتنە بەر شاڵاوی جەللادەكان‌و ئەوجا شەو ڕەنـگ‌و بـەرگی دەگـۆڕاو هـاوارو قیـژە كـسپەی لـەدەروونی بیمـار هەڵدەسـتان‌و ژنـی دامـاوو ناچـاردەكرا خـۆی بـدات بەدەسـتەوەو دەمەوبـەیان دەیانگەڕانـدەوە بـۆ زیندانەكـەی دوای ئـەوەی تەواو پەرێشان بوبوو" جووڵەی بەئەستەم بۆ دەكراو جاری واش هەبوو تـا دووڕۆژ خوێنی لەبەر دەڕۆیی...

لەگەڵ بەدەركەوتنی گزنگی بەرەبـەیانیش مەینـەت‌و ناسـۆری لەهـەموو لایەكـــەوە دادەبـــارێ بەســـەر زیندانیەكانـــدا...بـــەرپرس‌و هاوكـــارانی هەڵدەسـتان بـەدەركردنی ئافرەتـان لـەژوورە تەنگەبـەرەكان‌و ڕووتیـان دەكردنـەوە لـەگۆڕەپانی قـەڵادا، خۆشـیان بەنێویانـدا دەگـەڕان‌و ورد ورد نیگای بزیان دەبڕییـە لـەش‌و لاریـان‌و ، نێـچیری شـەویان دیاریـدەكرد بـۆ گەشتی پڕناسۆرو هەوەسی شەیتانی...پاشان بەقامـچی‌و كێبـڵ بـەڕووتی دەیانجووڵانـدن‌و راوراوێنـی ئـەو گۆڕەپانـەیان پێـدەكردن...لـەنیوەڕۆژدا ناچـــاریان دەكـــردن لەسەرخۆشـــتن لەگۆڕەپانەكـــەداو بەرپرســـەكان بەدیاریانەوە دەوەستان‌و نیگایان دەچەقاندەسەریان، پاشان جل‌و بەرگی لەت‌و پەت‌و پرزۆڵاوییان پـێ دەپۆشـن‌و بەتـەنیا سـەمونێك‌و قومـەئاوێكی چڵكاویان دەدانێ ، پێش خۆرئاوابوونیش لەژوورە تەنگەبـەرەكانیان تونـد

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکـردنو یـەکی سـەمونێكو پارچـە پـەنیرێکی سـوێریان دەدانـیۆ هـەر ژوورێکیش قاپە ئاوێکی بۆگەنو پیسیان دەدایە...

زۆرجاریش ئافرەتی زیندانی ناچاردەکرا لەسەر خواردنەوەی میزی خۆی لەتینوێتیدا ، خۆ ئەگەر یەکێکیان دەستنیشان بکردایە بۆ شـەوی سـووری خـوێنین ئـەوا سـەموونێکی زیـادەو جامـە ئاوێکیـان دەدایـە وەك خـەڵاتو بەخششێك لەسەر خزمەتگوزارییەکانی...!!

ڕووداوەکان لەسـەر ئـەو تـەرزو بـارە چـوون بـەڕێوە...زۆریـان پـردی ئارامییان پساو نەیانتوانی خۆیان رابگرن لەسەر مەینەتیەکانی کۆیلایەتیو ژێر دەستی فەرمانڕەوای یاخیو بەرکۆشەکانی...

زۆرێك لەو ئافرەتانـە مـەرگ یەخـەی پێگـرتن پـێش ئـەوەی بگـەن بـەو قۆناغەی بۆیان دیاریکرابوو ، لەنێو تەپۆڵکە لمی بیابانـدا بەدرێـژیو پـانی ئەسـپەردەیان کـردن ، ئــەو قەڵایــەش یــەکێکبوو لەقــەڵاکانی مــەرگو لەنزیکــەوە دەیــان ســەربازگەو تــوونی مــەرگ داخرابــوو بــۆ قوربانیــانو کەنیزەکەکانی ئەنفال...!!

دوای تێپەڕبوونی بیـست ڕۆژ بەسـەر دەسـتگیرکردنیاندا کـچەکە هێـدی هێـدی ڕووداوەکـان لەسـەر دەروونـی جێگـەیان دروسـتکرد، ناسـنامەی عـەرەبی خـۆی شـاردەوەو لەنێویانـدا وەك نمانایـەکی زینـدوو بـەرەنگاری ناهومێدی لەبوون دەبویەوەو ، خـۆی نـەدا بەدەسـتەوەو قوتـاریش نـەبوو بەزەوتکردن چەندین جارو جوانی ناوازەی دەردەسەریو ناسۆری زیـاتری هێنایە ڕیۆ لەوانی دی...

جارێك لەگەڵ بەهرەدا دوا لەژوورەکەداو وتی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ ئەمانە هیچو پووچی کۆمـەڵن...حاڵمـان رۆژ بـەرۆژ خـراپتر دەبێـت ، هەموو جارێك کەناچارم دەکەن لەسەر کاری ناقۆلا واهەست دەکەم بەشێك لەمرۆڤایەتیم لەدەست دەدەم...

بەهرەش لەوەلامدا وتی:

ـ تکایە وامەڵێ " هـەموو هەماهـەنگینو لەوحاڵـەدا ، گـەر ئـەو بارەمـان لەخەودا ببینیایە ئەواشێتو هار دەبووین...! !بەلام من زۆر بیری دایکـمو کاکە شازاد دەکەم...!

کچەکە بەقورسی هەناسەکانی هەڵمـژیو ئـاهو حەسـرەتی پێوەدیـاربوو وتـی:

ــ دەسـتی شـکاوم بـۆ شـازاد...وێنەکـەی هـەرگیز لەئەندێـشەو بـیرم جیانابێتەوە...چەن شادمان بووین ، مەرگ بۆ ئەو دڕندە یاخیانەی هـۆی ئەم جەمە ناسۆرییو مەینەتەبوون...! !

خۆشەویستەکەم تۆ ئێستا لەکوێیت...؟!من ئالوودەی تـۆمو روحـم وا خەریکە لەجەستەم جیادەبێتەوەو گەر لـەدلا نەبویتایـەو شـەیدای دیـدارت نەبوومایە ئەوا ئارەزووی مەرگم دەکرد...

بەپەژارەیەکی بالاپۆشەوە بەهرە وتـی:

ـ براڕۆ ...براڕۆ...

+وامەڵێ تووخوا، مـن هێـشتا لەسـەر ئومێـدێکی کـوژراو دەژیـم...ئـەو ئومێدەم نەمێنێت خوازیاری مردنم یـاخۆم دەکـوژم...شـازاد سەرچـاوەی ژیـنو روحمـە..نـا...نـا...مـن هـەرگیز واپـەی نابـەمو شـتی وا بـەزارما نایەت...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەنێو حەژمەتی کارەساتەکەدا توند گریاو بەهرەش لەسەرهەمان تەرز هاوبەشی شیوەن‌و گریانبوو، ئنجا ئەو کچەی لەگەڵیان بوو لەهەمان ژووردا وتی:

ـ تکاتان لێدەکەم مەگرین‌و ، بەتەنیا بیر لەخۆتان بکەنەوە، گریان‌و شیوەن ئەم بارە سووك ناکەن لەسەرمان ، حاڵی ئێمەلەخانەوادەکەمان باشتر نییە...ئێمە لەهەموو ساتێکدا دەمرین‌و دەکەوینە نێو پێشهاتەکانیەوە، ئەو ئافرەتانەتان نەدی لەبیابان ئەسپەردەیانکردن، کەی ئێستا کاتی بیرکردنەوەیە لەمو لەو...تکاتان لێدەکەم من تەواو هەرەسم هێناوەو جەرگم شەقاربوەو بەتەنیا دەمەوێت هەر بیر لەخۆم بکەمەوە، چاودێری هەستی منیش بکەن...

گوتەکانی جێگەی خۆیان گرتو هەردووك بێدەنگ بوون ، بەلاّم کچەکە لەقوولاّیی بیرکردنەوەدا رۆچوو ، دوور لەسنوورەکانی مەرگ هەڵهاتو لەنەفسی خۆیدا وتی: "ئەی دڵداری ئازیزو رووناکی چاوانم ، لەگفتوگۆو یادکردنەوەی تۆو یادەوەریەکانمان ئازادنیم ، ناتوانم باسی نەرمو نیانی تۆ بکەم چەن ساتی خۆشمان بەیەکەوە گوزەراند ، هێشتا بەگەرمی شەیداو عاشقی تۆمو هەر وادەبم تا دنیا بەجێدەهێڵم ...بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەخۆشەویستی تۆدەکەمو لێبوردنت لێدەخوازم لەسەر ئەو بارەی تێیکەوتووم" دەستەلاّتی خۆمی تێدا نییە ...ئەمانە هیچو پوچەکان‌و فاشیستەکانی عێراقن‌و بەخوێنی بێتاوانەکان جەرگو دڵیان ئاورداوەو ، لەریزی مرۆڤایەتی بەدەرکەوتوون هەر لەوساتانەوە کەدەستیان بەخوێنی بێتاوانەکان سوورهەڵگەڕاو پلەوپایەکانی دەستەلاّتی یاخیبوەکەی بەغدایان پاراستو کەڵبەو دەستیان پێوەگرت...!

گەورەی پیرۆز... نهێنی مان‌و بزاوتی روح...!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

من سووتاوی خۆشەویستی تۆمو دیمەنت هەرگیز لێم دوورناکەوێتـەوە " گەرچی بەکەمی خەو دەچێتە چاوم بەلاَم خەوبەدیتننتـەوە دەبیـنمو نـازانم بۆ وەك جاران بەدیت ناکەم...!؟پێم بلّیّ گیـانی شـیرینم تووخـوا بەسـەر زیندووی یان ئەم دڕندانـە تۆیـان بـەجیهانێکی تـر گەیانـد...؟!! وەختـە شێت دەبم گەرشتی وا رووی دابێت شادی چیتر لای من هەلّنادات و بۆ هەتا هەتا لەدەستی دەدەمو هیچ هۆکارێکی جوان نامێنیّ هانم بـدات بـەردەوام بم لەسەر ژیان...

ئەی ئەوکەسەی خۆشمدەوێیتو بوویت بەشاسواری خەونـەکانمو خـۆت هاویـشتە نێـو پـەڕەکانی دلّ " دەمـەوێت بەدیـدارت شـادبم گـەر بـۆ چرکەیەکیش بێت...تکات لێدەکەم لەنێو ئەم شەپۆلە تیابـەرو تاریکانـەدا بەجێم مەهێلّە، لەدنیایەکدا تەنیام مەکە ئەو یاخیو دڕە مرۆڤانـە دەیبـەن بەڕێوەو خەلّکی بەفەرمانی یاخیەکی عاسی بەکۆیلە دەکرێت".

بەپەرۆشـەوە پـۆرترێتی شـەوە رەنگـاو رەنگـەکانی نێـوان خۆیـانی بیرکەوتەوەو وتی:

ـ ئـەی خۆشەویـست " لەیادتـە چـەن شـەوی ئـالّو والاَو جـوانو سـاتی ئـاوەدانو زینـدوو بەخۆشەویـستیمان بـەڕێکرد...!؟چـەند یـەکترمان لەئامێزگرتو خەونمان بەداهاتوویەکی باشەوە دی..؟!هێشتا لەسـەر ئـەو یادگاریانـە دەژیـم، هـانم دەدەن بـەردەوام بم لەسـەر ژیـان...هـەموو رووداوێکـی نێـوان مـنو تـۆ لەبیرمـدا دێـتو دەچـێت ، بـۆنی تـۆ دێـت بەسـەرماو، تـامی دەمـت چـێژدەکەمو، ماچـەگەرمەکانت تـاوم دەدەنو، هەستە نیانەکانو دەنگە هێواشو نزمەکەت گوێم دەهێننـە زرنگـە زرنـگو هەموو وابەستەیەکی تۆم پاراستوە بەزیندوێتی...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

راستە تۆ دەچیتەوە سەر رەگەزی پیاوان " بەلاَم تۆ وەك ئەوان نییـتو لەقورِو پیٚکهاتەیەکی ناوازە دروستکراوی...!!

ئەسـتەمە لام لیٚـت دابـبرِیٚم بـەلاَم مـن ئیٚـستا کـەنیزەکیٚکم...!! زەوترکراویٚك...!! بەفەرمانی ئاغـای یـاخی بـووم بەکـەنیزەكو مامەلَـەی ئەوانم لەگەلَدەکەن...ئازادیم لەدەسـتداوەو خـاوەنی خـۆم نیـیم..کـاتیَ بەدووی ئازادیدا گەرِام لای تۆ دیمەوە، بەلاَم مەخابن...!!هەر لەسـاتیٚکی کتوپرِی ناکاودا بەفەرمانیٚکی یاخی لەدەستمداو لەگەلَ ئەم ژنانـەدا کـراین بـە کـەنیزەكو ناچـارکراین ئـارەزووە شـەیتانیەکانی بوونـەوەرە سـووكو رسواکان تیٚر بکەین...!!

ئای لەدەست چارەنووسـیٚکی سـەیرو زەبـری رووداویٚکـی جـەرگبرِ کـەوا شـویٚنەوارەکەی هـەتا دوای مـردنیش دەمیٚنیٚتـەوە...!!ئـەم حـالَو بـارە شویٚنەواری بەدو خراپی لەسـەرم جیٚـدەهیٚلَیٚت گـەر لەمـەرگی ئـاوزەنگیش قوتـاربیمو هەمیـشە شـەوان چـنگو نینـۆکی دریٚـژو خـویٚنین لـەقوولاَیی جەستەم نوقم دەبیٚت هەرکات ناچار دەکریٚم خۆبـدەم بەدەسـتەوەو کـاری نارەوام پیَ ئەنجام بدەن...!!

ببوورە لەسەر درکانی ئو راسـتیانەو لەدەسـتدانی ئـازادیو ناچـارکردنم بەتەسلیم بوون ...ئومیٚدەواریـشم رۆژیٚـك لـەرۆژان بەیـەك بگـەین گەرچـی مەحالَە ئومیٚدیٚکی ئاوا بیٚتە دی".

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 17

دوای دەستگیرکردنی شازاد دەستبەجێ گواستیانەوە بۆ یەکەیەکی تایبەتی سەر بەجاشە کاسەلێسەکانی گاردە تایبەتیەکانی رژێم... خۆی سپارد بەچارەنووسو بەرەنگاری خورپە خورپو چرپەی ترس بویەوەو بەچاوێکی پڕ لەواتای بەرزی ماناوە تەماشایکردن، سەرباری مەترسیداری بارودۆخەکە وەك شاخێکی خۆڕاگربوو ، بێباکانە لەمردن ساتە مەترسیدارەکانی گوزەراند...

دەروونی خۆی هێمن هێمنکردەوەو هاوچەشنی خەڵکی دەستگیرکراوی خزمو کەسی لەو دڕندانە نەپاڕایەوە...بەدرێژایی ماوەی گواستنەوەی بۆ زیندانەکەی هەستێکی سەیر زاڵبوو بەسەریاو پێشتر ئەو جۆرە هەستە رووی تێنەکردبوو...

سەری سوڕمابوو لەو هەستەو لەچڵەپۆی سەرسامیدا چەن جارێك بزە بەبێهۆ رووی تێکرد...!!ئەو هەستە سەرجەم بونیادی داپۆشیبوو، دڵی لێوان لێوی ئومێدبوو لەگەڵ دوایی هاتنی چارەنووسی بەشێوەیەکی باش لەئاسمانەکان...!

سەرەتا نەیتوانی ئەو هەستە سەیرە باڵاپۆشە راڤەبکات، خۆی راگرتو چاوی بەرووخساری گوندنشینە دەستگیرکراوەکاندا گێڕاو پاڕانەوەی تیا بەدیکردن لەو جەللادە خوێنمژانە ، ئەو گوندنشینانەی بەنائومێدیو ترسنۆکی بەدیکرد ، بینی داوای بەزەییو سۆز لەکۆمەڵێك دەکەن لەبەرگی مرۆڤ چوونەتە دەرەوەو لەنێو دڕندە کەڵبە خوێناوییەکاندا گەورەبوونو،

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خوێندكاری دەستی نـابووترین سیـستمن لەمێـژووی عێـراق و ناوچـەكەدا ، ئیدی چۆن مرۆڤ رەچاوی سۆزو بەزەییان لێدەكات " لەكاتێكدا ئەودڕندانـە لــەو دەمــەوە چــوونەتە نێــو حزبــەوە گــەردن و ئەســتۆیان بەســەرۆكە خوێنینەكەی سپاردوە هەموو هەستە ئینسانیەكانیان لەدەستداوەو لەریزی تاوانبارو پیاوكوژدان...

چۆن خوازیاری سۆزو بـەزەیین لێیـان ، هەسـتی هێـز پـۆش و زاڵبـوون و بڕیاریان پێدەدەن! بۆچی ئارامیان لەبەر بڕاوەو تا دوایین جار بەرەنگاری نەبوون یان هەپروون هەپروونیان بكەن و هەستكردن بەشوورەیی و ناقۆلآیی رەفتاریان بكەن بەبەردا...!؟یا بەدرەفتارییان بخەنە روو بۆیان ؟! ئـەی بۆ ئەمەندە لەمەرگ دەترسن و سوورن لەسـەر ژینێـك كـەوا هـەموو سـات و رۆژو هەفتەو مانگ و ساڵێكی پارچە ئەشكەنجەو ئازارێكەو رۆژێك دانەهاتوە هەســت بەشــادی بكــەن تێیــدا" لــەو دەمــەوە ژینیــان لــەو ناوچــەیەدا گیرساوەتەوەو چارەنووسیان وابەستەی گەلەشۆڕشگێڕێكبووە دەوڵـەتانی خەشمگر لەكوردو كوردستان هەڵیان دەسوڕێنن و هـەنگاوەكانیان بێفـەڕو بەدكەڵكە بۆ سەرجەم دانیشتوانی كوردستان...!

لەلایەكی دیكەوە ژینیان لەدەستداوە لەدەمی سـەرهەڵدانی دەسـتەلآتی حزبـی فاشـی و باڵكێـشانی بەسـەر ژینـی سیاسـی و چەسـپانی بەرنامـەی خوێناوی بەسەر ولآت و ناوچەكەدا...!!

كـوا ژیـن ئـەو چـێژەی لـەخۆگرتووە ؟ مـرۆڤ هەسـت بەشـادی بكـات لەولآتێكدا جەللادە نەخوێندەوارەكان یاخود دۆڕاوەكانی كۆمەڵ بـەڕێوەی دەبەن" ئەوانەی رۆژێـك نـەبوو چـاوەڕێی چـاكە بكرێـت لێیـان بـۆ مـرۆڤ و كۆمەڵگە...!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو دۆڕاوانە بەهاوكاری هێزە دەرەكییەكان توانیـان پـاوانی دەسـتەلاَت بكـەن‌و چـرپە شـەڕەكانی نێـو دەروونـە داخـراو رەشـەكانیان لەشـێوەی رەفتـاری كـورت بـێن‌و شـۆڤێنیدا هێنایـە ئـاراوە...بـەهۆی مامەڵـە داپلۆسێنەرەكانی ئەوانیشەوە بـەلاَو كارەسـات بـاری بەسـەر ناوچـەكەداو عێـراق‌و مرۆڤـەكانی وێرانبـوون‌و خـاك‌و بەروبوومیـشی زیانیـان پێكـەوت‌و مۆركی ئەو رەفتارانەیان گرت ، كام رۆژ مرۆڤ هەستی بەرێزو شكۆ كـردوە لەماڵ‌و ولاَتیداو ترس نەبێت بەبار بەسەر دەروونـی بـەهۆی رووداوێـك یـان بڕیـارێكی یـاخی‌بوو و كاسەلێـسەكانی كـەوا هەموولایـەكی ئـەم ولاَتـەیان داگیركردوە...

لەژێر مەینەتیەكاندا مرۆڤی كوردیش شـەكەت‌و مانـدوو بـوو بەتایبـەت‌و باری مەینەت بەردەوام زیادیكرد لەسەری‌و دیاردەی شادی‌و خۆشی نـەدی لەهیچ حكومەتێك پادشایەتی یان كۆماری‌و ، ژینی روو بـە ئـالۆزی سـەری نایەوەو پتر ئالۆزبوو...!!

بۆیـە جێگـەی خۆیـەتی بـۆ ئـەو خەڵكـەی كەبـەم ئەزموونـە تالاَنـەدا تێپـەڕبوون خۆیـان وابەسـتەی مـان‌و ئومێـدی كـوژراو نەكـەن“ چـونكە ناسۆرییەكانی رابردوو رۆژرە رەشەكانی ژینیان هەردەم لەبەر دیدیاندایەو، داهاتوو هیچ كات باشتر نەبوە لەرابردوو ، وەك ئەوەی مەرگ‌و كاولكـاری‌و راگـــوێزان بەتـــەنیا لەســـەر كـــورد نووســـرابێت بـــەدەر لەنەتـەوەكانی‌تر...!؟تیاچـوون بـۆ ژینێـك مانـای هـەژاری‌و بەدبـەختی‌و نائارامی لەخۆ گرتبێت ، با ژینی ترس‌و دڵەڕاوكە كۆتایی پیٚ بێـت‌و حـاڵ‌و بارێكی‌تر رووی تێبكـات گەرچـی نـاوی مـەرگ‌و تیاچـوون‌و جیهـانێكی‌تری هەلگرتبێت...!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شـازاد بەتـەواوی بـڕوای بـەو دیـدو بۆچـوونە هـەبوو، گـوێی نـەدەدا بەچارەنووســی خــۆیو ئەوانەشــی لەگەڵیــدابوون، هەســتە ناکــاوو سەمەرەکەشی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەو دیدەیا" گەرچی لەدەروونـدا دڵـی دەسـووتا بـەژنو منـاڵو ریـش سـپی دیـلو هـەزاران دەسـتگیرکراوی نەتەوەکەیو بەقوربانی حزبەکانو رژێمی هەڕەمو داپلۆسێنەری دادەنانو هەڵەو خەوشەکانی رەفتاری نابەجێی شۆڕشیان هەڵگرتبوو...

دەستگیرکردنی هەزاران گوندنشینی دامـاو کاریگـەری بەسـوێی هـەبوو لەسەر دەروونی شازادو عەقڵی، ئـەو هـەنگاوە نـەفرەتلێکراوەی بـەکۆتایی هەڵوەشانی بناغەی کۆمەڵگەی کـوردی دانـاو پێکـانی مەبەسـتێکی گـڵاوو گەنـدەڵ بـوو بـەپیلانێکی پـیسو تونـد، ئـەو هەنگاوەشـی بەگوللەیـەکی رەحمـەت دانـا، گەرچـی ئـەو تاوانـە لێـرەو لـەوێ بەدەرکـەوتو بەسـەر لایەنەکاندا بەشێوەیەکی هاوتا دابەش بوو هەر لایەنەش بەپێی هاوبەشـیو بەشداری تێیدا...!!

ئەو هەنگاوە دوایی بەبونیادی ئەو گوندانە هێنا کەوا نزیکـەی دووهـەزار ساڵبوو رەگو ریشەیان داکوتابوو...جۆرەکانی ژیان بەهەموو رەنگێك کاڵ کـاڵ بـوەوەو تاوانەکـە شـێوازێکی جیـاوازی گرتـەخۆو تاوانێـك بـوو دوای جـەنگی جیهـانی دووەمو جـەنگی سـارد بەرەویـەکانی مێـژوودا تێپـەڕی تۆماربوو...دیکتاتۆریەتیش بۆ جیهان دەرکـەوت" بـەلاَم بێـدەنگی هـەموو لایەکی داپۆشیو دنیا نوست بەدرۆو فێڵو چاوبەست لەئانای ئەم تاوانەداو بەرگری نەکرد لەرێزو شکۆی مرۆڤ...

لەسـۆنگەی بـڕوای تـەواوی بەچـارەنووسو پێـشوازیکردن لەدنیایـەکی باشـتر شـازاد دڵنیـابوو بەچـارەنووسو مەترسـی تەوقـدراو، دوای ئـەوەی هەزاران گوندنشین دەستگیرکران بـەئوتومبیلی تایبـەت گواسـتیاننەوە بـۆ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بیابـانێکی دوورو چـەپەك ، هیـچکەس واپــەی نـەدەبرد رژێـم بـەو ئەنـدازە درِندەیەو حزبی فاشی ئەو بێتاوانانە بەو دەردە ببـات...بـیرو بۆچـوونیان بەتەنیا لەدەستگیرکردنی چەن مانگو سـالێك دەسـوورِایەوەو دواتـر ئـازاد بکرێن " بەلاّم سەرۆکی یاخیو نەخوێندەوارو بەرکۆشـەکانی درِنـدەتربوون لــەوەی گوندنــشینەکان بیریــان بەلایــدا بــاریکرد ، ئــەو ســەرۆکەی لــە شــەقامەکان گــەورەبوو دوور لــەئامێزی خانــەوادەو ســووربوو لەســەر تۆڵەسەندن لەمرۆڤو شکاندنی پەیکەرەکـەی، هـەموو ئەمانـەش لـەپێناوی رازیکردنی دەروونی نەخۆشیدا...!!

پاش بریِار دەرکردن ئوتومبیلەکان شەوو رۆژ بێوەستان بـەرێوەبوونو گوندنشینە بێتاوانەکانیان هەڵگرتبوو بۆ گلکۆی دواییانو هێشتا بەسەریش زیندوبوون...بەردەوام بەرێوەبوون هەتا گەیاندیاننـە لێـواری چـاڵە قـوڵو تەنگەبەرەکانو فرێیاندانو یەك بەیەك بێسۆزو بەزەیی گوللەباران کـرانو لـەنێو چـاڵەکاندا هەڵـچنران بەسـەر یـەکا ...ئـەو هەلۆیـستە هێمایـەکی شەرمەزاریبوو لەتەوێڵی مرۆڤایەتیـدا ، روحـە پـاكو بێگـەردەکان بـەرەو ئاسمــان هــەڵفرِینو شــەکوای حاڵیــان لای پــەروەردگارکردو درێــژەی رەشبکوژی بیابانێکی وشكو غەریبیان دەگێرِایەوە...!!

دوای فرێـدانیان بـەنێو چـاڵە قووڵەکانـدا شـۆفڵەکان کەوتنـە خـۆ بـۆ پرِکردنــەوەی چــاڵەکانو داپۆشــینی ئــەو تاوانــەی دژ بــە بێتاوانــان ئەنجامدرا...!!

لەماوەی چەند رۆژێکی کەمـدا ژینـی هـەزاران پیـاوو لاوو پـیر بەوشـێوە دڵتەزێنە کۆتایی هات...

شازادیش بەهەمان شـێوە دوایـی بەتەمـەنی هـات، لـەدوایین سـاتەکانی تەمەندا بزەیـەك گرتـی ، لەچـاوتروکانێکدا هاوسـەرەو دایـكو دانـە دانـەی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خانەوادەکەی هاتنە پێش چاو ، بەڵام لەناکاو هەستیکرد جەستەی هەیدی هەیدی سارد دەبێتەوە دوای بەرکەوتنی چەن گوللەیەكو فڕێدانی بەنێو چاڵی قووڵو پڕ لاشەدا...!!

وەك ئەوانی دی ماڵئاواییکرد لەژیانو غەمو پەژارەیەکی زۆری هەڵگرتبوو بۆ دابڕان لەخۆشەویسترین مرۆڤی ژیانی، دوا نیگاکانی مۆرکو مانایەکی فرە رەنگی لەخۆگرتبوو وەك ئەوەی بەزوبانی حاڵ بڵێت: "ئەی ناپاکانی عێراق ئێمە نامرینو هەر زیندووینو ، بالأین بەسەر ئێوەی دڕندەیاو ترسو تۆقاندمان بۆ هەڵگرتوون...

ئەی یاری شیرینم من ئێستا لەسەر لێواری مەرگم ، بەڵام بێباکمو ملکچەی ئەو تاوانبارانە نابم بەهیچ کلۆجێك...وا ئێمە بەکۆمەڵ دەمرینو بەرەو ژینێکی نەبڕاوە دەچینو ئەو دڕندانەش تەپو تۆزی شەرمەزاری لەرووخساریان دەسڕن...

دایەی شیرین" ئامێزی بەسۆزی مناڵیم...!

ئاخ...ئاخ...!!چەن ئەم ساتانە قورسن لەسەر دڵم بەهۆی خاڵیبوونی لەسۆزو بەزەیی ..!بەڵام دڵنیام بەگەڕانەوە بۆ ئامێزی گەرمو بەسۆز...

ماڵئاوا ئەی ژینی بەدبەختیو مەینەتاوی، ماڵئاوا ئەی سێبەرە رەشەکانی تاوانبارو دەست سووربووان بەخوێنی بێتاوانان...

ئەم تاوانە نیشانەی شەرمەزارییە لەنێوچەوانتانداو، خاڵێکی رەشی لاپەڕەکانی مێژووتانە، ژیانیش بەردەوام دەبێتو رۆژێك دادێت بێتاوانیمان بۆ جیهان بەدەر بکەوێت " ئەوجا سەرۆکو کاسەلێسە تاوانبارەکانی وەك خێو یا شێتو دڕندە لەشێوەی مرۆڤدا بەدەر دەکەون ...!!".

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەدرێژایی کاتژمێرەکانی شەو ئەو تاوانە گەورەیە ئەنجامدراو بەتەنیا ئەوانە دەرچوون کەلەیەکەم جاردا بەیارمەتی ویژدان زیندوەکان‌و بەمەترسیەکی زۆر هەڵهاتن...

* * *

هاوسەرەکەی لەخەودا شازادی بەجل‌و بەرگێکی سپییەوە بینی‌و روو بەئاسمان لەگەڵ هەزاران پیاوی هاودەمی هەڵدەفڕین‌و لەبواری بینین دووردەکەوتنەوە بەڕادەیەك تا بوون بە ئەستێرەی گەش‌و پرشنگدارو دنیاش بەسەرسامییەوە چاویان تێبڕیبوون...!!

بەدەنگێکی بەرز هاواریکرد:

ـ ئەی خۆشەویستەکەم...تکایە لێم دوورمەکەوەو لەبەردەستی ئەو دڕندانە بەجێم مەهێڵە...من تەنیام‌و چاوەڕێی بەدەرکەوتنی تۆم...

بێدەنگی باڵای هەڵوێستەکەبوو، وەلاٌم نەدرایەوە،وەك سروشتی رابردووی بزەگرتی، هاوسەرەکەی سووربوو لەسەر بیستنی دەنگی بەلاٌم بێسوودبوو، بەجووڵەیەکی ئاماژاوی تێیگەیاند روو بەژینێکی‌ترو جیهانێکی جیاواز دەچێت...هاوسەرەکەی بەتوندی دەستیکرد بەگریان بەهۆی لەیەك دابڕان‌و بەدەم ئەو حاڵەوە بەئاگاهات‌و سنگی سیخەسیخی پێکەوتبوو، دڵی جۆشی خواردبوو، ئەشکیش بەدووی یەکدا هۆن هۆن دەهاتە خوارەوە...ماڵئاوایی دڵدارەکەی‌و گەشتی دوایی بۆ دەرکەوت‌و بەدەنگێکی نزم وتی:

ـ ماڵئاوا ئەی خۆشەویست " ئومێدەواری هەمان چارەنووسم...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئنجا خەونەكەی بۆ بەهرەو كـچەكەی ژوورەكـەیان گێڕایـەوەو كـچەكەی هاوڕێیان وتی:

ــ خەونەكـەت تــەواوەو هــەموویان تیــابردوونو بــەبێوەژنو هــەتیوی بەجێیان هێشتینو نازانین چارەنووسمان بەدەستی ئەو شەیتانانەوە بەچی دەگات؟!

بەپەرۆشەوە بەهرە لەراستی ئەو هەواڵەی پرسی:

ـ تۆ دڵنیایت لەوەی دەیڵێیت؟!

+بەڵێ " یەكێك لـەو ژنانـە بـۆی گێڕامـەوەو وتـی: بەرپرسـەكە گاڵتـەی پێكردوم كاتێ وتم مێرددارمو وتی هەموویان تیاچوونو نەماون...!!

كچەكەو بەهرە بەكوڵ دەستیانكرد بەگریانو نائومێدیو رەشـبینی بـڕا بەبەریاناو هەستیان بەقورسی رووداوو كارەساتەكەكرد...

تروسـكەو رووناكییـەك لەدڵیانـدا نـەماو لـەنێو ئـەو شـەپۆلە تاریكانـەی ئەندێـشەو بـیرا ونبـوون، بیریـان پـەرتو بـەش بـەش بـوو، چارەنووسـی خۆشیان ونبوو بەدەستی ئەو فاشیە بێبەزەییو سۆزانەوە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# 18

**چا**رەنووسی هەزاران ئافرەت لەهۆردو سـەربازگەکانی پاکتـاوی کۆمـەڵ کـوژدا وابەسـتەی بڕیـاری یاخیبووەکـەی بەغـدابوو..لـەو سـەربازگانەدا مانەوەو دووچاری زەوتکردنو مامەڵەی دڕندانە هاتن...!چەند مانگێکیان بەسـەربرد لـەژێر کـەشو هـەوای بیابـانی ئـالۆزو مۆلـەقو ڕێژنـە لمـی دابـاریوواو لـەژووری ڕەقو سـارد کەلەئەشـکەوتی تاریـکو چـەتوون دەچوو...!

دەسـتەی بـەڕێوەبردنی زینـدان جـەنگێکی کوێرانـەی دژ بـەو ژنانـە دەسـتپێکرد " بـەهیوای رامکردنیـان لەسـەر کـاری بەدڕەوشـتی لەداهاتوویەکی نزیکدا...

بـەهۆی ئـەو فـشارانەوە دەیـان ژن شـێتبوونو جۆرێـك لەهـستریاو زەبزەبـەی شـێتیو حـاڵو بـاری دەروونـی مۆڵـەق لێیـدان...!ئومێـدیان لەدەستداو نیشانەکانی بێزاریو ناهومێدیو غەمو پەژارە بەرووخـسارياندا دياريداو بەشێکی لەژيانيان داگيرکـرد...!چـيتر هـاوارو قيـژەو لـەخۆدانو داوای سۆزو بـەزەیی کـەڵکی نـەبوو..!!لـەنێو گـرژیو رامـانێکی قووڵـدا نغرۆبوونو تاریکایی داهات بەسـەریانداو بـزەو خەنـدەیان هـەر هێمایـەکی شادیو چوستی ژینیان ونکرد...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پـيس‌و پـۆخلّى ژوورەكـان‌و بـارى ئـالّۆز تووشـى نەخۆشـى كوشـندەو درێژخايانى كردن ، لەگەلْ برسێتى‌و بێبەشى‌و هەستكردن بەسـووكايەتى‌و پيسى رووپاى پرزۆلّە جلى لەت لـەتو لـەش‌و لارى حـەلاّلّكراودا ڤـايرۆس‌و ميكرۆب‌و كێچ‌و ئەسپێ لەدايكبوون ، لەگـەلْ چـەندين زينـدەوەرى پـيس‌و بۆگـەن ...تەنانـەت رێگـەيان نـەدان بـچنە سەرپێـشاو لـەجارێك زيـاتر بەدرێژايى شەووڕۆژێك ، ئەو جارەش دەبـوو لەچـەن ساتێكدابێت‌و بـەديار چاوى برسى ئەو چاودێرانەى بەرامبـەر سەرپێشاوى ئـاوەلاّ دادەنيـشتن‌و ئافرەتيش نەيدەتوانى عەورەتى بشارێتەوە...!!

زۆرێكيـان هـەر نەدەچـوون بۆسەرپێـشاو لەترسـى ئـەوبارە ، خۆيـان رادەگـرت‌و لەژوورەكانـدا پيـسايى‌و ميزيانـدەكردو ژوورەكـانيش بووبـوون بەمۆلّگـەى پيـسى‌و ڤـايرۆس‌و جانـەوەرى پـيس‌و بـۆن‌و بـەرام دنيـاى جاڕسكردبوو...

نەخۆشـى ژمارەيـەكى زۆرى تيـابردن‌و ، بێبەشـكران لـەفرياگوزارى سەرەتايى‌و لەدەركى ژوورەكان بـەدەريانكردن روو بـەبيابان‌و بەزينـدوێتى زيندەبەچالّيانكردن" هێشتا ژانى نەخۆشى‌و كارەساتى پاكتاوو زەوتكـردن دنەى دەدا لەجەستەياندا...!

ناسۆرى ژنە زيندانيەكان گەيى بەپايان‌و زۆريان لىّ مردن ، ئنجا دوايـن ئەلّقەى شەڕ بەسترا لەدەوريان‌و لەديوانى سەرۆكايەتيەوە بڕيارێ دەرچوو بەفرۆشـتنى ژنـە جوانـەكان بـەولاّتانى كەنـداوو بانـدى لەشفرۆشـى رۆژهەلاّت...!!

چارەنووسى كچەكەو بەهرەش لەگەلْ باندێكى لەشفرۆشدا بـوو، بـەهۆى جوانى لەش‌و لاريانەوە نرخێكى بەرزيان پێدان‌و لەو بەرپرسە خێلّەكيەيان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کـڕین کەدەیویـست فرۆشـتنیان دوابخـات لەبـەر تێرکردنـی ئـارەزووی خۆی...!!

هەرکە گرێبەستی فرۆشتن دوایهات لەگەڵ چەن ژنێکی تـردا گوێزرانـەوە بۆ قەپاتمەخانەیەك لەیەکێك لەوڵاتانی...هەردووکیان بەسـەر زینـدوبوونو هەستیان بەخودو بوونیان نەدەکرد ، ویستو خوازیان لەدەستدا، لەورۆژە رەشانەدا قسەو دواندنیان کەمیکردو بەدەگمەن وشەیەك لەزاریان بهاتایەتە دەرەوە...!!

بازرگـانی لەشـفرۆش لـەژووری تایبـەتی ئوتێلێکـدا نیـشتەجێیکردنو سپاردنی بەچاودێری ژنە لەشفرۆشو سوزانیەکان...!!

دوای تێپـــەڕبوونی دوو رۆژ بەســـەر گەیـــشتنیان بـــەو ئوتێـــلو قەپەتمەخانەیـە بـەرگی سـوزانی هـەرزان بـەهایان پـێ پۆشـراو لەویستو ئیرادە بەدەرکرانو توانای رادەربڕینیان نەما، ناچاریانکردن بەئەنجامدانی کاری خراپ لەگەڵ ژنانی فرۆشراوی دیکەی سەربازگەکانی ئەنفالدا...!

لەناخدا سـووتانو گرِیـان تێبـەربوو" بـەهۆی ئـەو رەفتـارەو لەهەفتـەی یەکەمـــەوە بـــەهرە نەخۆشـــکەوتو لەیـــەکێك لەنەخۆشـــخانە بێخزمەتگوزارییەکانی باندی تاوانباردا روحی سپارد...

بەتـەنیا خـۆی مایـەو روو بەشـەپۆلی مەینـەتو ناسـۆری بـوەوە لـەنێو بازرگانە نوێکانی لەشو لاری مرۆڤدا...

تەنانـەت رێگەشـیان نـەدا بـەهرە ببینـێ دوای ئـەوەی نەخۆشـکەوتو بەتـەنیا تەرمەکـەی لـەدوورەوە بینـی کـاتێ لەسـندوقێك ئـاخنراو روو بەجێگەیەکی نادیار بەرێکرا...!

لەو رۆژەدا بـیری رۆژگـاری رابـردووی کەوتـەوەو بەیادەوەرییـە خـۆشو شیرینەکانی ، لەگەڵ خانەوادەکەیو شازادا، لەناکاو بیری دایکی کەوتەوەو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خرۆشاو لەرزە لەرزی پێکەوت، لەدووریشەوە رووخساری شازاد لەئاسۆوە دیاریدا بەجلوبەرگی خاکیو کراسی سپییەوە" لەوەدەچوو رۆژگار سەرلەنوێ بگەڕێتەوەو چەرخی فەلەك خولێك بداتو ساتی یەکەمینی نێوانیان بگەڕێتەوەو مەزنترین چیرۆکی خۆشەویستی لەنێوان دوو دڵدارا تۆمار بکات...

بیری هەموو ساتێکی خۆشی هاتەوە ، لەگەڵ وشەراستاڵەکانی نێوان دوولێوی ، خێرا منداڵە ساواکەی هاتە سەر ئەندێشەوبیری کەوا بۆ چرکەیەکی کورت رووناکی بینیو، چۆن ئەو جەللادە لەئوتومبیلەکەوە فرێیدا بەنێوبیابانی وشكو لماویدا هەردوای لەدایکبوونیو ، بوو بەپارووبەکی چەورو بەردەمی دڕندەکانی بیابان...!!

کام یاسای ئاسمانو زەوی رێگە بەتاوانو دڕندەیی ئاوا دەدات ؟!ئای چەن تامەزرۆبوو ئەو ساوایە لەئامێز بگرێتو بۆنی دڵداری شیرینی پێوەبکات، بەڵام دەستی تاوان درێژبوو هیچی بۆ نەهێشت دڵی پێخۆشبکات ، یان غەمو پەژارەی دابڕانو مامەڵەی رەقو دەستدرێژی سێکسی لەسەر سووك بکات...!!

ئای" لەگرانیو ئەستەمی ئەو رووداوە لەسەر دڵی...!!بوونی ئینسان چ واتایەکی هەیە گەر هاوتای سەدان ناسۆریو دەردەسەری بێت...؟!یا ژیان چ مانایەکی هەیە بەوشێوەیە؟!

لەپرسیارکردن دەربارەی ئەو باسە پڕوپووچانە وەستاو ئنجا دیمەنە یەك لەدوای یەکەکان خۆیان هاویشتە سەر شریتی یادەوەرییەکانیو ئەو کارەساتەی رووی تێکردن ریزبەندبوو بەدووی یەکاو بەئەستەم هەناسەکانی بۆ ئاڵوگۆڕ پێدەکرا ، لەناخی خۆیدا وتی: "هێشتا لەسەر یادەوەرییەکانی تۆ دەژیم ئەی ئازیز...خۆم بەبونیادێکی پیسو بۆگەن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەچوێنم ، بەلاَم روحم بەپاکی ماوەتەوەو ورەی بەرەنگاری ئـەو ناپاکانـە شەپۆلدەدا بەهەمان ویستی رابردوەوە رووبەڕوویان دەبمەوە...!".

لەئاوێنەکەوە تەماشـای خـۆیکردو جـوانی لـەش و لاری بـەدیکرد، بـەلاَم وەك جـاران هەسـتی بەشـادی نـەکرد، ئـاهو حەسـرەتی کێـشا بـۆ حـاڵی رابردووی و رقی لەو جەستە رووتو ئامادەکراوەی لەشفرۆشی بوویـەوە... بـەتێڕوانینکی گاڵتـەجاری و پـڕ لـەئاهو حەسـرەتەوە وتـی:"تـۆ هەمیـشە سەرچاوەی بەدبەختی منی ، چەن رقم لێتە " چونکە بووی بەخۆرەی ئـەو دڕندانەو وەك کەلاکێکی تۆپیوی فڕێدراوت لێهات ، ئای چەن رقم لێتە ئەی کەلاکە تۆپیوەکەم...!!".

پاشان لەو ژوورە وردبوەوە کەتێیدا نیشتەجێکرابوو" جێگەیەکی درێـژو ئاوێنەبەندێکی ئەمپەڕاو پەڕو چراخانێکی گەورەی لەناوەڕاستی ژوورەکەدا بەدیکرد، لەگەڵ دۆلاَبێکی ساجی گەورەو سەلاجەو چەندین شـریتی رووتو تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ...بـیری ناچـارکردنی لەسـەر کـاری سێکـسی کەوتـەوە لەگەڵ چەندین پیاوداو لەسەرباورحاڵی جیاجیاو کۆتکردنی ئازادی لێی بـۆ هـەتا هەتایـە...!!لەوماوەیەشـدا هـەرگیز بـیری لەهـەڵهاتن یـان داوای یارمەتـی و فریاگوزاری لەکەس نەکردبوەوە " ئەو پیاوانـەی تێکـەڵیان بـوە بێهەسـتو مەسـتو رسـواکانی کۆمـەڵبوون، چـۆن گـوێ رادێـرن بـۆ سـوزانیەکی سـووك و نـزم باسـێکی ئـاوا پـڕ مەترسـیان لا بکاتـەوە...!! خۆئەگـەر سـەرۆکی باندەکـەش بـەو قـسانە بزانێـت بەدەسـتی خـۆی لەگۆڕستانێکی نادیارو گڵکۆیەکی قووڵدا ئەسپەردەی دەکـات و، هیـچکەس هـەواڵو دەنـگو باسـی نابیـستێ...هـەموو رووخـسارو هاوولاَتییـە هەمەرەنگـەکانیش کـەوا تێکـەڵبوە لەگـەڵیان لەهـەمان رەگو ریـشاڵن و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بێمەبەستن لەژیانداو خۆشی کاتیو خەوتن لەپاڵ لەشو لاری نەرمو سپیدا دوا ئاواتیانە...!!

بەڵام هەردەبێ دەلاقەیەك هەبێت بۆ قوتاربوونو هاوارو ناڵەیەك لێوەی بەدەربچێتو بگات بەکەشکەلانی فەلەكو دنیا بهێنێتە جۆشو لەرزە...

بەدرێژایی هەفتەیەك بیریکردەوەو لەپەنجەرە بچووکەکەی ژوورەکەیەوە تەماشایکرد " منارەی مزگەوتێکی نزیکی بەدیکرد لەگەڵ پیادەکردنی خەڵکی بۆ ژیانیان بەشێوەیەکی ئاسایی، دیسان ئومێدی پەیداکرد بەهەڵهاتنو شوورەیی بردنی بەرپرسانی کۆمەڵگەی پاکتاوییو ئەو مامەڵەیەی کرا لەدژیان...

حەزێکی زۆر پاڵیان پێوەنا بۆ نووسینو دەربڕینی هەستی نێوناخی سووتاویو رووداوی توونەکانی مەرگی فاشیەکان...بەستە لاپەڕەیەكو قەڵەمێکی دۆزییەوە بەخێرایی قەڵەمی گرت بەدەستەوەو نووسی:

***بۆ ئەوەی کەمترین بەرپرسیارێتی لەئەستۆدایە بەرانبەر مرۆڤ...**

***بۆ خاوەن ویژدانی زیندوو، ئەوەی بەرگری دەکات لەمرۆڤو مافەکانیو کەسێتیو پیرۆزیی...**

***بۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەرۆژهەلاتو رۆژئاوا...**

***بۆ نەتەوەی عەرەبی رێزدار...**

***بۆ نەتەوەی ئیسلامیی لەرۆژهەلاتو رۆژئاوا...**

***بۆ نەتەوەکانی رۆژئاوای پارێزگاریکار لەمافی مرۆڤ...**

***بۆ جامیعەی ولاتانی عەرەبی...**

***بۆ دادگا نێودەوڵەتیەکانی تاوانبارانی جەنگ لەجیهاندا...**

**گومانم نییە لەسەراسیمەبوونتان لەو بانگهێشتەو داوای فریاگوزاریی لەرێگەی ئەم نامەیەوە...**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـەی خـاوەن کـەمترین هەسـتی بەرپرسـیارێتی " گاردەکـانی رژێمـی داگیرکار" ئەوانەی لەلایەن زوربەی ولآتانی جیهانو ناوچەکەوە پشتیوانی کـــران هەڵـــسان بـــەخاپوورکردنی گونـــدی ئـــاوەدان بەدانیـــشتوان لەکوردستان...

خەڵکی بەشێوەیەکی ئاسایی پیادەی ژیانی خۆیاندەکردو رازیبوون بەو ئاســـتە نزمـــەی بـــژێویان...شـــادبوون لەگونـــدەکانیانو زێـــدی باوباپیرانیـان...بـەلآم دەسـتی شـەڕو پیلانگێـڕ دەسـتبەرداری تـاوانو تیابردنی بێتاوانەکان نەبوو، گوندەکانی بەچـەکی یاسـاغی نێودەوڵـەتی بۆردومانکرد" بەتایبەت چەکی کیمیاویی...هـەزاران بێتـاوانیش ژیانیـان لەدەستداو هاوچەشنی ئەوان لەزێدو گوندیان ئاوارەبوونو لەکەمترین مافی دیاریکراوی بەڵگەنامەکانتان بێبەشکران...

خۆزگـە " لـەم ئاسـتەیا رووداوەکـان کۆتاییـان پێـدەهات " بـەلآم یاخییەکـــەی عێـــراق بڕیـــاری خـــاپوری گونـــدەکانو دەســـتگیرکردنی دانیـــشتوانەکەیو پاکتاویـــدان لـــەو ســـەربازگانەی بەئـــەنفال ناوزەدکران...وایدانابوو کورد بێباوەڕو یاخیین ، بۆیە خوێنو ئـابڕووی حەلآڵکردن...!لاوەکانی بەبێهیچ رامانو دامانێك گوللـەبارانکرد، دواتـر منالۆو ریشسپیەکان ...دوای ماوەیـەکی کـورتو دوایـی کۆتـایی هـاتنی چارەنووسی گوندنشینان بەو چەشنە دڵتەزێنە، گوندەکان رووخێنـرانو بـەروبوومو سـامانو مالآتیـان تـالآنکراو خۆشـیان بـەو چارەنووسـە خراپەگەیـــشتنو فرێدرانـــە چـــاڵی قـــوولۆ قـــوولۆو خـــاكو خـــۆڵکرا بەسەریاندا...!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بۆ تەواوبوونی ئەو تاوانەش یاخی بووەکەی عێراق بڕیاری زەوتکردنی ژنو کــچانی دەرکــردنو بەکــەنیزەكو دەســتکەوتو تــالآنی جــەنگ خەملآندنی...!**

**لێـرەوە چـیرۆکە مەرگاوییـەکان سـەریان هەڵـداو چـەرخی سـەربازگە نازییەکان دووبارە گەڕایەوەو ڕێزو حورمەتی مرۆڤ شکێنرا " زەوتکردنـی ژنانی مێردار یان کچی باڵغو نابالْغ هاتە کایەوە...!زۆریان لیٚ مرد بەهۆی دەسـتدرێژی سێکـسیو بـارودۆخی ناسـۆری ئەوزیندانانـەی لەهــەموو خزمەتگوزارییەکی پێویست بـەتاڵبوون...!!زۆریـشیان نەخۆشـکەوتنو لەبیابانداا زیندەبەچاڵکران...!!**

**دوای چەن مانگێك لەو تاوانە یاخیبوەکە بڕیاری فرۆشتنی ئەو ژنانەیدا بەدەوڵەمەندو باندەکانی لەشفرۆشی رۆژهەلآت...!!**

**لـەماوەی چـەن رۆژێکـی کورتـا بڕیارەکـە جێبـەجێکراو چارەنووسـی هەزاران ژنی داماو وابەستەی خەڵکی بیٚـسۆزو بـەزەییکرا، منـیش وەك عەرەبێك چارەنووس هەڵیدامە نێو ئەو بێنەوایانـەوەو هـەمان مەینـەتو بەدبـەختیو ناسـۆری ئـەوانم چەشــتو هاوســەری ژیــانو ســاواکەم لەدەستدا...!وێڕای بیٚبەشبوونم لەئامێزی خێزان بۆ هەتا هـەتا " هـەر بۆیە داواتان لێدەکەم بکەونەخۆ بۆ لێپرسینەوەو دادگاییکردنی تاوانباران " ئەوانــەی کــەمترین پەیوەنــدییان هــەبووە بــەم رووداوەوە بەتایبــەت یــاخیبووی عێــراقو ئەوانــەی بەشــداری ئــەم تاوانــەبوون بــەجۆرێك لــەجۆرەکانو ئێمــەش لــەکۆتو بەنــدی کۆیلایــەتیو ســووکایەتی قوتاربکەن...**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**لەودەمەوە بەکۆیلەکراوین ئەشکەنجەو ئازاری بێسنوور دەچێژین و، هێشتا هەر ئەوە حاڵمانەو پۆشاکی سوزانییەکانیان لەبەرکردووین لەقەپاتمەخانەیەك شەوو ڕۆژ خزمەت دەکەین...**

**زۆرمان بەهۆی نەخۆشی کوشندەی ژێر ئەم بارە گیانیان لەدەستدا...!**

**داواتان لێدەکەم شوورەیی و ئابڕووی بەشداربووانی ئەم تاوانە ببەن و ڕێزو شکۆ بۆ زیندوانی بریندار" ئەوانەی لە توونەکانی مەرگ قوتاربوون بگەڕێننەوە...!**

**با سەرکەوتووبێت ویستی ئازاد بەسەر کۆیلایەتی و ستەمکاراندا..باجیهانێك سەرکەوتووبێت کەیاسا نێودەوڵەتیەکانی پارێزگاری لەڕێزی مرۆڤ دەکەن دەبیات بەڕێوە...**

**ئیمزا**

**حەنان عەبدولسەلام**

**کچێك لەبەغداوە**

ئنجا قەڵەمی داناو، هەستی بەمەترسی ئەو هەنگاوەکرد نابووی و لاپەڕەکانی لەژێر جێگەکەدا شاردەوەو چاودێری باری ئوتێل و قەپاتمەخانەکەی کرد، دوایین شەوی لەو بارە ناقۆڵایەدا بەسەربرد، بڕیاریدا دەمەوبەیان بەو نامەیەوە ڕوو لەڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بکات یان ئەوانەی مەبەستیان ڕێزو شکۆی مرۆڤە یاخود ڕوو لە شەقامەرێی ئینسانی و شوێنی بەندایەتی " مزگەوت و کەنیسەو هەر ڕێکخراوو یەکەیەکی وابەستەی مرۆڤ بکات...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەستی بەئاسوودەیی دڵو دەروونکرد گەرچی ئەو شەوەش وەك شەوانی دی هەمان کاری ناڕەوای بۆ هاتەپێش ، بەلاّم بەهۆی هەنگاوی بوێرو ئاگادارکردنی کۆمەڵگەی ئینسانی بەو تاوانە شادمانبوو...

دوای هێوربوونەوەی قەپاتمەخانەو ئوتێلەکە لاپەڕەکانی گرت بەدەستییەوە، بەچەند هەنگاوێکی جێگیرو پەنهان روو بەدەرگای دەرەوەی بیناکەچوو دەرگاکەی کردەوە، ئنجا بەخێرایی لەو جیهانە شەڕەنگێزە هەڵهات، دوای چەن ساتێك شەقامەکانی یەك لەدوای یەك بڕی‌و بەپەرۆشەوە روو بەهەر رێکخراوو یەکەیەکی ئینسانی چوو هەتا درێژەی ئەو تاوانەیان پێ ڕابگەیەنێت...لەناخەوە یەکجار شادمانبوو بەوەی ئازادی بەدەستهێناوەتەوەو کۆتەکانی کۆیلایەتی شکاندوە...ئومێد لەدڵی دەچۆڕا بەزووترین کات بگات بەبەرپرسانی مافی مرۆڤ ...بەلاّم دەستی شەڕەنگێز هەروا دانەنیشتو توانی لەچەند کاتژمێرێکدا بیدۆزێتەوەو شوێن پێی هەڵبگرێت لەدووری چەن مەترێکەوە...پێبە پێ شوێنی کەوتن‌و دوای ناهومێدبوونیان لەدەستگیرکردنی بەئوتومبێل لێیاندا بەچەشنێك دەستبەجێ لەوێدا ژینی لەدەستداو لاپەڕەکانیش بەنێو هەوادا پەڕین‌و بەسەر زەوییدا بلاّوبوونەوە، بەخێرایی لاپەڕەکانیان کۆکردەوەو تەرمەکەشیان بەجێهێشت دوای ئەوەی دڵنیابوون لەمەرگو روح سپاردنی...!!

راستیەکانی توونەکانی ئەنفال ونبوو لەخەڵکی‌و تۆمارگەی تاوانەکان دیارنەمان ، لەو دەمەشەوە کەئەو رۆژانە پشتیان هەڵکرد شوێنەواری ئەو تاوانەو درێژەی رووداوەکان پێچرایەوەو هەڵگیرا، کەمێك لەقوتاربووان بەزیندوێتی مان‌و لەژێر ئەرکی بژێوی ژیاندا لێرەو لەوێ بەئەستەم رۆژیان بەڕێدەکرد...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەنفاليش بوو بەرووداوێكی رەش‌و مەینەتاوی لەمێژووی كوردا " بەوەی ساڵانە یادی ئەو بێتاوانانە دەكرێتەوە كەتیاچوون‌و پرسەو ماتەمینیان بۆ دەبەسترێت‌و باس لەكەسێتی‌و حاڵیاندەكرێت...

بەم پێیەش ئەو رووداوە بوو بەچیرۆكێكی بیستراو كەوا لەسەردەمی پێشوودا روویداوەو، رووداوەكانیشی لەتۆمارێكی تێكەڵ‌و پێكەڵ‌و ناقۆڵاو پڕ لەلاپەڕەی وابەستەكراودا نووسراوەو هەر لایەنێك خۆی بەدوور دەگرێت لێی‌و بانگەشەی پاكێتی‌و دەستپاكی‌و بەشداری نەكردن دەكات تێدا...!!!

"كۆتایی"

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com